گەبان

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

پابەند دەبین

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5976) سێ شەممە 21ی تەمموز 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

کۆبوونەوەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بەردەوام دەبن

سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە: لەسەر زۆرینەی ناوەندی ناوچە هاوبەشەکان و شێوازی کاری هاوبەش هاوڕاین

وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بەرگریی عێراق بە نێوانگیری هێزەکانی هاوپەیمانان لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لە هەولێر کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکەی دوێنێ دووشەممە چوارەمین دانیشتنیان بوو بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی هاوبەش بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان و ئەو ناوچانەی بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوانیان بۆشایی ئەمنیان تیادا دروست بووە. دوای کۆبوونەوەکەیش بەرپرسانی هەردوولا رایانگەیاند کە لێکتێگەیشتنی باش هەیە لە نێوانیاندا و کۆبوونەوەکانیان بەردەوام دەبێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

زانکۆی ئۆکسفۆرد دۆزینەوەی ڤاکسینێکی کاریگەر دژ بە کۆرۆنای راگەیاند

زانکۆی ناوداری ئۆکسفۆرد لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا دروستکردنی ڤاکسینێکی راگەیاند کە دەتوانێت بەرەنگاری ڤایرۆسی کۆرۆنا بکات. مالپەڕی BBCی بەریتانی لە هەواڵێکی بەپەلەدا ئاشکرای کرد کە ڤاکسینەکەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لەسەر هەزار و 77 کەس تاقی کراوەتەوە و ئەنجامی زۆر باشی بەدەست هێناوە. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پڕۆژەی دەقەری پیشەسازیی خۆراکی لە دهۆک دانا

مەسرور بارزانی: ناوچەی پیشەسازیی دهۆک بەرهەم و خێری بۆ هەموو کوردستانە



بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پڕۆژەی دەقەری پیشەسازیی خۆراک لە شاری دهۆک داندرا.

سەرۆکی حکومەت لە ڕێوڕەسمی دانانی بەردی بناغەی ئەو پڕۆژەیە گوتارێکی پێشکەشکرد و بایەخی فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی ئابووری بە بیر ئامادەبووان هێنایەوە و گوتی «لە دەستپێکی ئەو کابینەیەی حکومەت بەڵێنمان پێدان گرنگی بە کەرتەکانی دیکەی ئابووری بدەین و بە تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات لە کوردستان نەبەستین، بۆیە گەشەپێدان بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی، یەکێک لەو بەڵێن و بەرنامانە بووە، کە لە کارنامەی حکومەتدا هاتووە، ئەمڕۆیش خۆشحاڵم لێرەین بۆ دانانی بەردی بناغەی ئەو ناوچە پیشەسازییە لە پارێزگای دهۆک، کە بەرهەم و خێری بۆ هەموو کوردستانە».

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



7

«خەبات» بەدواداچوونی ورد بۆ دەرمانی فاڤیپیراڤیر دەکات

تایبەتمەندی فاڤیپیراڤیر لەوەدایە

ماوەی مانەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە کەمدەکاتەوە



6

بەچاودێری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران

دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەی بەستنەوەی وێستگەی کەسنەزان بە (هێڵی 132کەی ڤی)

6

کەرکووک.. حەشدی شەعبی بەتەمایە دەست بەسەر کۆنترین بازاڕی شارەکەدا بگرێت

14

خواستی گەشتیار و دیزاینی پڕۆژەکانی کاریگەری زۆریان بەسەر راکێشانی گەشتیاران هەیە

هەرێمی کوردستان.. ئەمڕۆ بڕیار لەسەر ڕێکارە نوێیەکانی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەدرێت

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە، کۆبوونەوەیەک لە تەلاری وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبچێت کە تیایدا وەزارەتی تەندروستیی و پارێزگارەکان بەشداربەن و هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی تەندروستیی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و شێوازی ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە دەکرێت و بڕیاری پێوستی لەبارەیەوە دەدرێت. لەمبارەیەوە پارێزگاری هەولێر، فەرسەت سۆفی رایگەیاندی: ئەمڕۆ سێشەممە، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی تەندروستیی، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و پارێزگارەکان کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی تەندروستیی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بکەن و بە دڵنیاییەوە بڕیاری پێویستی لەبارەیەوە دەدرێت.

کۆبوونەوەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بەردەوام دەبن

سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە، لیوا جەمال ئیمنکی:

لەسەر زۆرینەی ناوەندی ناوچە هاوبەشەکان و شێوازی کاری هاوبەش هاوڕاین

گوتەبێژی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی: سوورین لەسەر کاری هاوبەش و هەماهەنگی نێوانیشمان بەردەواممان دەبێت






وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بەرگریی عێراق بە نێوانگیری هێزەکانی هاوپەیمانان لە هۆڵی سەعد عەبدوڵلا لە هەولێر کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکەی دوێنێ دووشەممە چوارەمین دانیشتنیان بوو بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان و ئەو ناوچانەی بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوانیان بۆشایی ئەمنیان تیادا دروست بووە. دوای کۆبوونەوەکەیش بەرپرسانی هەردوولا ڕایانگەیاند کە لێکتێگەیشتنی باش هەیە لە نێوانیاندا و کۆبوونەوەکانیان بەردەوام دەبێت.

گوتەبێژی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند: کۆبوونەوەکە زۆر گرنگ بوو بۆ گۆڕینەوەی بیروڕاکانمان و هەماهەنگی لە هەموو بوارەکان، پێشتریش فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکان جەختی لە هەماهەنگییالای هەردوولا کردووەتەوە لەنێوان ئێمە و هێزەکانی پاسەوانانی هەرێم، ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر، ئێستاش سوورین لەسەر کاری هاوبەش و هەماهەنگی نێوانمان.

لیوا تەحسین خەفاجی لە ناوچەیەکی دیاریکراو ڕێککەوتن کراوە گوتی: هیچ ناوچەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵام هەماهەنگی و کاری هاوبەشی بەردەوامان دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و زۆر بواری گرنگیی دیکەیش هەیە کە پێویستی بە هاوکاری دوو لایەنەیە. گوتەبێژی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی ڕاشیگەیاند: کۆبوونەوەکان بەردەوام دەبێت لە نێوانماندا، ئەم کۆبوونەوانە گرنگ و پێویست و تەندروستن بۆ دڕێژەپێدان بە کارە هاوبەشەکانمان و بۆ ڕێگریکردن لە جموجۆڵی تیرۆریستان.

هەر لەو کۆنگرەیە ڕۆژنامەوانییەدا سوپاسالاری هێزەکانی پێشمەرگە، لیوا جەمال ئیمنکی ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەکەدا، دووبارە گفتوگۆکانی ئێمە لەسەر ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش بووە لەسەر ناوچە هاوبەشەکان و بازگە هاوبەشەکان و چالاکییە هاوبەشەکان، ئەنجامی کۆبوونەوەکەیش لە چوارچێوەی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا دواتر بڵاوەدەکەینەوە. لیوا جەمال ئیمنکی دەربارەی ئەوەی تاوەکو ئێستا لەسەر چی ڕێککەوتوون گوتی: تاوەکو ئێستا مەبدەئییەن لەسەر زۆرینەی ناوەندی ناوچە هاوبەشەکان هاوڕاین لەسەر شێوازی کاری هاوبەشمان هاوڕاین، ئەوەی دیکەیش کە ماوە قابیلی گفتوگۆ لەسەرکردنە و ماوەتەوە سەرکات، هەموو خاڵەکان تەواو دەکەین و ئەوکات ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر دەکەین.

کۆلۆنێل مایلز کاگنیز: هاوکاری سوپای عێراق و پێشمەرگە دەبین بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن



گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژبە داعش، کۆلۆنێل مایلز کاگنیز سەبارەت بە کۆبوونەوەی دوێنێ دووشەممەی نوێنەرانی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق لە هۆڵی سەعد عەبدوڵلا لە هەولێر ڕایگەیاند: ئەمە کۆبوونەوەیەکی گرنگ بوو کە لە هەولێر بەڕێوەچوو، ئێمە وەک هاوپەیمانان بۆ پشتگیری و هاوکاریی لێردەین و لە ڕووی هەواڵگرییەوە یارمەتیدەر دەبین بۆ لەناوبردنی داعش.

کۆلۆنێل مایلز کاگنیز گوتیشی: هاوکارییەکانی ئێمە بۆ لەناوبردنی چەکدارانی داعشە کە خۆیان حەشارداوە لە ناوچەکانی کەرکووک، مەخمور، قەرەچۆخ، دیالە و ئەو ناوچانە کە ناکۆکیان لەسەرە، کۆبوونەوەکەی دوێنێ لەسەر ئەو بابەتە بوو کە ناوەندێکی هەماهەنگیی لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە بەردەوامبین و داعش لەناوببەین.

گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژبە داعش، کۆلۆنێل مایلز کاگنیز ڕاشیگەیاند کە هێزی هاوپەیمانی هیچ ڕۆڵێکی سەرەکی لەم کۆبوونەوە و دیدارەدا نەبووە و هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بەڕێوەیان برد و گوتی: تەنها تیمێکی بچووکی هێزی هاوپەیمانان لێرە بانگهێشت کرابووین وەک میوان تەنانەت نە قسەمان هەبوو نە مایکیش دانرابوو کە قسە بکەین، تەنها میوان بووین و گوێمان گرت، بەڵام پێکەوە هەوڵدەدین بۆ لەناوبردنی پاشماوەکانی داعش.

کۆلۆنێل مایلز کاگنیز گوتیشی: بوونی ئێمە لێرە مانای ئەوەیە هەمیشە لە ئامادەسازیدابن بۆ پشتگیریکردنی هەردوولا بۆ لەناوبردنی داعش، ئێمە مافی ئەوەمان نییە بڵێین گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان گەیشتوونەتە کوێ، بەڵام ئەوە بزانن ئێمە بەردەوامین لە هاوکاریکردنی خەڵکی عێراق، ئێمە لێرەین بۆ هاوکاریکردنی خەڵک لە بەسرە هەتاوەکو دهۆک بۆ ئەوەی هەرگیز تووشی ڕووداوێکی هاوشێوەی دروستبوونی داعش نەبێتەوە جارێکی دیکە. گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژبە داعش دووپاتیشی کردەوە کە لێکتێگەیشتن لەنێوان سەرکردە سەربازییەکانی عێراق و هەرێم وادەکات کە زاڵبین بەسەر پاشماوەکانی داعش و بیانشکێنین و گوتی: لە 2014ـەوە ئێمە وەک هێزی هاوپەیمانان لە عێراقین و لەسەر ڕەزامەندی و داوای حکوومەتی عێراق ماوینەتەوە، لە چاوپێکەوتنێکی پلەبالای بەرز لەگەڵ مستەفا کازمی کۆبوونەوە و ستراتیجییەتی لێتێگەیشتنمان لەگەڵ عێراق هەیە و پەیوەندییەکانیشمان هەمیشە بەردەوام دەبێت و لە بەرەوپێشچوونداً دەبێت، بەدڵنیاییشەوە ئێمە وەک هێزی هاوپەیمانی کە لە چەندین وڵاتەوە هاتووین پشتگیری خەڵکی عێراق دەکەین و لێرەدەبین بۆ چاککردنەوە و گێڕانەوەی ئەو شوێنانەی داعش وێرانی کردووە.

هێمن هەورامی پێشوازیی لەشاندێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد



دوێنێ دووشەممە 2020/7/20هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لەشاندێکی فراکسیۆنی یەکێتی لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەرۆکایەتیی د.جوان ئیحسان و عێراق کراو جەخت لەسەر یەک تیمی و کۆدەنگیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی تایبەت بەهەرێمی کوردستان کرایەوە.

ئامادەبوونی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی دیوانی پەرلەمان بەڕێوەچوو، باس لە دۆخی تەندروستی و دارایی و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق کراو جەخت لەسەر یەک تیمی و کۆدەنگیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی تایبەت بەهەرێمی کوردستان کرایەوە.

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی لە یەکڕیزی و یەکدەنگیی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات. داواشیکرد پەرلەمانتارانی کورد لەئەنجوومەنی نوێنەران لە لیژنەکانیان هاوکارین لەگەڵ لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان.

لای خۆیەوە د.جوان ئیحسان تیرۆریستان.

هێمن هەورامی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی لە یەکڕیزی و یەکدەنگیی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەردەوام دەبێت لە نێوانماندا، ئەم کۆبوونەوانە گرنگ و پێویستن بۆ دڕێژەپێدان بە کارە هاوبەشەکانمان و بۆ ڕێگریکردن لە جموجۆڵی تیرۆریستان.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی بەو سەردانە، هیوای خواست هەماهەنگییەکانی نێوان سەرجەم فراکسیۆنەکان لە پەرلەمانی عێراق بەردەوامیان هەبێت و پەرلەمانی کوردستانیش وەک هەمیشە هاوکار و هەماهەنگ بێت لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

ڕوونکردنەوەیەک لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە

دەربارەی ئەو تۆمەتانەی کە گوایا کەسێک بە ناوی (دالیا مەحمود موسلیم) لە هەرێمی کوردستانەوە ڕادەستی تورکیا کراوەتەوە. بە پێویستی دەزانین ڕای گشتی ئاگادار بکەینەوە کە ئەم هەواڵە هیچ بنەمایەکی نییە بەڵکو هەوڵێکی چەواشەکارانەیە بۆ داپۆشینی ڕاستیی بابەتەکە.

دالیا مەحمود موسلیم ناسراو بە (ڤیان شەرڤان) دوای ئەوەی واز لە هێزەکانی یەپەژە دەهێنێت لەگەڵ چەکدارێکی دیکەی خەڵکی بەدلیسی باکووری کوردستان بەناوی (سەلام ڕەمەزان محەمەد ناسراو بە تولهەلدان) کە لە ڕێزەکانی یەپەگەوە بووە، پەیوەندی خۆشەویستی دروست دەکەن و هەردووکیان بەیەکەوە بڕیاری وازهێنان دەدەن و ڕادەکەن. سەلام ڕەمەزان لە ڕۆژی 2020/7/9بە ئاڕەزووی خۆی دەگەڕێتەوە تورکیا و پاشان دالیا مەحمود سالح بۆ پەیوەندی کردن بە سەلام لە ڕۆژی 2020/7/14بە قاچاخ دەچێتە تورکیا و دواتر لە شاری میرسین خۆی ڕادەستی پۆلیسی تورکیا دەکات. بۆیە هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە.

ڕاگەیاندنەکانی پەکەکە و هاوبۆچوونەکانیان لە جیاتی تۆمەت بەخشینەوە، هەقە ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن کە بۆچی خەڵک واز لە ڕێزەکانی ئەوان دەهێنێت و ئامادەن بۆ دەربازبوون لە هەڕەشەکانیان، لە ڕێگەی قاچاخ ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە. دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا ئامادەیی تەواوی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە دەردەبڕن. هەرێمی کوردستان وەک هەمیشەش بە پەناگەیەکی ئارام دەمێنێتەوە بۆ ئەوانەی ڕووی تێدەکەن و ئەم هەوڵە چەواشەکارانەیەش، هیچ کاریگەرییەکی نابێت لە سەر هەڵوێستی نەگۆڕی .

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان
2020/7/20

د. ئەحمەد سەفار:

بەغدا دەستی بە قەرزکردن کردووەو هەرێمیش بەشی لەو قەرزانە هەیە



بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ، بەغدا دەستی بە قەرزکردن کردووە بۆ مووچە و پشکی هەرێمی کوردستانیش لەو قەرزە هەیە، کە بڕیارە بۆ ئەمساڵ ڕێککەوتنێکی کاتی بکرێت بۆ ئەوەی هەرێم بەشێک لە نەوت و داهاتی خۆی بداتە بەغدا و ئەوانیش بڕێک پارە بۆ هەرێم ڕەوانە بکەن، لە ئێستاشدا تەنها لەسەر بڕی پارە ماوە بگەنە ڕێککەوتن، بۆ ئەوەی سالانە بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان بێ کێشە ڕەوانە بکەن.

مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی عێراق دوای ئەوەی پەرلەمان پرۆژەیاسایەکی پەسەند کرد بۆ ئەوەی بتوانێ قەرز بکات، لە ئێستادا دەستی بە قەرزی ناوخۆیی کردووە و هەشت ترلیۆن دیناری لە بانکی ناوەندی و حەوت ترلیۆنیشی لە بانکە ناوخۆییەکان قەرز کردووە، ئەمەش بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و خۆراکی مانگانە و دەرمانە و، بڕیاریشە پێنج ملیار دۆلاریش لە دەرەوە قەرز بکەن کە لەوەش 15٪ بۆ ئەو پرۆژانەیە کە وەستاون، بەڵام هێشتا ئەوەیان نەکردووە.

د. ئەحمەد سەفار ئەوەشی گوتووە: حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بەشی لەو قەرزانە هەیە، بەڵام پێویستە ڕێککەوتن لە نێوان هەرێم و بەغدا بکرێت و بڕیارە حکوومەتی هەرێم و بەغدا بۆ ئەو پێنج مانگەی ماوە ڕێککەوتنێک بکەن و دواتر ڕێککەوتنێکی دڕێژخایەن بۆ ساڵانی داهاتوو بکەن، بۆ ئەوەی بەردەوام کێشەکان دووبارە نەبنەوە. ناوبراو باسی لەوەش کردووە: بڕیارە حکوومەتی هەرێم بەشێکی نەوت و بەشێکی داهاتی ناوخۆ بداتە بەغدا و ئەوانیش

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پڕۆژەی دەقەری پیشەسازیی خۆراکی لە دهۆک دانا

مەسرور بارزانی: ناوچەی پیشەسازیی دهۆک بەرهەم و خێری بۆ هەموو کوردستانە

لە داهاتوودا بە بێ جیاوازی پڕۆژەی گەورە و باشتر لە هەموو کوردستان جێبەجێ دەکەین

دوێنێ دووشەمە 7/20/ 2020 بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پڕۆژەی دەقەری پیشەسازیی خۆراک لە شاری دهۆک داندرا.



دەوڵەمەندکردنی ژێرخانی ئابووری دەبێتە هێز و وزە بۆ هەموو کوردستان

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستخۆشی لە کۆمپانیای جێبەجێکاری پڕۆژەکە و وەزارەتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و هەموو ئەو وەزارەتانەی دیکە کرد، کە لە سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە و دامەزراندنی ئەو دەقەری پیشەسازییە، رۆڵیان دەبێت و گوتی "لە چەند رۆژی رابردوو ئەمە سێیەم پڕۆژەی ستراتیژییە دەستمان پێکردووە، دوایین پڕۆژەیش نابێت، پەنا بەخوا لە داهاتوودا پڕۆژەی گەورە و باشتریش لە هەموو کوردستان، بێ جیاوازی ئەنجامدەدەین".

سەرۆکی حکوومەت گوتیشی "دەوڵەمەندکردنی ژێرخانی ئابووری دەبێتە هێز و وزە بۆ هەموو کوردستان، بەرنامەی ئێمە ئەوەیە کوردستان بەرەو پێشکەوتنێکی گەورەی ئابووری بچێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەم حکوومەت بەرنامەی خۆی وەک بەڵێن دراوە جێبەجێ بکات، هەم لەگەڵ کەرتی تایبەت پێکەوە هاریکاربن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانە".

ئاماژەشی بەوەکرد، حکوومەت چەند بڕیارێکی داون بۆ ئەوەی گرنگی بە کەرتی تایبەت بدات، هەندێک بەرنامەشی هەن هاوبەشن، ئامانجیش ئەوەیە چاو و رزقی خەڵک لە دەستی خۆی بێت و چاوی لە دامەزراندن لە دامودەزگاکانی حکوومەت نەبێت".

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەکرد ئەو قەیرانەی بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، ڕێگەی لە حکوومەت نەگرتووە، پڕۆژەکانی جێبەجێ بکات.

سیاسی دامودەزگاکانی پاریزگای دهۆک و هەروەها پاریزگاری پێشووی دهۆکیشی کرد، کە لە بارودۆخی زۆر ناخۆشدا ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە ئیدارەدانی ڕەوشەکە و گوتی"دەزانین خەڵکی دهۆک زەحمەتییەکی زۆریان بینیووە، خەڵکی دهۆک دەرگایان بە ڕووی ئەو هەموو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەنابەرە کردۆتەوە، وێڕای ئەو توانا کەمەی لە بەردەستی پاریزگای دهۆک بووە، کەمتەرخەمی نەکراوە، هیوادارین لە داهاتوشدا بتوانین لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەغدا کار بۆ ئەوە بکەین ئاوارەکان بگەڕێنەوە ناوچەکانیان".

لە بەرامبەر ئەوەشدا، سوپاسی خەڵکی دهۆکی بە هەموو قەزا و ناحیەکانییەوە کرد و گوتی "ئەوە نیشانەی مرۆڤدۆستی ئێوەیە، نیشانەی دڵگەورەیی ئێوەیە، نیشانەی ئەوەیە پرەنسیپ و باوەڕی ڕەسەنی کوردایەتی لای ئێوە چەند ساغ و زیندووە".

خۆراگری و گیانفیدایی خەڵکی دهۆک و بەرخۆدانی دێرینی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی هەرێم و هێزەکانی دیکەی سوپای عێراق لە بەرامبەر داعش و تیرۆریستان، بە پاریزگاریکردن لە خەڵکی کوردستان، کە گیانی خۆیان بەخشی و کوردستانیان پاراست، بە بیرهێنایەوە و گوتی "ئەوەی ئەمڕۆ بەدەست دێت و دەیبینین، بەرهەمی خەبات و خوێن و زەحمەتی ئەوانە".

سەرۆکی حکوومەت ئەوەشی گوت "ئەو پڕۆژانە هێزێکی زیاتر بە حکوومەت دەبەخشێت بۆ ئەوەی ئێمە لە هەموو کەرتەکانی دیکەدا بەرنامەکانمان جێبەجێبکەین. بەرهەمی ئەو پڕۆژانە ڕەنگە لە کاتێکی نزیکدا بەدەستبێت، ئینجا دەردەکەوێت ئەو بەرنامەیەی حکوومەت بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەی داهات و جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژە ستراتیژیانە، بڕیاری دروستن".

لە کۆتاییشدا جارێکی تر سوپاسی هاوبەشتمانیان و دامەزراوەکانی حکوومەتی کرد، کە لەو قۆناغە سەختەدا کاری باش کراوە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دۆخە و پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان و خۆپارێزیی لە پەتای کۆرۆنا.

هەفتەی داهاتوو بە ئامادەبوونی وەزیرانی ناخۆ و پێشمەرگە پەرلەمان کۆدەبێتەوە



ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، هەفتەی داهاتوو بە ئامادەبوونی هەردوو وەزیری ناخۆ و پێشمەرگە، پەرلەمانی کوردستان لەبارەی دوو پرسی گرنگەوە کۆدەبێتەوە.

خەدیجە عومەر، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بڕیارە هەفتەی داهاتوو پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە و تێبینی دوو پرسی گرنگ گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، کە ئەوانیش بڕیتین لە تێکچوونی دۆخی ناوچە کوردستانییەکان و تۆپبارانکردنی ناوچە سنووربییەکانی هەرێمی کوردستان.

ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان گوتیشی: لەو کۆبوونەوەیەدا، بڕیارە هەر یەک لە وەزیری ناخۆ و وەزیری پێشمەرگە و وەزیری کاروباری هەرێمیش ئامادەبن و گفتوگۆ لەبارەی ئەو پرسانەوە دەکەین بۆ ئەوەی بزانین هۆکارەکان چین و ڕوونکردنەوەی پێویست بدەن. دەشڵێ: پێش ئەوەی کۆبوونەوەکە ئەنجام بدرێت، وەزیرەکان ئاگادار دەکرێنەوە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئاگادار بن و خۆشیان بۆ کۆبوونەوە ئامادە بکەن.

کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتی و جینین هینیس بلاسخارت لە بەغدا

ژمارەیەک ڕۆژەقی گرنگ و دوایین پێشهاتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران





فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە ڕۆڵی زیاتر بگێڕێت لە بەهێزکردنی پەیوەندییە هاوبەشەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدرال.

شاندی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەسەرۆکایەتی، ڤیان سەبری لە بەغدا سەردانی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین هینیس بلاسخارتی کرد و کۆبوونەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە کۆبوونەوەکەدا، ژمارەیەک ڕۆژەقی گرنگ و دوایین پێشهاتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان باس کراون.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش دراوە کە لە میانی کۆبوونەوەکەدا، شاندی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، سوپاسی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە لە نزیککردنەوەی بۆچوونەکان و پاڵپشتیکردنی لە بەردەوامیدان بە گفتوگۆکانی نێوان بەغدا و هەرێم بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێدراوەکانی نێوان هەردوولا بەجۆرێک کە لە بەرژەوەندی بالای سەقامگیری ئاسایشی هەرێم و بەغدا بێت. باس لەوەیش کراوە کە لە میانی کۆبوونەوەکەدا، شاندی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو ئاسایی ببێتەوە، جەختی لەوەیش کردەوە کە لە ڕاگەیەندراوەکەی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هاتووە، ئەو ڕاگەیەندراوەی کە ئەمڕۆ بڵاوکرایەو

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە داتا وەڵامی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ دەداتەوە:

هەبوونی شانە نوستووەکانی داعش رێگرە لەبەردەم نەگەڕانەوەی دانیشتوانی بەشێک لە گوندەکانی رەبیعە بۆ سەر زێدی خۆیان



رۆژی 19/7/2020 رێکخراوی هیومان رایتس ووچ راپۆرتێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی "هەرێمی کوردستانی عێراق: رێگا بە عەرەبەکان نادرێت بگەڕێنەوە" لەم راپۆرتەیدا باس لەوە دەکات کە لە چەند گوندێکی شارۆچکەی رەبیعە لایەنە ئەمنییەکان رێگا بە نزیکەی 1200هاوواڵاتی عەرەب دانیشتووی ناوچەکە نادەن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، لە هەمان کاتدا دانیشتوانی گوندە کوردنشینەکانی ئەو ناوچەیە بە ئازادی دەگەڕێنەوە.



د. دیندار زێباری رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی ئەم راپۆرتەی رێکخراوی ناوبراو رایگەیاند: لە دوای هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی پارێزگای مووسڵ و داگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەم ناوچانە ناچار بوون شوێنەکانی خۆیان جێبهێڵن و بەشی هەرە زۆریان رووبان لە هەرێمی کوردستان کرد و بەبێ جیاوازی پێشوازییان لێکرا و خزمەتگوزارییان پێشکەش کرا، دواتر لایەنە ئەمنییەکانی حکوومەت هەرێم بۆ پاراستنی گیانی ئەو هاووڵاتیانە چەند رێوشوێنێکی ئەمنیان گرتە بەر و بەشێک لە گوندەکانی ئەم ناوچانە کەوتنە سەرهێڵی تەماس و لەبەر شەڕ و پرۆسە سەربازییەکان نەتوانرا دانیشتوانەکانی بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان.

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەوەشی روونکردنەوە کە بە هۆی پرۆسەی ئازادکردنەوەی ئەم ناوچانە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، ناوچەکە بەگشتی بوو بە مەیدان جەنگ و ڕووبەڕووی وێرانکارییەکی زۆر بۆوە لە ئەنجامی هێرشە خۆکوژییەکانی تیرۆریستانی داعش و مینرێژکردنی ناوچەکە و بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان. هەروەها لە دوای هێرشی تیرۆریستان لایەنە ئەمنییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند رێوشوێنێکی ئەمنییان گرتە بەر بەتایبەتی لە بازگەکان بۆ رێگا گرتن لە دزە کردن تیرۆریستان و پاراستنی سەر و مااڵیان و رێگا گرتن لە شێواندنی ئەمن و ئاسایشی هەرێم، ئەم رێکارە ئەمنیانەش بەپێی رێنمایی تایبەت ئەنجامدراوە بەبێ جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکانی ئەم ناوچانە، زۆر جاریش بە هۆی ئەوەی بەشێک لە گوندەکان کەوتوونەتە سەر هێڵی تەماس رێگا نەدراوە خەڵکەکەی بگەڕێنەوە، چونکە ئامانجی سەرەکی ئەو رێوشوێنانە پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیانە.

هەبووە و داوایان لە لە هێزەکانی هاوپەیمانان کرد کە رێگا نەدرێت بە گەڕانەوەیان، چونکە دەبنە هۆی تێکدانی سەقامگیری ناوچەکە و زیندووکردنەوەی شانە نووستووەکانی داعش، هەروەها بەهۆی بوونی چەندین هێزی جیاجیا و هێرشی وڵاتانی ئیقلیمی بۆ سەر ناوچەکە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە شڵەژاوە.

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا دیندار زێباری رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێم گوتی: سەرەڕای ئەو رێوشوێنانە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا حکوومەتی هەرێم لە پەیوەندی بەردەوام دایە لەگەڵ پارێزگای مووسڵ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ بابەتی گەڕانەوەی خەڵکی ئەم ناوچانە بۆ سەر زێدی خۆیان و لەم رووەوە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێم رێنمایی تایبەتی دەرکردووە بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوە.

زۆمار کە بووە هۆی شەهید بوونی ژمارەیەک لە پێشمەرگە.

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی ئەوەشی روونکردەوە کە دانیشتوانی ئەم ناوچانە خۆیان رازی نەبوون بە گەڕانەوەی ئەوانەی پەیوەندییان بە تیرۆریستانەوە نەبووە.

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بەو گوندانەی کە لە راپۆرتەکەی هیومان رایتس ووچ ئاماژەیان پێکراوە دەڵێت: لە کاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش بەشێکی دانیشتوانی ئەم گوندانە هاوکاری داعشیان کرد و رۆڵیان لە تاوانەکانی داعشدا هەبوو، بۆیە دوای ئازادکردنەوەی ئەم ناوچانە رووبان لە سەنتەری مووسڵ و سووریا کرد. لە گوندی قاهیرە 37خێزان پەیوەندییان بە داعشەوە کرد و بەشێکیان کردەوەی خۆکوژییان دژی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان ئەنجامداوە. لە گوندی سوفییە زیاتر لە 20خێزان پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە لەوانەش خێزانی نەواف برجش ئەلشمەری کە وەزیری دارایی دەوڵەتی ئیسلامی بوو.

دیندار زێباری ئەوەشی خستە ڕوو کە لە گوندی سعودیە نزیکەی 70خێزان پەیوەندییان بە داعشەوە و سەرکردایەتی شەڕەکانیان دەکرد دژی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاشکراکردنی شوێنەکانیان، لە گوندی مەحمودیە زیاتر لە 80 پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە و بەشێکی زۆریان خۆکوژ بوون، سەبارەت بە گوندی شێخان بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەم گوندە یەکەم جار پێشوازییان لە هاتنی داعش بۆ ناوچەکەیان کرد و رۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە داخستنی رێگای نێوان پارێزگای دهۆک و ناحیە سیخوڕیکردن بۆ دەزگای هەواڵگری مۆسادی ئیسرائیلی و سی ئای ئەی ئەمەریکی و پێدانی زانیاری بە ئەمەریکییەکان لەبارەی شوێنی قاسم سولەیمانی. پێشتریش لە نۆی حوزەیراندا، گوتەبێژی دەسەاڵتی داوەری ئێران، غوڵام حوسێن ئیسماعیلی لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کردبوو کە مەجد لەبەرامبەر پارەدا، سیخوڕی بۆ دەزگای هەواڵگریی مۆسادی ئیسرائیلی و سی ئای ئەی ئەمەریکی کردووە و لەبارەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسداران، بابەتە سەربازی و ئەمنییەکانی ئێرانەوە زانیاری پێداون.



کەرکووک... بۆمبێکی چێنراو لە بەردەم بارەگای رێکخراوی بەدر تەقییەوە

تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە بەردەم بارەگای رێکخراوی بەدر لە گەڕەکی موسەڵاّ شاری کەرکووک، بریندارببوونی یەک مەدەنی لێکەوتەوە. بەپێی زانیارییەکان کاتژمێر 8و نیوی دوێنێ دووشەمە، بۆمبێکی چێنراو لەبەردەم بارەگای رێکخراوی بەدر لە گەڕەکی موسەڵاّ شاری کەرکووک، تەقیوەتەوە. بەهۆی تەقینەوەکەوە، ئافرەتێک بریندار بوو کە لەو کاتەدا بەو گەڕەکەدا تێپەڕیووە و دەستبەجێ گەیەندراوەتە نەخۆشخانە. لە تەقینەوەکەدا، هەروەها پێنج ئۆتۆمبێل و سێ خانووی دەروروبەری بارەگاکە زیانیان پێگەیشتووە.

ئێران.. لەسێدارەدانی کەسێک لە دۆسیەی کوشتنی قاسم سولەیمانی

ڕووسیا.. ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە کۆرۆنا 777هەزاری تێپەڕاند



دوێنێ دووشەمە ژووری ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە بەرنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا، لە راگەیەندراوێکدا ئەوەی خستەڕوو کە ژمارەی ئەوانەی گیانیان لە دەستداوە 85 کەس زیادی کردووە و گەیشتووەتە، 12هەزار و 427کەس، ژمارەی ئەو کەسانەیشی دوای تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ چاکبوونەتەوە، سێ هەزار و 258زیادی کردووە و گەیشتووەتە، 553 هەزار و 602کەس.

لە لایەکی دیکەیشەوە ناوەندی تەندروستیی مرۆڤ و خزمەتگوزاری پاراستنی مافی بەکاربەر لە راگەیەنراوێکدا ئەوەی خستەڕوو کە لە میانی 24کاتژمێردا، 259هەزار پشکنینی تایبەت بە ڤایرۆسەکە ئەنجامدراوە و ژمارەی ئەو پشکنینانەی ئەنجامدراون گەیشتووەتە، 25ملیۆن و 200هەزار.

سەرچاوەکە گوتیشی، بەهۆی زۆر بوونی تووشبووانی هاووڵاتیان بە پەتای ڤایرۆرسی کۆرۆنا کێشەی کەمی ئۆکسجین سەریهەڵداوە، ئەمەییش بۆتە هۆکارێک بۆ گیان لەدەستدانی نەخۆشەکان و زیاتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە، لە ئێستاشدا تووشبووان ژمارەیان ئەوەندە زۆر بووە خەریکە لە توانای پزیشکەکان و نەخۆشخانەکانیش دەردەچێت.

سەرچاوەکە گوتیشی داواکارم لە هاووڵاتیان بە باشی خۆیان بپارێزن بۆ ئەوەی تووشی کۆرۆنا نەبن، چونکە تاکو ئێستایش بەشێک لە هاووڵاتیان باوەڕیان بە نەخۆشییەکە نییە و گرنگی پێنادان، ئەمەیش بۆتە هۆکاری زیاتر بڵاو بوونەوەی پەتاکە و مردنی هاووڵاتیان لە شارەکەمان.

سەرچاوە گوتیشی تاکو ئێستا لە شاری کەرکووک 3082کەس تووشی پەتاکە بوونەو 1439کەسیش چارەسەر وەردەگرن لەنەخۆشخانەکان و لە ژێر چاودێری پزیشکدان و 1488کەسیش چاک بوونەتەوەو 155هاووڵاتیش گیانیان لە دەستداوە.


جێی باسە یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا لە 31ی کانوونی دووەم تۆمارکرا، هەروەها یەکەم حاڵەتی گیانلەدەستدانیش لە 19ی ئاداردا تۆمارکرا.

کۆرۆنا کەرکووک کۆنترۆڵ دەکات و نەخۆشخانەکانیش توانای وەرگرتنی نەخۆشیان نەماوە



ئارام شێرکۆ – کەرکووک

داستانی لێدانی بیرە نەوتەکانی زەمبوور لە دیدی (سەرۆک بارزانی)یەوە





ساسان دەرویش –هەڵەندا :

55ساڵ لەمەوبەر لە 7/21 1965 دەستەیەک لە شێرە کوڕانی شاری سلێمانی هەڵمەت و قوربانی لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هەڵگرانی چرای بیری ڕووناکی کوردایەتی و پارتایەتی بەسەرپەرشتی شەهیدی سەرکردە محەمەد دەرویش نادر رادەسپێردران بۆ چالاکییەکی مەزن و ئەوەبوو گورزێکی کەموێنەیان لە بیرەنەوتەکانی زەمبوور وەشاندو سەرکەوتنێکی گەورەیان بۆ شۆڕش تۆمارکرد و ئەو نامەیەیان گەیاندە دوژمن کە دەستی پێشمەرگە دەگاتە هەموو شوێنێک، بەم چالاکییەش دەنگ و سەدای شۆڕش و هێز و بازووی پێشمەرگە گەیشتە نێو ئاژانەکانی جیهانیەوە.

سەرۆک بارزانی لە دیدی خۆیەوە بۆ ئەم داستانە لە لاپەڕە 191ی پەرتووکی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" بەرگی سێیەم سەرۆک بارزانی دەڵێت: ساڵی 1965و ساڵی دواتر لە ساڵە تاڵ و قورسەکانی تەمەنی شۆڕشن، لەم ساڵەدا زۆر شەڕی سەخت ڕوویداوە و سەرکەوتنی مەزنیش وەدەست هاتووە، هەر لەم ساڵەدا سەرکردایەتیی شۆڕش لە ناوچەی پشدەرەوە گواستیەوە بۆ ناوچەی باڵەک و کردی بە بارەگای خۆی تا نسکۆی 1975پاش بڕانی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکوومەت هەردوولا خۆیان ئامادە دەکرد بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ، هەروەها لە هەمان پەرتووک و لاپەڕە لەژێر ناونیشانی کردەوە گەلەکەی زەنبوور دەنووسێت: مەبەست لەم کردەوە گەلە، یەکەم پارچە پارچەکردنی هێزە نیزامییەکان و ناچار کردنی سەرکردایەتییەکانیان بوو کە بەناوچەگەلێکی بەربلاو و لەیەک تەرا کەوتوودا بڵاوەیان لێ بکەن و نەهێڵن لەیەک بەردا کۆبکرێنەوە، دووەمیش هەڕەشەکردن بوو لە ئابووریی حکوومەت بە لێدانی دامەزراوەکانی نەوت بەمەبەستی ناچارکردنی حکوومەت کە هێزێکی پارێزگاریی گەورە بۆ ئەو دامەزراوانە تەرخان بکات و، وەک ترساندنێکی کۆمپانیای نەوتی عێراقیش وابێت. مەفرەزەیەک پێشمەرگە بەسەرکردایەتیی محەمەد دەرویش نادر بەدزە دزە خۆی گەیاندە دامەزراوەکانی نەوتی زەمبوور و لێیان دا، ئەم کردەوە گەلە کارێکی گەورەی کردە سەر بەغدا و حکوومەتی ناچارکرد دوو فەوج سەرباز و نێزیکەی هەزار جاش لە مەیدانی شەڕەوە ڕاکێشێتەوە و تەرخانیان بکا بۆ پارێزگاریی ئەو دامەزراوانە.

هەروەها جیاواز لەو نووسراوەی سەرۆک بارزانی، لە پەرتووکی "سیمای شەهید محەمەد دەرویش نادر لە ئاگری زەمبووردا" ناونیشانی ئەوکتێبەیە کە لەلایەن خۆمەوە ساسان دەرویش و کوڕی شەهید محەمەد لە ساڵی 1993نووسراوە و لەساڵی 1995چاپی یەکەمی لە شاری دهۆک لە چاپخانەی هاوار بەچاپ گەیەنراوە، لە پێشەکی کتێبەکەدا سەرۆک بارزانی لە بەرواری 12/10/ 1995وتەیەکی بەنرخی بۆ کردۆتە دیاری و لەپێشەکی کتێبەکە دایە وەک هەڵسەنگاندنێکی کتێبەکە، سەرۆک لەدرێژەی وتەکانیدا بە سێ خاڵی گرنگ ئاماژەی پێداوە و حەقی تەواوی داوەتێ و دەفەرموێ: کاک ساسان سێ کاری چاکی ئەنجام داوە، یەکەم: ڕەنجی کێشاوە و کۆمەڵێک زانراوە و بەڵگەنامەی گرنگی کۆکردۆتەوە کە هیچ نەبێ تیشک دەخاتە سەر چەندین لایەنی ژیان و باری سیاسی سەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن تا داستانی گەورەی زەمبوور لە 1965دا، دووەم: داستانێکی زیندوو کردۆتەوە کە یەکێکە لە هێما گەشەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گشت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بە تایبەتی کە داستانی پێشمەرگەیە ، بەندە بە بیرە نەوتەکانی کوردستانەوە ئەو نەوتەی کە تاگری بن مەینەتی هاوچاخی کورده. سێیەم: قارەمانی ئەو داستانە، شەهیدی نەمر محەمەد دەرویش نادری ناساندووە و لێرەشدا هەم وەفای خۆی وەکو کورێکی شەهید و، هەمیش ئەمەکداری وەکو ڕۆشنبیرێکی کورد بەرامبەر میژووی نەتەوەکەی دەربڕیوە. ڕێزلێنان لە خەباتگێڕانی سەرفرازی شۆڕش و گەل و پارتی فەرمانی هەموو لایەکمانە. هەر بۆیەش خۆشحاڵم کە ئەم کتێبە پێشکەش بکەم و ڕێزی بێ پایانم لە یادی شەهیدی نەمر محەمەد دەرویش نادر کە دۆستێکی نزیکم بوو و هەڤاڵانی و گشت شەهیدانی ڕزگاری بنێم.

زانکۆی ئۆکسفۆرد دۆزینەوەی ڤاکسینێکی کاریگەر دژ بە کۆرۆنای ڕاگەیاند



زانکۆی ئۆکسفۆرد لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا دروستکردنی ڤاکسینێکی ڕاگەیاند کە دەتوانێت بەرەنگاری ڤایرۆسی کۆرۆنا بکات. ماڵپەڕی BBCی بەریتانی لە هەواڵێکی بەپەلەدا ئاشکرای کرد کە ڤاکسینەکەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لەسەر هەزار و 77کەس تاقی کراوەتەوە و ئەنجامی زۆر باشی بەدەست هێناوە.

بە پێی ڕاپۆرتێکی زانکۆکە، ڤاکسینەکە بە ڕێژەیەکەی بەرچاو ئاستی سیستەمی بەرگری لەش بەرز دەکاتەوە شەڕی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات. ئاماژە بەوەش دراوە، هیچ کاریگەرییەکی مەترسیداری لابەلا لە ڤاکسینەکەدا نییە و گۆڕانکاریش لە پلازمای 96٪ی ئەو کەسانەدا کراوە کە ڤاکسینەکەیان لەسەر تاقیکراوەتەوە و تێبینی کراوە دەستبەجێ تەنی دژە ڤایرۆسەکە لەناو خوێنی 85٪ی ئەو کەسانە دروست بووە.

ئەگەرچی حکومەتی بەریتانیا تا ئێم ساتە یەک ملیۆن ڤاکسێنی لەم جۆرەی زانکۆی ئۆکسفۆرد داوا کردووە، بەڵام زانایانی پزیشکی دەڵێن هێشتا ماوە دڵنیایی تەواوەتی بدەن لەوەی کە ڤاکسێنی کۆتایی دژی ڤایرۆسی کۆرانا دروست بووە.

کۆبوونەوەی لووتکەی EU جارێکی دیکە درێژ کرایەوە

سەرکردەی 27وڵاتی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا لە ڕۆژی هەینییەوە لە کۆبوونەوەدان، پرسەکانی بوودجە و پڕۆگرامی ڕزگارکردن کە تایبەتە بە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەسەر ئابووری ئەورووپا، تاوتوێ دەکەن. گوتەبێژی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەورووپا، بارێند لەیتس لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر باسی لەوە کردووە کە کۆبوونەوەی لووتکەی یەکێتیی ئەورووپا لە بڕۆکسل درێژکراوەتەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە بڕیاربوو تەنها ڕۆژانی 17 تا 18ی تەموز کۆبوونەوەکە ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی نەگەیشتن بە ڕێککەوتنی بەشداربوونەوە ماوەی کۆبوونەوەکە درێژ کرایەوە. بڕی یەک تریلیۆن یورۆ وەک بوودجەی ساڵانی 2021 تا 2027ی ئەورووپا دیاریی کراوە، هەروەها پاکێجێک بە بڕی 750ملیار یورۆ وەک پڕۆگرامی ڕزگارکردن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی کۆرۆنا لەسەر ئابووری ئەورووپا ئامادە کراوە، سەرکردەکانی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا لە بارەی ئاست، ناوەڕۆک و ڕێژەی سووی پڕۆگرامەکە و خەرجییەکان و بەشی وڵاتانی یەکێتییەکە لە بوودجەی شەش ساڵی داهاتوودا، گفتوگۆ دەکەن.

USA TODAY: بۆ بنبڕکردنی ڕەگەزپەرستی لە ئەمەریکا پێویستە سوود لە کوردستان وەربگرین

کۆکردنەوەی ئەزموونی (مارتن لوسەر کینگ) لە ئەمەریکا و (مەریوان نەقشبەندی) لە کوردستان

خەبات– USA TODAY

لە ڕاپۆرتێکدا کە لە بەرواری 12/7/2020لە ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەمەریکا USA TODAYبڵاوکراوەتەوە کەسایەتیەکی ئەمەریکی کەوەک ڕاوێژکار لەگەڵ ڕێکخراوی Hardwired Global کاری کردووە بەناوی (کاتی ئیریلاند) نووسیوێتی:

ئاماژە بە هەوڵێکی جدی لەهەرێمی کوردستان بۆ بنبڕکردنی کەراهیەت و جیاکاری ئایینی و پەرەپێدانی پێکەوەژیانی ئایینی و ئازادیە ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات و هەوڵەکانی (مەریوان نەقشبەندی) بەڕێوەبەر لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەستبەرکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئازادی ئایینی بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان و عێراق بەنموونە هێناوەتەوە و بەمانشێتێکی گەورە نووسیوێتی: بۆ بنبڕکردنی ڕەگەزپەرستی "ئەمەریکا چۆن سوود لە ئەزموونی کوردستان وەربگرێت.

نووسەری ڕاپۆرتەکە بەدواداچوونی وردی کردووە بۆ چالاکییەکانی مەریوان نەقشبەندی و هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەدۆسێی ڕووبەڕووبونەوەی فکری تووندڕەوی دوای داگیرکردنی بەشێک لەعێراق و هەرێمی کوردستان لەلایەن تیرۆرستانی داعش و چۆنیەتی لە ناوچەی باڵەک و کردی بە بارەگای خۆی تا نسکۆی 1975پاش بڕانی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکوومەت هەردوولا خۆیان ئامادە دەکرد بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ، هەروەها لە هەمان پەرتووک و لاپەڕە لەژێر ناونیشانی کردەوە گەلەکەی زەنبوور دەنووسێت: مەبەست لەم کردەوە گەلە، یەکەم پارچە پارچەکردنی هێزە نیزامییەکان و ناچار کردنی سەرکردایەتییەکانیان بوو کە بەناوچەگەلێکی بەربلاو و لەیەک تەرا کەوتوودا بڵاوەیان لێ بکەن و نەهێڵن لەیەک بەردا کۆبکرێنەوە، دووەمیش هەڕەشەکردن بوو لە ئابووریی حکوومەت بە لێدانی دامەزراوەکانی نەوت بەمەبەستی ناچارکردنی حکوومەت کە هێزێکی پارێزگاریی گەورە بۆ ئەو دامەزراوانە تەرخان بکات و، وەک ترساندنێکی کۆمپانیای نەوتی عێراقیش وابێت. مەفرەزەیەک پێشمەرگە بەسەرکردایەتیی محەمەد دەرویش نادر بەدزە دزە خۆی گەیاندە دامەزراوەکانی نەوتی زەمبوور و لێیان دا، ئەم کردەوە گەلە کارێکی گەورەی کردە سەر بەغدا و حکوومەتی ناچارکرد دوو فەوج سەرباز و نێزیکەی هەزار جاش لە مەیدانی شەڕەوە ڕاکێشێتەوە و تەرخانیان بکا بۆ پارێزگاریی ئەو دامەزراوانە.

هەروەها جیاواز لەو نووسراوەی سەرۆک بارزانی، لە پەرتووکی "سیمای شەهید محەمەد دەرویش نادر لە ئاگری زەمبووردا" ناونیشانی ئەوکتێبەیە کە لەلایەن خۆمەوە ساسان دەرویش و کوڕی شەهید محەمەد لە ساڵی 1993نووسراوە و لەساڵی 1995چاپی یەکەمی لە شاری دهۆک لە چاپخانەی هاوار بەچاپ گەیەنراوە، لە پێشەکی کتێبەکەدا سەرۆک بارزانی لە بەرواری 12/10/ 1995وتەیەکی بەنرخی بۆ کردۆتە دیاری و لەپێشەکی کتێبەکە دایە وەک هەڵسەنگاندنێکی کتێبەکە، سەرۆک لەدرێژەی وتەکانیدا بە سێ خاڵی گرنگ ئاماژەی پێداوە و حەقی تەواوی داوەتێ و دەفەرموێ: کاک ساسان سێ کاری چاکی ئەنجام داوە، یەکەم: ڕەنجی کێشاوە و کۆمەڵێک زانراوە و بەڵگەنامەی گرنگی کۆکردۆتەوە کە هیچ نەبێ تیشک دەخاتە سەر چەندین لایەنی ژیان و باری سیاسی سەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن تا داستانی گەورەی زەمبوور لە 1965دا، دووەم: داستانێکی زیندوو کردۆتەوە کە یەکێکە لە هێما گەشەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گشت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بە تایبەتی کە داستانی پێشمەرگەیە ، بەندە بە بیرە نەوتەکانی کوردستانەوە ئەو نەوتەی کە تاگری بن مەینەتی هاوچاخی کورده. سێیەم: قارەمانی ئەو داستانە، شەهیدی نەمر محەمەد دەرویش نادری ناساندووە و لێرەشدا هەم وەفای خۆی وەکو کورێکی شەهید و، هەمیش ئەمەکداری وەکو ڕۆشنبیرێکی کورد بەرامبەر میژووی نەتەوەکەی دەربڕیوە. ڕێزلێنان لە خەباتگێڕانی سەرفرازی شۆڕش و گەل و پارتی فەرمانی هەموو لایەکمانە. هەر بۆیەش خۆشحاڵم کە ئەم کتێبە پێشکەش بکەم و ڕێزی بێ پایانم لە یادی شەهیدی نەمر محەمەد دەرویش نادر کە دۆستێکی نزیکم بوو و هەڤاڵانی و گشت شەهیدانی ڕزگاری بنێم.


موسڵمانانەشیان بە دوژمن و کافر دەزانی کە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای ئەوان نەبوون.

لەم کاتانەدا تینا ڕامیرز چاوی بەپیاوێکی ئازا دەکەوێت کە ناوی مەریوان نەقشبەندییە و بەڕێوەبەرە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لە هێڵی پێشەوەی ئەو کەسانەیە کار بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی مافی کەمینە زۆلمڵێکراوەکان دەکات.

مەریوان نەقشبەندی هەستی بە مەترسییەکانی ئەم تووندڕەوی و کەراهیەتە کرد بۆ ئایندەی منداڵان کاتێک دێهنی سەربڕین و کوشتن دەبینن و هەر خێرا لەگەڵ تینا ڕامیرز و تیمەکەی هاردوایر بڕیاریاندا کاری هاوبەش بکەن بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لەو مەترسییە. نەقشبەندی لەلای خۆیەوە کاری کرد بۆ دەرچوونی یاسای ژمارە 5لەپەرلەمانی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی مافی کەمینەکان و پێکهاتەکان و بەهۆی ئەو یاسایە حکوومەتی هەرێم بەرەسمی مامەڵەی لەگەڵ هەموو پێکهاتە و کەمینە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان کرد و نوێنەرانی (مەسیحی و ئێزیدی و جوو و زەردەشتی و بەهائی و مەندرائی و کاکەیی) یەکان لە گرووپێکدا پێکهوە کاریان بۆ نووسینەوەی پڕۆگرامێکی پەروەردەیی کرد بۆ ئەوەی منداڵان لەسەرەتای تەمەنیانەوە لەسەر خۆشەویستی و یەکترقبوڵکردن فێرین و عێراقیش سوود لەم پڕۆگرامە وەربگرێت.

مەریوان نەقشبەندی هەر لێرەدا نەوەستا بەڵکو لەگەڵ ڕێکخراوی هاردوایر کاری کرد بۆ ئەوەی ژمارەیەک مامۆستای ئایینی و پەروەردە لەسەر وانەوتنەوەی تایبەت بەپێکەوەژیان و دورکەوتنەوە لەدەمارگیری مەشق بکەن لەناو کوردستان و دەرەوەی کوردستان و بیرۆکەیەکی هاردوایری پێشخست بۆ فێرکردنی منداڵان لەسەر گرنگی فەرەیی و هەمەرەنگی لە کۆمەڵگەکاندا، ئەویش داوای چاندنی چەندین گوڵی ڕەنگاورەنگ بوو لەباخچەیەکدا و دواتر داوای کرد لە قوتابییەکان هەموو گوڵەکان لێبکەنەوە لەباخچەکەدا و تەنها یەک جۆری گوڵ بهێڵنەوە کە گوڵە ڕەنگ زەردەکان بوو، دوای ئەوەی هەموو گوڵەکانیان لێکردەوە داوایان لەمنداڵەکان کرد سەیری باخچەکە بکەن کە ئێستا یەک جۆر گوڵی تێدایە و پرسیاری ئەوەشی لێکردن ئاخۆ ئەم باخچەیە پێشتر بەگوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانیەوە جوانترببوو یان ئێستا کە تەنها یەک جۆر گوڵ؟ هەموو منداڵەکان تەئکیدیان کردەوە کە باخچەکە بەگوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانییەوە جوان بووە. ئەوکات باسی ئەوەیان بۆ کردن کە کۆمەڵگە وەک ئەم باخچە وایە و بەهەموو پێکهاتەکانییەوە جوانترە، ئەم وانەیە بووە جێگەی سەرنجی زۆربەی ڕاهێنەر و مامۆستا و قوتابییەکان و کاریگەریی دەروونی و فیکری زۆرباشی لەسەر منداڵەکان بەجێهێشت کە بەدڵنیاییەوە کاتێک گەورە دەبن دوور دەبن لەهەموو جۆرەکانی تووندڕەوی و کەراهیەت و حکوومەتی کوردستانیش رازی بووە لەسەر ئەوەی وانەی پەروەردەیی لەمشێوەیە بخاتە بەرنامە و پڕۆگرامی پەروەردەیی خۆی.







بۆیە ئێمەش لە ئەمەریکا دەبێ سوود لەم ئەزموونەی کوردستان وەربگرین دەبێ مندالانی ئەمەریکا دووربخەینەوە لەم دەمارگیریی و ڕەگەزپەرستی کە پێیدا تێپەڕدەبێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە بەدوور نییە لەو ڕەگەزپەرستی و جیاکاریەی کە لەزۆر شوێنی جیهان دەبینرێ.

"مارتن لوسەر کینگ" و "مەریوان نەقشبەندی" فێرمان دەکەن کە وەلامی تووندڕەوی و دەمارگیریی و ڕەگەزپەرستی بە کاردانەوەی تووندوتیژ نادرێتەوە، بەڵکو پێویستە منداڵەکانمان کۆمەڵگەکەمان بەنموونەی مرۆیی هێمنانە پەروەردە بکەین و مانای ڕێز و کەرامەتی مرۆڤیان پێبڵێین.

ئەبێ سوود لەم ئەزموونە سەرکەوتووەی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مێژویی ڕەگەزپەرستی لە ئەمەریکا وەربگرین چونکە چارەسەرکردنی ئەم ڕەگەزپەرستییە تەنها بە بڕیارێکی دادگایەکی ئەمەریکا یان یاسایەکی کۆنگرێس چارەسەر نابێت. بەڵکو پێویستە دڵ و عەقڵی خەڵک بگۆڕین و لەمنداڵییەوە وانەی خۆشەویستی و فەرەیی و دادپەروەری و ئازادیان فێربکەین.

من بەو سیفەتەی بەرگریکارێکم لە مافەکانی مرۆڤ، کارەکەم بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپانە و پاراستنی تایبەتمەندی هەر کەسێک لەهەر ئاین و ڕەگەز و نەتەوەیەک بێت تەنانەت ڕێز لە بێدینەکانیش دەگرم.

ئەمەش لینکی ڕاپۆرتەکەیە:
www.usatoday.com/story/opinion/2020/07/12

بەچاودێری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران

دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی بەستنەوەی وێستگەی کەسنەزان بە(هێڵی 132 کەی ڤی)



خەبات: هاوار مورتکەیی

لەژێر چاودێری ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەئامادەبوونی ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا و دکتۆر فرسەت سوفی پارێزگاری هەولێر و ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر و ژمارەیەک بەرپرسی دیکە، لەڕێورەسیمێکدا بەردی بناغەی پرۆژەی بەستنەوەی وێستگەی کەسنەزان بە(هێڵی 132 کەی ڤی) دانرا. ئەم پرۆژەیە بەسەرپەرشتی وەزارەتی کارەبا و لەلایەن کۆمپانیای دڵسۆزلەماوەی 60 ڕۆژدا ئەنجام دەدرێت و ڕۆڵی دەبێت لە ئیشپێکردنی وێستگەی 132کەی ڤی کەسنەزان و کەمکردنەوەی لۆد و ڕێکخستنی کارەبا لەتەواوی ناوچەی کەسنەزان و بەشێکی ڕۆژهەڵاتی هەولێرهەیە .

لەو ڕێورەسمەشدا هەریەك لە وەزیری کارەبا و پارێزگاری هەولێر وتەیەکیان پێشکش کرد و تیایدا باسیان لە گرنگیی ئەم پرۆژەیە کرد و رایانگەیاند کە ئەم پرۆژەیە یەکێکە لەو هەوڵانەی کە حکومەت بۆ باشترکردنی بارودۆخی کارەبا لە هەرێمی کوردستان دەیدات، دوای تەواوبوونی ئەم پرۆژەیەش کاریگەری تەواوی دەبێت لەبارسوکی کارەبا لەو گەڕەکانەی کە دەکەوێتە ئەم سنوورە، بەتایبەتیش کە لەوەرزی زستاندا کیشەیەکی ئێجگار گەورەیان هەبوو لە بارزۆریی سەر تۆڕەکانی کارەبا.


2404 تانەی خوازیارانی خوێندنی باڵا پێشکەش کراون و بەداواداچوونیان بۆ کراوە

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رایدەگەیەنێت لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەنجامی پرۆسەی تانەو سکاڵای خوازیارانی خوێندنی دبلۆمی باڵاو ماستەرو دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (-2019 2020) رادەگەیەنرێت، کە لە ئێستادا لە قۆناغی کۆتایی پرۆسەکەدایە.

لەو بارەیەوە سەرتیپ خالص بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا لە فەرمانگەی توێژینەوەو پەرەپێدان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رایگەیاند: دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەرایی پرۆسەی خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان و پەسەندکردنی لە لایەن وەزارەتەوە، دەرگای تانەگرتن بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک لە زانکۆکان کرایەوە لە ڕێگەی ئەلیکترۆنی، لە ئەنجامدا 2404 تانە پێشکەش کرا، پاشان وەزارەت داوای لە زانکۆکان کرد کەوا لیژنەیەکی باڵا لە هەر زانکۆیەک پێکبهێنرێت بە مەبەستی دیراسەکردنی یەک بە یەکی تانەی پێشکەشکاران، بەڵام ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ و ڕاگرتنی دەوامی دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەت و ڕێککارەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆپارێزی، وای کرد پرۆسەی دیراسەتکردنی تانەکان لەلایەن زانکۆکان دوابکەوێت بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دەوام دەست کرایەوە بە دیراسەتکردنی تانەی پێشکەشکاران لە لایەن زانکۆکان.

هەروەک وتیشی لە ئێستادا بە نوسراوی فەرمی زانکۆکان ڕاپۆرتی لیژنەی دیراسەتکردنی تانەکانیان ئاراستەی وەزارەت کردوە بە مەبەستی پەسەندکردنی و لە لایەن تیمی فەرمانگەوە دیراسەتی کۆنوسی لیژنەی تانەی زانکۆکان دەکرێت و لە قۆناغی کۆتاییدایەو لە ئایندەیەکی نزیک ئەنجامی تانەکان لەسەر وێبسایتی فەرمی زانکۆکان ڕادەگەیەنرێت.

هەروەها بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا ڕونیشیکردنەوە دوای تەواوبون و ڕاگەیاندنی ئەنجامی سکاڵاو تانەگرتنی خوازیاران و چەسپاندنی ناوی وەرگیراوانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا بۆ ساڵی (-2019 2020)، هەنگاوی دووەم دەست پێدەکات کە بریتییە لە جێبەجێکردنی بریارە نوێیەکانی ئەنجومەنی وەزارەت لەسەر پێشکەشکاران کە بریتی بوو لە پرکردنەوەی کورسیە بەتاڵەکانی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و پرکردنەوەی کورسیە بەتاڵەکانی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا بەخوازیارە دەرچووەکان لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، هەروەها چارەسەرکردنی داواکاری ئەو خوازیارانەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچوون و بەهۆی نەمانی کورسی، خوێندن وەرنەگیراون و هەروەها ئەو خوازیارانەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچوون بەڵام کورسی بەتاڵ ماوەتەوە کە بۆ ئەم مەبەستەش ڕێنمایی و وردەکاری تایبەت بەم بابەتە لەلایەن وەزارەت ئامادە کراوەو لە ئایندەیەکی نزیک دەردەچێت و بڵاوەدەکرێتەوە.



لە شاری کەرکووک، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەیانەوێت دەست بەسەر (قەیسەری) دێرینترین بازاڕی شارەکەدا بگرن لەبەرئەوەی زۆرینەی دووکاندارەکان کوردن.

لە کۆتایی ساڵی 2018 دووکانەکانی قەیسەری کەرکووک ئاگریان تێبەر بوو و سووتان و خەڵکێکی زۆر لە دووکانداراکان زیانی زۆریان بەرکەوت، دوای نزیکەی ساڵێك نۆژەن کرایەوە و پاشان لە ڕێورەسمێکدا دووکانەکانیان رادەست خاوەنەکانیان کردەوە و ئینجا ئەوە نزیکەی پێنج مانگە بەهۆی کۆرۆناوە بازاڕیان نەبووە، ئێستا فەرمانگەی ئاسەواری کەرکووک ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ئەو بازارە مۆڵکی ئەوانە و دەیانەوێت بیخەنە زیادکردنێکی ئاشکراوە لە کاتێکدا دەیان ساڵە ئەم دووکانانە هی ئەو کەسانەیە کە تێیدان».

بەڕای خەڵکی ئاگادار لەناوچەکە ئەو کردەویە دەستی حەشدی شەعبی و بەتایبەتی عەسائیبی ئەهلی حەقی تێدایە و دەیانەوێت دەست بەسەر ئەو دووکانانەدا بگرن و بیکرێن و دواتر بە پارەیەکی زۆر بەکرێی بدەنەوە، چونکە دەزانن زۆرینەی خاوەن دووکانەکان کوردن، بۆیە دەیانەوێت کورد لەو بازارە نەمێنێت، بۆیە دوێنێ یەکشەممە گردبوونەوەیەکی نارەزایی ئەنجامدرا.

بازاڕی قەیسەریی کەرکووک دێرینترین بازاڕێ شاری کەرکووکە کە نزیکە لە قەڵای شارەکەوە لە ساڵی 1855 بونیات نراوە و لە ساڵی 1978 نۆژەن کراوەتەوە و لە 365 دووکان پێکدێت و حەوت دەرگای چوونەژوورەوەشی هەیە و زۆرینەی دووکاندارەکانیشی کوردن.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

خانەوادەی بەڕێزی کەمال عومەر حاجی کەریم

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی دیاری شاری قەڵادزێ، کاک کەمال عومەری حاجی کەریم سەمان پێگەیشت.

پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەی بەڕێزتان و خزمان و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و بەشداری خەمتانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی کاک کەمال بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامی و سەبرتان پێ ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

زاخۆ.. بەهۆی شەڕی تورکیا و پەکەکە 400 ملیۆن دینار زیان بە جووتیاران کەوتووە

زیاتر لە 13 هەزار هاونیشتمانیی دانیشتووی ناوچە سنوورییەکانی ناحیەکانی باتیفا و دەرکار لە سنووری قەزای زاخۆ بەهۆی شەڕی سوپای تورکیا و گەریلاکانی پەکەکە، ماڵ و زەوییەکانیان لە ناوچە سنوورییەکان جێهێشتووە. زیانە دارایییەکانی ئەو دوو ناحیە بە زیاتر لە 400 ملیۆن دینار دەخەملێنرێت.

تورکیا لە باتیفا و دەرکار بە قوڵایی 40 کیلۆمەتر هاتووەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و لانیکەم 12 بنکەی نوێی سەربازیی لە ناوچەکەدا دروستکردووە.

لە دەرکار و باتیفا، زەرەر و زیان بە نزیکەی 50 گوند کەوتووە، ڕێژەی 60٪ی داهاتی کشتوکاڵی خەڵکی ناوچەکە لەو دوو ناوچەیە بەرهەم دەهێنرێت.



کچەک کوژمەکی پارەی دبینت بو خودانی دزڤرینت

خەبات /زاخو: ڕێڤەبەریا پولیسێن دهوک راگەهاند،کچەکا خەلکێ زاخو 8 هزارو 800 دولارێن ئەمریکی ل ناڤ بازارێ زاخو دیتن و بو خودانی هاتنە زڤراندن. پەیڤداریێ ڕێڤەبەریا پولیسێن پارێزگەها دهوک هێمن ئەتروشی راگەهاند،دوهی ل سەنتەرێ قەزا زاخو کچەکا 24 ساڵی پشتی 8هزارو 800 دولارێن ئەمریکی (88 وەرەقە) ل بازاری دیتین، و ئەوێ کچێ ئێکسەر پەیوەندی ب پولیسێن هەوارهاتنێ کر و بریکا پولیسێن زاخو ئەو کوژمێ پارەی بو خودانی هاتنە زڤراندن.



هەڵەبجە..ژووری ئۆپەراسیۆن بڕیار لەبارەی کردنەوەی مزگەوتەکان دەدات

دوێنێ ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەڵەبجە کۆبوونەوە و چەند بڕیارێکی لەبارەی کردنەوەی دەرگای مزگەوتەکان دا. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوی ژووری ئۆپەراسیۆنی هەڵەبجە، بڕیاردراوە مزگەوتەکان تەنها بۆ کاتی ئەنجامدانی نوێژەکان و وتاری ڕۆژی هەینی کراوەبن. هەروەها نوێژخوێنان پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان و خۆپارێزی بن. لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، لە هەر مزگەوتێك بەهۆی بچووکی و قەرەباڵغی نەتوانرێت ڕێنماییەکان جێبەجێ بکرێن، پێویستە بە داخراوی بمێنێتەوە. ئەوەش خراوەتەڕوو، جگە لە شوێنی نوێژکردن سەرجەم شوێنەکانی دیکەی مزگەوتەکان بە داخراوی دەمێننەوە.

سلێمانی... بەهۆی سەرپێچی کردن لە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا مەلەوانگەی ئەتڵەنتیک



بەهۆی سەرپێچی کردن لە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لیژنە هاوبەشەکان مەلەوانگەی ئەتڵەنتیک تا کاتێکی نادیار دادەخات و ئاگاداری سەرجەم مەلەوانگەکانیش دەکاتەوە تا دەرچونی ڕێنمایی نوێ کارنەکەن.

بەهۆی پابەند نەبوون بە مەرج و ڕێنماییەکانی و سەرپێچیکردن لە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی مەلەوانگەی ئەتڵەنتیک لەشاری سلێمانی تاکاتێکی نادیار دادەخات و خاوەنەکەشی ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی دەکاتەوە.

لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی ئاگاداری سەرجەم خاوەن مەلەوانگەکانی شاری سلێمانی دەکاتەوە تا دەرچونی ڕێنمایی نوێی کارکردن لەلایەن ژووری ئۆپراسیۆنەکانی دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری سلێمانی، کارنەکەن، بەپێچەوانەوە دادەخرێن.

پێشتر، لیژنە هاوبەشانی قائیمقامیەتی سلێمانی ئاگاداری سەرجەم ئەو شوێنانەیان کردوەتەوە کە بەپێی ڕێنماییەکانی ژووری ئۆپراسیۆنەکانی دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا کراونەتەوە پابەندبن بەپێچەوانەوە دادەخرێت، لەکاتی دوبارە کردنەوەی سەرپێچیدا بۆ ماوەی یەك مانگ شوێنەکە دادەخرێت و خاوەنەکەشی ڕووبەڕوی ڕێکاری یاسایی دەکرێتەوە.

بەمەبەستی کەمکردنەوەی بەریەککەوتن و ڕێگریکردن لە دروستکردنی قەرەباڵغی و بۆ خۆپارستن لە بڵاوبونەوی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ژووری ئۆپراسیۆنەکانی دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری سلێمانی بڕیاری داخستنی دوکان و بازاڕ و شوێنە گشتییەکانی سلێمانی دا، دواتر بەمەرجی جێبەجێ کردنی سەرجەم ڕێنماییەکانی تەندروستی و ڕێکارەکانی خۆپارێزی بەشێکی زۆری دوکان و بازاڕ و شوێنە گشتییەکانی کردوەتەوە، هەروەها لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی ڕاسپاردوە لەکاتی هەبونی سەرپێچی ڕێکاری پێوست بەرمبەر شوێنەکە وخاوەنەکەشی بگرنەبەر.

خەبات بەدواداچوونی ورد بۆ دەرمانی فاڤیپیراڤیر دەکات



تایبەتمەندی فاڤیپیراڤیر لەوەدایە ماوەی مانەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە کەمدەکاتەوە

کۆمپانیای ئاوامیدیکا:

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO پاڵپشت و هاندەری دروستکردنی فاڤیپیراڤیر بوون و لە داڕشتنی پڕۆتۆکۆلی چارەسەری تووشبووانی کۆرۆنای نوێ ئامۆژگاریکاربوون

بەدواداچوون: فاتیح بەرزنجی

دەرمانی فاڤیپیراڤیر کە کۆمپانیای ئاوامیدیکا لە هەولێر بەرهەمی هێناوەو بەپێی قسەی کۆمپانیاکە لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان هاوشانە و لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO و وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان و عیراق باوەڕپێکراوەو بۆ چارەسەرکردنی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بەکارهێندرێت. بەڵام ئەوەی لە سوشیال میدیا و هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چەند پزیشك و شارەزایەکی بواری دەرمانسازی بەدی دەکرێت، کوالیتی و نرخی فاڤیپیراڤیر ـی خستۆتە ژێر پرسیار و باسلەوەش دەکرێت کە ئەو دەرمانە لە هەندێك وڵاتدا بە 47 دۆلار دەفرۆشرێت. بۆ بەدواداچوونی زۆرتر و چۆنیەتی بەرهەمهێنان و نرخ و دابەشکردنی دەرمانی فاڤیپیراڤیر خەبات وردەکاری زیاتر لە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە وەردەگرێت:

دەرمانی فاڤیپیراڤیر گەیشت و دابەشی سەر نەخۆشانیش کرا

دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتح بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر وەك وەبیرهێنانەوەیەك لەبارەی خۆپارێزی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشانی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەڵێت: تا ئێستا بەهەوڵ و کۆششی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیومانە لە کارەکانمان سەرکەوتووبین، بەڵام پێویستە هاووڵاتیان بەردەوام خۆپارێزی بکەن و پابەندی ڕێنماییەکان بن و لەماڵەوە خۆیان کەرەنتین بکەن، هەموو ئەو ڕێنماییانەی کە دەردەچن لە پێناو سەلامەتی خەڵکی خۆمانەو دەبێ هاووڵاتیان ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەو پەتایە مەترسیدارەو پێویستە بە خۆپارێزی خۆمانی لێ دوور بخەینەوەو لە جەنجاڵی و شوێنی قەرەباڵغ دوور بکەوینەوە، هەر کەسێك کە ئەگەر هەستی بە هەر شتێك کرد پێویستە پشکنین بکات، لە نەخۆشخانەکان ئۆکسجین هەیەو چارەسەری نەخۆشان بە ڕێکوپێکی دەکرێت و ڕۆژانەش ژمارەکان زیادو کەم دەکەن، هەر نەخۆشێك کە نیشانەکانی لێ بەدیار کەوت پێویستە بە زووترین کات سەردانی نەخۆشخانەکان بکات تا پشکنینی بۆ بکرێت و لە ژێر چاودێری تیمەکانی تەندروستی بێت، بەڵام ئەگەر هاتوو نەخۆش باری تەندروستی تێکچوو یان تەنگەنەفەس بوو، ئەو کاتە چارەسەرکردنیشی زەحمەتتر دەبێت، ڕۆژانە چەندین نەخۆشان هەیە پێویستی بە چاودێری چڕ هەیە، لە ئامێر هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام پزیشکی سڕکەرو ئەو کارمەندانەی کە لە چاودێری چڕ کارەکەن ژمارەیان کەمەو چاوەڕوانی ئەوەین، کە نەخۆشخانە تایبەتەکانیش چاودێری چڕەکانیان بکەنەوەو شانبەشانی ئێمە کار بکە ن .

دەربارەی ئەو دەرمانەی بە فاڤیپیراڤیر ناسراوەو لێرەولەوێ قسەو باسی زۆری لەسەر دروستبووە، دکتۆر دلۆڤان محەمەد بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر گوتی: هەموو هاونیشتیمانیان ئەوە دەزانن کە ئەو ڤایرۆسە تا ئێستا نە ڤاکسینی هەیەو نە چارەسەری تایبەتی هەیە، بەڵام ئەو دەرمانانەی کە تاوەکو ئێستا بەکاردێت هەر هەمووی ئەوانەن کە لە وڵاتانی دیکەش بەکار هاتووەو توێژینەوەی لەسەر کراوەو سەلمێندراوە کە سوودی هەیە بۆ هەندێك لەو نەخۆشانە، ئەو دەرمانە ڕووسییە کە لە ڕوسیا بەکارهاتووەو لەچەند وڵاتێکی دیکەیش ئێستا بەکاردێت و بەپێی پڕۆتۆکۆلی عیراقیش لیژنەیەکی زانستی تایبەت هەیە، لە هەموو پاریزگاکانی عیراق نوێنەری تێدایە، هەروەك چۆن هەرێمی کوردستانیش نوێنەری هەیە لەو لیژنە زانستییە، فاڤیپیراڤیر دانیپیانراوە و بڕیاری لەسەر دراوە، واتا لە پڕۆتۆکۆلی وەزارەتی تەندروستی عیراق و هەرێمی کوردستانیش هەیە، سەرەڕای ئەوەش تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە کە ماوەی مانەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە کەم دەکاتەوەو چارەسەرییەکەشی خێراتر دەکات، بەڵام ئێمە ماوەی پێنج ڕۆژە بەکارمان هێناوەو دەستمانکردووە بە بەکارهێنانی ئەو دەرمانەو پێویستە بە دەرمانەکانی زیاتر هەیە تا دەرئەنجامەکانی بەدیار بکەوێت و گەرەنتی نییە کە هەموو نەخۆشێك سوودی لێ بکات زیاتر بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە باری تەندروستیان ناجێگیرە لەمام ناوەند بۆ خراپ بەکاردێت.

فاڤیپیراڤیر لە پشکنین و تاقیکردنەوەی فیزیایی و کیمیایی دەرچووە

دواتر هەر دەربارەی ئەو دەرمانە دکتۆر شێروان حەمەد ئەمین بەڕێوەبەری بەشی دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە هەولێر بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دوای گەیشتنی ئەو دەرمانە بۆ کۆگاکانی بەشی دەرمان و پێداویستی پزیشکی هەولێر بەسەر نەخۆشخانەکان دابەشکراوەو دەرمانەکە بۆ تووشبووانی کۆرۆنا بەکاردێت و کۆمپانیای ئاوامیدیکا دروستی کردووەو لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە بڕێکی باشی لێ کردراوەو بەبێ بەرانبەر دابەشی سەر نەخۆشان دەکرێت، تێچووی هەر پاکەتێکی دەرمانەکە 200 دۆلارەو ناوەندی نیشتیمانی چاودێری و توێژینەوەی دەرمانی عێراقی لە نووسراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە، کە دەرمانی دژە ڤایرۆسی فاڤیپیراڤیر کە لەلایەن کۆمپانیای ئاوامیدیکاوە بەرهەم هاتووە لە پشکنینی تاقیگەیی فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆژی دەرچووە.

کوالیتی و نرخی فاڤیپیراڤیر جێگیرە

دواتر دەربارەی کوالیتی دەرمانی فاڤیپیراڤیر دکتۆر شاخەوان زاهیر بەڕێوەبەری بەبازارکردن و پەرەپێدان لە کۆمپانیای ئاوامیدیکا بەخەباتی ڕاگەیاند: کۆمپانیای ئاوامیدیکا یەکەمین کارگەی دروستکردنی دەرمانە لە مێزووی کوردستان و لە ڕیزی کارگە ئەوروپییەکانیش دادەنرێت، جگە لەوەش لە وەزارەتی تەندروستی عێراقیش بە پێشکەوتووترین کارگە و بە ستافێکی پرۆفیشناڵ کار دەکەین، دیارە بەپێی ئەو گرێبەستەی کە لەگەڵ کۆمپانیای (گلین مارك) و پێدانی ئەو متمانە گەورەیە بە کۆمپایای ئاوامیدیکا بۆ دروستکردنی دەرمانی (فاڤیپیراڤیر) لەناو عێراق و وڵاتانی ناوچەکەش گەواهی ئاست بەرزیی و کوالیتی بەرزی کۆمپانیای ئاوامیدیکا دیارەو نرخی ئەو دەرمانە بە کەمتر لە70%ی نرخی ئەو گرێبەستەی کە وەزارەتی تەندروستی عێراق کردبووی لەگەڵ کۆمپایایەکی ڕوسی خەملاندووەو نرخەکەش بە 160 دۆلارە بۆ هەر پاکەتێکی 40 دەنکە حەب، نرخی فرۆشتنی بە وەزارەتی تەندروستی عێراق و هەرێمی کوردستان هەمان نرخەو دەرمانی فاڤیپیراڤیر لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیا و بەدیاریکراویش لەوڵاتی ڕوسیاو هیندستان و ژاپۆن و ئیمارات و قەتەرو سعودیەش بەکاردێت بۆ چارەسەری تووشبووانی کۆرۆنای نوێ، ئەویش بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی کلینیکیی ئەرێنی لەو وڵاتانەو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش پاڵپشت و هاندەری سەرەکی بوو لە دروستکردنی فاڤیپیراڤیر لە ناوخۆی عێراق و هەر ئەوانیش هاریکار و ئامۆژگاریکاربوون لە داڕشتنی پڕۆتۆکۆلی چارەسەری تووشبووانی کۆرۆنای نوێ و دانانی فاڤیپیراڤیر لە چوارچێوەی پڕۆتۆکۆلەکە و ئەو دەرمانە لەناو پڕۆتۆکۆلی وەزارەتی تەندروستی دانی پێدانراوەو لە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕ بەکاردێت.

دکتۆر شاخەوان زاهیر دەربارەی چۆنیەتی دابەشکردنی دەرمانی فاڤیپیراڤیر گوتی: لەسەرەتادا بڕیاروابوو تەنیا لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستی عێراق ئەو دەرمانە دابەشی سەر ناوەندەکانی چارەسەرکردنی کۆرۆنا بکرێت، بەڵام ئەو بڕەی کە لە حکوومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم دەهات هەندێك کاتی دەویست تا دەگەیشتە شاری هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان، پزیشکەکانیش زۆر پێویستیان بەو دەرمانە هەبوو بۆ نەخۆشەکان و بەبەردەوامی بۆ ئەو نەخۆشانە دەنووسرا، کە لە سەنتەرەکانی چارەسەری کۆرۆنا بوون، لەو حاڵەتەشدا نەخۆش زۆر بەدوای ئەو دەرمانە دەگەڕا، لە بازاڕیش بەنرخێکی زۆر گران ئەو دەرمانەیان دەست دەکەوت، ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر پەیوەندی پێوە دەکردین بۆ ئەو دەرمانە و بەردەست نەبوو لەناوندەکانی چارەسەری کۆرۆنا، بۆیە بڕیارماندا کە لەژمارەیەك دەرمانخانەی دیاریکراو لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی دەرمانەکە دابەش بکرێت بەدوو مەرج، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو دەرمانە تەنیا بەپێی ڕاچێتەی پزیشك بۆ ئەو نەخۆشانە سەرف بکرێت، کە لەناوندەکانی کۆرۆنا چارەسەر وەردەگرن و لە ژێر سەرپەرشتی پزیشکی پسپۆرن، مەرجی دووەمیش ئەوەبوو کە نرخی دەرمانەکە دیاریکراو بوو لە هەموو دەرمانخانەکان، کە نابێت هیچ کەسێك ئەو دەرمانە لەو نرخەی کە دیاریکراوە بە زیاتر بفرۆشرێت، لێرەوە داوا لە هاووڵاتیان دەکەین سەلامەت نییە دەرمانێك بەکاربێنن، کە بە قاچاغ هاتبێ و نرخەکەشی زۆر گران بێت و لەهەمووی گرنگتر ئامۆژگاری هاووڵاتیان دەکەینەوە، کە ئەو دەرمانە تەنیا بەپێی ڕاچێتەی پزیشك بەکاربێت و لە هەر شوێنێك و لە دەرمانخانەکان دابین کرابێت بەڵێننامەیان پێ پڕ کراوەتەوە، کە دەرمانەکە تەنیا بەپێی ڕاچێتەی پزیشك دەبێت.



دکتۆر شاخەوان زاهیر:

هەر پاکێتێکی فاڤیپیراڤیر 40 دەنکە و نرخەکەی 160 دۆلارە، هیچ کەسیش بۆی نییە بە گرانتر بیفرۆشێت

دەربارەی نرخی دەرمانەکەش دکتۆر شاخەوان زاهیر گوتی: دیارە دەربارەی نرخەکەش لە سۆشیامیدیاکان قسەو باسێکی زۆری بەدوای خۆی داهێنا، بۆ دەرمانەکە گرێبەستەیان لەگەڵ حکوومەتی عێراقی هەیە بە 160 دۆلار پێیان فرۆشراوە، کە دەکاتە 190 هەزار دینارێ عێراقی، بە هەمان نرخیش بۆ تەندروستی گشتی هەولێریش دابین کراوەو بۆ دەرمانخانەکانیش بە هەمان نرخ دابین کراوە.

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر:

فاڤیپیراڤیر دانیپیانراوە و بڕیاری لەسەر دراوە، هاوکات لە پڕۆتۆکۆلی وەزارەتی تەندروستی عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەیە



دکتۆر شێروان حەمەد ئەمین:

دژە ڤایرۆسی فاڤیپیراڤیر لە پشکنینی تاقیگەیی فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆژی دەرچووە

بەڕێوەبەری تەندروستی چەمچەماڵ:

لە کەرکووک و دەوربەری ئەو هاووڵاتییە کوردانەی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن دەیانەوێت لەچەمچەماڵ چارەسەر وەربگرن



بەرهەم شێخ عزەدین:

دکتۆر فەرهاد محەمەد لەنووسینێکدا دەڵێت: بەشێکی زۆر لەو نەخۆشانەی لەشاری کەرکووك و دەوروبەری کە هاووڵاتی کوردن و تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن، داوا دەکەن لەنەخۆشخانەکانی ئێمەدا چارەسەر وەربگرن، ئەوەش بارگرانی و کێشەی زۆری بۆ ئێمە دروستکردووە، چونکە توانای ئێمە سنووردارەو من ناتوانم لەوە زیاتر گوشار بخەمە سەر پزیشك و کارمەندانی نەخۆشخانەکەمان، کە زۆربەیان بەخۆبەخش دەوام دەکەن.

دکتۆر فەرهاد زیاتر دەنووسێت: ئەگەرچی تا ئەمڕۆ جیاوازیان نەکردووەو لەکەسان نەپرسیووە دانیشتووی کوێی و بێ جیاوازی خزمەتگوزارییەکانمان لەپشکنین و چارەسەرکردن گەیاندۆتە هەر هاووڵاتییەك کە سەردانی سەنتەرەکانی ئێمەی کردبێت، بەڵام لێرە بەدواوە ئێمە لە نێوان دوو بژاردەدا ناچارین یەکێکیان هەڵبژێرین، یان دەبێ تەنیا نەخۆشی ئەو شوێنانە وەرگرین کە لەڕووی ئیداریەوە دەکەونە سنووری دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵەوە» کە ئەمەش بڕیارێکی قورسە و پیشەی پیرۆزی پزیشکی ناچارمان دەکات چارەسەری هەموو نەخۆشێك بکەین، کە نەك هەر دانیشتووی شارێکی دیکە، بەڵکو لەهەر دەنگ و ڕەنگ و نەتەوەو وڵات و ئایینێکی دیکە بێت، ئەوسا نەخۆشخانەکانی ئێمەش لەزووترین کاتدا پڕدەبن و ناتوانین وەك پێویست فریای هەموو نەخۆشەکان بکەوین و چارەسەریان بکەین و دەبێ چاوەڕوانی کارەسات بین. **لەوەڵامی پرسیارێکی خەبات، کە بڕچی ئەو هاووڵاتییانە دەیانەوێت لای ئێوە چارەسەربکرێن؟ دکتۆر فەرهاد گوتی:** نازانم، لەوانەیە هۆکار ئەوەبێ کە متمانەیەکی زیاتریان بەنەخۆشخانەکانی ئێمە هە یە .

دواتر لێیانپرسی ئەی نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست لەوێ هۆکار نییە؟! بەڕێوەبەری تەندروستی چەمچەماڵ گوتی: لەوانەیە وابێت، یان خەڵك متمانەی بە نەخۆشخانەکانی ئەوێ نەبێت.

عێراق بەرەو کوێ؟!



ئەسرین عاسی شوانی

گەر بە دیدێکی وردبینانە لە عێراقی نوێ بڕوانین هەمان ئەو عێراقە دەبینین کە حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق پێیدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەمجار لە بەرگێکی دیکەدا و لەژێر کاریگەری مەزهەبێك و ئاینزایەکی تردا کە ئەویش دەسەڵاتی شیعە مەزهەبە و لە ژێر کۆنترۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

بۆیە گەر بەراوردێك لە نێوان عێراقی دوای پرۆسەی ئازادی و بەر لەو پرۆسە بکەین سەبارەت بە کێشەی کورد هەمان ئەو دید و بۆچوونە شۆڤێنییە عەرەبییە دەبینین سەبارەت بە دۆزی کورد، تاکە جیاوازیش کە بەدی دەکرێت لەم جارەدا کورد لە حکوومەتدا بەشدارە و چەندین پۆستی گرنگی بە دەستەوەیە لەو دەسەڵاتەی کە تا سەر ئێسقان لەهەوڵی سڕینەوەی ئاسەواری کورد بوونە لە هەرێمی کوردستان، وەك دەبینین کە لە هەوڵی ئەوەدایە مافە ڕەواکانی گەلی کورد پێشێل بکات و تەنانەت پێشێلی بەندەکانی دەستوری عێراقیش دەکەن کە گەل و دەسەڵاتدارانی عێراق دەنگیان پێداوە سەبارەت بە مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد لە باشوری کوردستان، کەواتە ئەوەی دەیبینین سیاسەتی شۆڤێنیانەی دەسەڵاتدارانی عێراقی کۆن و تازەیە سەبارەت بە مافی گەلەکەمان و ئەوەندەی بۆیان لوابێت لە هەوڵی خواردنی مافەکانمان دریغییان نەکردووە، تەنانەت ئەو دۆستانەی دوێنێی دژبەری ڕژێمی بەعس کە هەموو ئەرك و قورساییەکیان لە سەر گەل و شۆڕشەکانی کورد بوو، ئێستا تەواو پێچەوانە بوونەتەوە و بە نەزمی بەعس و ڕژێمە گۆڕبەگۆڕەکانی پێشوو لە هەوڵی سڕینەوەی ئاسەواری کوردن لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکان کە دەبوایە بە پێی دەستوری عێراقی و مادەی 140ی دەستور ئەو ناوچانە یەکلابکرایەتەوە و عێراق دانی بە ئەنجامەکانیدا بنایە، بەڵام لە جێی ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی شیعە سودیان لە تاقیکردنەوەکانی پێشوو وەربگرتایە و عێراقێکی زامن و ئارامیان دروست بکردایە بەهەمان ئاوازی بەعس و ڕژێمە خوێناوییەکانی پێشوو هەمان تاس و هەمان حەمام دەسیان بە دژایەتی گەلی کورد کردووە وو لە سەر تەعریبی ناوچە کێشە لەسەرەکان بەردەوامن و مووچە و شایستە دارایییەکانی خەڵکی کوردستان دەبڕن و لە هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی ئیرادەی گەلەکەمانن، بێ خەبەر لەوەی کە تا لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوام بن زیاتر عێراق بۆ ڕۆخی مردن دەبەن، لەبەر ئەوەی ئەوەی ئەمان ئەمڕۆ دەستیان داوەتێ لە دێرزەمانەوە ڕژێمەکانی پێشووتر تاقییان کردۆتەوە بە سەدام حسێنی دیکتاتۆریشەوە، بەڵام جگە لە عێراق بەرەو هەڵدێری مەرگ هیچی تری تیا سەوز نەبووە، زیاتر بووەتە هۆی دارمانی ژێرخان و سەرخانی عێراق و دروستکردنی ناسەقامگیری و نائارامی و ئاشتی لە ناوچەکەدا، کە دەبوایە برایانی شیعەی بەر لە پرۆسەی ئازادی کە هەمان معاناتمان هەبوو بە دەس ڕژێمی گۆڕبەگۆڕەوە بە عەقڵی سەردەمیانە لە کێشەکەمانیان بڕوانیایە، نەك ئەوەی ئێستا دەیبینین کە جیهان بە قەیرانی دارایی تێدەپەڕێ و بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە ئەمان بێن و ئەو بارودۆخە ئابووریە بقۆزنەوە و دژ بە هەرێم بیگرنە بەر بۆ بچووککردنەوەی دۆزەکەمان، دەبێ ئەوە بزانن کەوتن هەیە، بەڵام ڕاست بوونەوەش بە دوایدا دێت و دڵنیام هەرێمی کوردستان ئەم دۆخەش تێدەپەڕێنێت و ئەوکات ئێوە بە شەرمەزارییەوە بۆ کێشە و گرفتەکانتان ڕوو لە هەولێر دەکەن و ئارەقی شەرمەزاری بەری تەوێڵتان تەڕ دەکات، لەبەر ئەوەی گەلی کورد ئەو گەلەیە کە شالاوی ئەنفال و کیمیابارانکردن سەری پێدانەنواند، دڵنیام هاشوهوش و بێڕێزی ئێوەش بەردێك لە جێی خۆی لەق ناکات بە تایبەت کە ئێستا سەرکردایەتی شۆڕش بە سەرۆکایەتی بارزانی لە لوتکەی هۆشیاری دایە و لەگەڵ نیازە گڵاوەکانتان بە وریاییەوە هەڵسوکەوت دەکات و گەر زیاد سنوور بپەڕێنن کش مەلیکتان لێدەکات و ئەوکات شتێك نامێنێت بەناوی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵ، بۆیە کارێکی وابکەن لە ئایندە دوو هاوسێی لە یەك گەیشتوو و باش بین نەك کار لە کار بترازێت و بە دوژمنایەتی دەس پێ بکەین و مالئاوایی لە یەکتری بکەین.



فەرەنسا دۆستی ڕاستە قینەی کورد



د . مەیادە نەجار

فەرەنسیەکان هەمیشە وەك پایتەختی عێراق و ناوەندێکی هەستیاری دیپلۆماسی مامەڵە لەگەڵ هەولێر دەکەن، چونکە ئەوان پێیانوایە سەقامگیری ڕەوشی ناهەمواری عێراق بەبێ کورد ئەستەمە و کلیلی چارەسەری کێشەکانی عێراق لەهەولێرە، لە کاتێکدا فەرەنسا ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیە، بە یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی یەکێتی ئەورووپا دادەنرێت و ، دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا هەیە و لە چەندین قۆناغی مێژوویی پشت و پەنای کورد بووە، هەر لە سەرەتای شۆڕشەکانەوە تا دەگاتە کۆڕە و دواتر شەری داعش و کێشەکانی ئێستای نێوان هەولێر بە غدا .

ساتێکی هەستیار

سەردانی ئەمجارەی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا و ئەنجامدانی دیداری دیپلۆماسی لوتکە لەگەڵ هەریەك لەمەرجەعی نەتەوەییان ریزدار (سەرۆك مەسعود بارزانی) و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ریزدار مەسرور بارزانی، و سەرۆکی هەرێمی کوردستان نیچیرڤان بارزانی ، ئەوە دەخاتەڕوو کە فەرەنسیەکان دەیانەوێت هاوسەنگی سیاسی لەناوچەکەدا ڕابگرن، بەتایبەتی ئەمڕۆ فەرەنسا ڕۆلێکی بەرچاوی لەئاراستەکردنی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هەیە و دەیەوێت خۆی بونیادنەری زۆر پرسی گرنگ بێت.

سەردانی ئەمجارەی ژان ئیڤ لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ساتێکی زۆر جیاوازە، چونکە لەکاتێکدایە جیهان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست قورسترین ڕۆژەکانی سالْ بەڕی دەکەن و گۆڕانکارییە خێراکان ناوچەکەیان خستۆتە دۆخێکی زۆر هاووڵاتیان بە ڕێنماییەکان دەتواندرێت قۆناغێکی تری خۆپاراستن بەرەوپێش بە ڕ ین .

چونکە هێشتا ئاماژە زانستییەکان ئەوە دەردەخەن بەهۆی بڵاوی ڤایرۆسەکە لە جیهان و وڵاتانی دەوروبەر و پارێزگاکانی عێراق هێشتا مەترسی بڵاوبوونەوەی هەربەردەوامە.

لێرەوەش بەپێویست دەزانم بەگرنگییەوە ڕۆڵی داموودزگاکانی ناوخۆ و تەندروستی بەرز بنرخێنین لە بەجێ گەیاندنی ئەرکی فەرمانبەریی و پێشەیی و مرۆڤ دۆستانەیان کە دڵسۆزانە پارێزگارییان لەتەندروستی هاووڵاتیان کرد. بەدڵنیاییەوە خزمەت و بەخششیان شایستەی هەموو ڕێز و پێزا نینێکە .

لەخودای گەورە و میهرەبان داواکارین کوردستان و مرۆڤایەتی لەهەموو ڤایرۆس و بەڵا و نەهامەتییەك بپا ر ێز ێت .



ئاڵوگۆڕەوە، هەرچەندە فەرەنسیەکان زۆرباش دەزانن کە کورد تاکە ڕێگەیە بۆ چارەسەری کێشەکان و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ عێراق، چونکە ئەزموونی مامەڵە کردنی فەرەنسا ئەوەی لەگەڵ کوردا دەرخستووە، بوونی متمانەی فەرەنسیەکان بەکوردەکان لەئاستێکدایە کە کورد دەتوانێت زۆر بابەتی هەستیار و گرنگ یەکلابکاتەوە.

لۆدریان و کورد

خودی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ژان ئیڤ لۆدریان هەشتەمین جارە دێتە هەرێمی کوردستان و دیداری دیپلۆماسی ئەنجام دەدات، چونکە پێشتر چوار جار وەکو وەزیری بەرگری سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، سەردانەکانی دواتریشی بۆ هەولێر وەکو وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وەك سەرکردەیەك زۆرباش لەپرسی سیاسی کورد تێدەگات و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە هەنگاوەکان بەهێزتر بکات.

فەرەنسا و پرسە جیاوازەکان

فەرەنسیەکان ئەوەیان جیاوازە لەگەل زلهێزەکانی تر خاوەنی سیاسەتێکی نەگۆڕن و لە هەموو کاتێکدا هەمیشە بەرگری لەکوردستان دەکەن، ئەگەر ئاوڕێك لەمێژوو بدەینەوە، لە دوای ڕاپەرینی ئازاری ساڵی 1991، کە لەکاتی کۆڕەوی خەڵکی کوردستاندا، فرانسوا میتران سەرۆکایەتی فەرەنسای دەکرد، فەرەنسیەکان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی کاریگەریان لەپاراستنی کوردستان و دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین گێڕا، لەسەرەتایی 1992دا دانیال میتران سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، پەیوەندییە دۆستانەکەیان بەردەوامبوو لەگەڵ گۆڕانی سەرۆکەکان، دۆستایەتی فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستان نەگۆڕدرا ، لەسەردەمی نیکۆلاس سارکۆزیدا زیاتر بەهێزبوو، دواتریش لەسەردەمی فرانسوا ئۆلاند لە ساڵی 2014، کاتێك کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هێرشی داعش بووەوە، فەرەنسا چەك و تەقەمەنی و ڕاوێژی سەربازی پێشکەش بە پێشمەرگە و گەلی کوردستان کرد، دواتریش فرانسوا ئۆلاند لە کۆشکی ئیلیزێش پێشوازی لە سەرۆك بارزانی کرد، ئەمڕۆش ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی ئێستا هاوشێوەی سەرۆکەکانی پێش خۆی، لەسەر پشتیوانی لە مافەکانی گەلی کوردستان بەردەوامە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت فەرەنسیەکان دۆستێکی ڕاستەقینەی کوردستانیانن.

ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە لایەن حکوومەتەوە جێگای ستایشە



وەیسی سەعید وەیسی

دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئاستی جیهان مەترسییەکی هەرە گەورە بوو لەسەر مرۆڤایەتی کە سەرتاپای جیهانی گرتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی تووشبوانی لە زۆربوون دایە. بە جۆرێك مەترسیدار بوو کە هەموو جۆلەیەکی پەکخستبوو، زیانی گەورەی ئابووری لە چەندین سێکتەری جۆراوجۆر داوە کە یەکەم جارە هەموو مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دوژمنێکی هاوبەش ببێتەوە .

لەم چوارچێوەیەش بوو لەگەڵ دەرکەوتنی شەپۆلی یەکەمی ڤایرۆسەکە هاوشێوەی وڵاتان تەنانەت بەر لە ڕێکارەکانی حکوومەتی فیدراڵیش حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەستی بە مەترسییەکانی ڤایرۆسەکە کرد و چەندین ڕێوشوێنی گرنگی گرتەبەر کە هەنگاوەکان مایەی ستایش و بەرز نرخاندن و سەروەرییەکی تری کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، چونکە سەرکەوتووانە و بە کەمترین زیان لێی دەرچوون و بەرەنگاری ڤایرۆسەکە بوونەوە.

هەرچەندە لێرەولەوێ هەوڵی جۆراوجۆر لەئارادا بوون بۆ دروستکردنی گرفت و لەمپەر لەبەردەم ڕێکارەکانی حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە دیارترینیان بە سیاسیکردنی بابەتەکە و پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکان بوو، کە ئەمەش کارەسات و تاوانێکی گەورەیە و خیانەت کردنە لەگەلی کوردستان، چونکە ناکرێت بابەتی کۆرۆنا بە لاڕێدا ببردرێت یان تێکەڵی هیچ ململانێیەك بکرێت، یاخود وەك موزایەدەی سیاسی بەکار بهێندرێت، چونکە ئەمەیان پرسێکی تەندروستی و مرۆڤانەیە، گرنگە هەرهەموومان پەرۆشی تەندروستیی یەکتر بین و بە ئەرکی بەرپرسیارانەی خۆمان هەڵبستین کە هەموشمان کۆکین، تەنها کۆرۆنا مەترسی نییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەئێستادا کێشەیەکی بەربڵاوی جیهانییە. زۆر لەو پیلانە گەورەتەرە کە دەیانەوێ بە زۆر کۆرۆنا بکەنە بابەتێکی سیاسی و یاری بە ژیان و چارەنووسی هاووڵاتیانەوە بکەن.

هەرچەندە ڕێکار و ڕێنماییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە ڕێکار و هەنگاوی گرنگ و پێویست بوون کە بوونە مایەی خۆشحاڵی و ستایشی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، دڵنیاشین لەم قۆناغەشدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامی بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی دەدات بە ئاراستەی سنووردارکردنی ڤایرۆسەکە بۆپاراستنی گیانی هاووڵاتیان لەمەترسی پەتاکە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بە پابەندبوونی





سەرۆک بارزانی .. پێشمەرگە و سەرکردەی مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە



محەمەد عومەر پێنجوێنی

گرنگیدانی جەنابی سەرۆك بارزانی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان (بەبێ جیاوازی) وەك هێزێکی پارێزەری وڵات لەڕووی پێکهاتە و ڕێکخستن و مەشق و توانست و پێداویستییە لۆجستییەکان و... هتد، بوونەتە بنەما بۆ دروستکردن و پیکهێنانی هێزێکی یەکگرتووی نشتیمانی کە بتوانێ بەرگری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان بکات.

هەڵبەت جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی، ڕێبەرێکی کاریزمادار و پێشمەرگەیەکی بەئەزموون و خاوەن شیان و توانی تایبەتە، هەر لە هەرەتی لاوێتییەوە سەرۆك بارزانی خاوەن هەڵوێستێکی نیشتیمان پەروەری و فیداکار بووە، هەمیشە خۆی بە پێشمەرگەی کوردستان زانیوە و هەردەم ئاوێتەی خەباتی شاخ و ئەرکی پارتیزانی و شۆڕشگێڕی بووە. هەردەم سەرۆك بارزانی سەرکردەیەکی مافخواز و ئاشتی خواز بووە، بەڵام هەگیز سەرۆك بارزانی سازشی لەسەر مافەرەواکانی خەڵکی کوردستان نەکردووە، بێشك لەم مەیدان و قوتابخانەی کوردایەتیدا سەرۆك مەسعود بارزانی مامۆستایەکی پسپۆڕ و شۆڕشگێڕێکی نیشتمانپەروەر و ڕابەرێکی کاریزمادار هەبووە کە جەنابی مستەفا بارزانی بووە، کە ئەستەمە لە ئاستی مستەفابارزانیدا قەڵەم بتوانێ تەنها دڵۆپێکی خەبات و تێکۆشان و قوربانییەکانی مستەفا بارزانی بنوسێت.لەم چەند دێرەدا دەخوازم تەنها خەسڵەتێکی لایەنی سەربازی و پێشمەرگەیی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بخەمەروو.

وێڕای ئەوەی سەرۆك بارزانی خاوەنی کاریزمایێکی ناوازە و تایبەتە، هەروەها لەڕوی سەربازییەوە سەرۆك بارزانی زۆر بلیمەت و بە توانایە، سەردار و فەرماندارێکی بەئەزموون و چاونەترسە، ژیانی پێشمەرگایەتی و نزیك بوونی لە جەنابی مستەفا بارزانی، ئەزموونێکی مەزنی سیاسی و سەربازی بە سەرۆك مسعود بارزانی بەخشیوە.

بێشك هەبوونی ڕێبەر و فەرماندە لەنێو هەر میللەتێکدا پێویستییەکی زۆر گرنکە، هەروڵاتێکی جیهان ناوی بهێنی دەبینی بە ڕێبەرێکی خۆی ناسراوە. بۆنموونە ئەمریکا بە (جۆرج واشنتۆن) ناسراوە و ئەڵمانیا بە (بسمارك) ناسراوە و فەرەنسا بە (بە ناپلیۆن و دیگۆل) ناسراوە و هیندستان بە (گاندی) ناسراوە و...هتد. بەم شێوەیە لەمێژوودا هەر وڵات و میللەتێك بە ڕێبەر و سەرکردەیەك ناسراون کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر بوون و ژیانی میللەتەکەیان و بوونەتە مێژوو و هێمای بۆ میللەتەکەی خۆ یا ن .

لەڕاستیدا جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی وێڕای ئەوەی پێشمەرگەیەکە لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، هەروەها بەڕێزیان ڕابەر و ڤەگەڕێکی کاریزماداره، هەروەها فەرماندەیەکی مەیدانی بلیمەت و شارەزایە، بەدرێژایی شەڕی دژ بە تیرۆرستانی (داعش) ساڵانی 2014، 2015، 2016، 2017 جەنابی سەرۆك بارزانی ڕۆڵی گرنگ و بەشداری ڕاستەوخۆی بەرەکانی شەڕ کردووە و بەردەوام لە نزیکەوە سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕ کردووە، هەروەها پێشووتریش هەرکە چەکی پێشمەرگایەتی کردۆتە شان جەنابی سەرۆك بارزانی چاودێری و بەشداری شەڕی پارتیزانی کردووە دژی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، هەڵبەت داستانی خواکورك (تەموزی 1988) یەك بووە لەو داستانانەی کە بەبەشداری ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر رژێمی سەددام حوسێن بەدەستهێنا و هەر لەوشەڕەدا جەنابی سەرۆك بارزانی پێشبینی گۆڕانکاری باردۆخی عێراق کرد و فەرمووی: « لەماوەیەکی زۆر کەمدا، زۆرشت ڕوون دەبنەوە و وەزعی ناوخۆی عێراق دەگۆڕی». هەڵبەت لە بەهاری ساڵی 1991 پێشبینییەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی هاتنەدی و کوردستان ئازاد بوو و دواتر ڕژێمی سەددام حوسێن ڕوخا .

وێڕای ئەوەی لەڕووی سیاسی و دەوڵەتمەداریيەوە هەرێمی کوردستان قۆناغێکی باشی بڕیوە و ئێستاکە هەرێمی کوردستان خاڵێکە لەسەر نەخشەی سیاسی و ئابووری جیهان و ژمارەیەکە لە نێو هاوکێشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق، لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە هەرێمی کوردستان لەڕووی سەربازیشەوە هێزێکی توکمە و یەکگرتووی نیشتیمان پەروەری هەبێت کەلەکاتی پێویست و تەنگانەدا بەرگری لە قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان بکات. بۆیە سەرۆك مسعود بارزانی هەردەم کاری کردووە و لەهەوڵی ئەوەدایە بەزووترین کات هێزی پێشمەرگە ڕێکبخات لە چوارچێوەی هێزێکی نیشتیمانی کوردستانی دوورلە کاریگەریی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان. بۆیە دەبێت هەموو کوردستانییەکی نیشتیمانپەروەر لەسەر دەمێن کەڤن ودێرین دا هەزرا قویتێ خو ژی دکر وئالف وئالیك بو گیاندارێن خو ژی وبەرهەمێن وانان بخو ئەو بخودان دکرن ودپاراستن بێ کو محتاجی نەمەردا ببن مینا نوکە ئەم مللەتەکین بتنێ چافێ مە یێ ل کەسەکی کا دێ چ پاریکەکی یان تشتەکی دەتە مە ئانکو ئەم ژ



خالد ئەحمەد بادی

(پشکا 2 و دوماهیك)

هەر دیسان دهەلگرتنا ئالیك و ئالفی بو گیاندارێن خو ژبو بەرسینگگرتنا ژقستانەکا بهێز وپری باران مینا دیهێن چلی و جهە وکا و رویسی و لویێن گیایی وگوینی و دروست کرنا کادینان ودروست کرنا دیهێن چللی ولوییێن گیایی ئانکو رویسیان وهەر پێتقیەکا هەیی بو گیاندارێن خو بەرهەف وئاماده دکرن چ بو گوە درێژ وهەسپ وماهین وهێستران وجانیکا بایە یان ژی بو پەز وبزن ومیە ومریشك وقاز وعەلوك و کوتر وهەمی جورێن دی یێن بالندە و گیانەوەران بایە , ژبو بدەست ڤە ئینانا بەرهەمێن خوارنێ ژئالیێ ڕێچالی ڤە مینا (ماست – پەنیر – ژاژی – کەشك – روین – هێك – ومرەبا – ڕێچول یان ڕێچال) وهەر دیسان ژبو بدەست ڤە ئینانا قویتێ خو بخو مینا (گەنم – ئار – ساڤار – دانهێرك – سمیتك – دانقوت – ماش - نیسك – گەنم شام – کولند – دوشاڤا باجانا – مێویژ – خوشاف – دوشاف – تەحین – کتکێن هژیرا – گویز – باهیڤ – کەزان – بێمك – توفکێن کولند وگولبەروژا) و هەمی جورێن خارنان بو وەرزێن سەخت وبارانی وپری بەفر .مەرەما مە ئەوە کو باب وباپیرێن مە لسەر دەمێن کەڤن ودێرین دا هزرا قویتێ خو ژی دکر وئالف وئالیك بو گیاندارێن خو ژی وبەرهەمێن وانان بخو ئەو بخودان دکرن ودپاراستن بێ کو محتاجی نەمەردا ببن مینا نوکە ئەم مللەتەکین بتنێ چافێ مە یێ ل کەسەکی کا دێ چ پاریکەکی یان تشتەکی دەتە مە ئانکو ئەم ژ مللەتەکێ زیرەك وخورستی بوینە مللەتەکێ نە زیرەك وبەرخور ئانکو (مستهلك) وتا کو ئەم نەشێین بەرگریێ ژخو بکەین یان بشێین بەرگریێ ژ هەر قەیرانەکێ بکەین وب تنێ دەستێ خو بو دوژمنان درێژ دکەین ول هیڤیی وبەر منەت وڕەحا دوژمنان بین .بابەتێ مە لسەر قەیران وبەرگریکرن ودیارکرنا جورێن ڤان قەیرانان لسەر ئاستێ جیهانێ . ل هەرێما کوردستانێ ئەم بەردەوام کەفتینە دناڤ قەیرانان دا وب سەدان بەلکو ب هزارەها جورێن قەیرانان مە دیتینە ومە لسەر خو بواندینە وقەیرانا مەزن وترسناك ئەم کەفتینە تێدا لسەر تا سەرێ جیهانێ کو ئەو ژی ڤایروسێ کورورنایە کو ل جیهانێ دیار بویە و بتایبەت ل یەکەم جار ل وەلاتێ چینێ وپاشان بەر بەلاڤ بویە بو پتریا وەلاتیین جیهانێ لێ یا ژ هەمیان ترسناك تر ئەوە کو گەهشتیە وەلاتێن جیران مینا ئیران وهەر دیسا یا ترسناك تر گەهشتیە کوردستانێ ژی ئانکو ل هەرێما کوردستانێ بەربەلاڤ بویە .زور یا گرنگ وفەرە ئەم وەکو وەلاتی وحکومەت وهەمی دام ودەزگایێن جودا جودا بجدی وهویری لسەر ڤێ پرسا ترسناك راوەستین وبەرامبەر ڤی ڤایروسی ب راوەستین وبەرێ وی ژ خو وژ مللەتێ کورد وهەرێما کوردستانێ دەرباز بکەین وخو ژێ قورتال کەین ومینا بەری نوکە لسەری مە گوتی کو کوردان زور قەیران ونەخوشی دیتینە وهەمی بوراندینە ب هیمەتا هەمی کوردستانیان وبلا ئەم هەمی خو ب پارێزین ودویر بکەین ژ هێرشێین دوژمنانە یێن ڤایروسێ کورونا کو بەلکی لسەر کوردستانا مە دا دەرباز ببیت . لەومە دێ بێژم زور فەرە گوە ل زانا وشارەزایا بکەین ژبو برێڤەبرنا ژیانا خو یا روژانە کو ژوان زانا وەرەوشەنبیران (البیر کامووی) دبێژیت (پشت راست بە دەمێ تو دشکێیی کەس تە لێك نا دەت ودەمێ تو دشەرەکی دا شکەستنێ دخوی وخوسارەت دبی چ کەس ولایەن تە ب سەر نا ئێخن , بتنێ ئیرادە وشیان وبزاڤێن تەنە و راوەستیانا تە لسەر پێن تە و وەستیانا نە بیت کو تو بخو پشت بەستنێ بدەیە خو وبشت بەستنێ بخو لسەر خو بکەیی وئەو هێزا لدەڤ تە هەیی دێ تە قورتال کەت وجارەکا دی لسەر پێت خو خو بگری , هەر دیسا پەیڤەکا دی یا جوان یا هەیی کو دبێژیت (نەکە گری بو بارودۆخ وروەشێن دونیایێ بەلکو بلا دونیا بو تە بکەتە گری) . ئانکو یێ بهێز بە پشت بەستیا خو لسەر خو بکە وچ کەس نا هێن مە بهێز بێخ نبتنێ ئەم بخو نەبین .لدوماهیکێ دبێژم بلا ئەم کورد ژی پشت بەستیا خو لسەر خوبخو بکەین ومینا جاران قویت وئالیك وئالفێن خو بدەستێ خو بەرهەم بینین ودێ بسەر هەمی قەیرانان دا زال بین .

یونس حەمەد- ئۆسلۆ

بۆ هەولێر !



کەسایەتییە دیارەکانی کۆمەڵگای عێراقی لە دوای ساڵی 2003وە بەردەوام هەڕەشەی تیرۆر و لەناوبردنیان لەسەرە، لە گەورەترین ئاستدا کەسایەتییەکان لەناو جەرگەی بەغدا یان شارەکانی دیکە بە شەو یان بە ڕۆژی ڕوونا ك دەکەونە بەر دەستڕێژی گوللە و دەکووژرێن، دواتریان ڕۆژی 6/7/2020 کەسایەتییەکی دیار و شارەزایەکی بواری ئەمنی و ئاسایش بووە قوربانی ئەم کردەوانە کە دەنگۆ و ناڕەزاییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، لەگەورەترین ئاستی جیهانیدا ئەم کردەوەیە ئیدانە و مەحکوم کرا، (هیشام ئەلهاشمی) لە زۆر شرۆڤەی بواری ئەمنی و ئاسایشدا ڕۆڵی هەبوو بە تایبەت لە میدیا و ڕاگەیاندنەکاندا هەمیشە بەشداری بەرچاوی هەبووە لە تێگەیاندنی ئاستی هۆشیاری ئاسایش و پێشلکارییەکانی گرووپە تیرۆرستییەکان و هەواداریکی زۆر بۆ شرۆڤە و لێدوان و قسەکانی پەیدا کردبوو، بەڵام ئەویش وەك زۆر کەسی دیکە لەلایەن کەسانی ناسراو و نەناسراو بوونە قوربانی مللمانێ و نەبوونی ئاسایش و ئارامی.

هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی تیرۆرکردنەکەیدا میدیا فەرمی و گرنگەکانی وڵاتان گرنگییان بەو هەواڵە دا چ لە سەر ئاستی کوردستانی و عێراقی و ناوچەکە هەروەها جیهانیشدا، ئەوەی زۆر سەرنجی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا لە میدیاکان وەك ئامۆژگارییەك کە ڕێنماییان کردبوو، لەلایەن کەسە نزیکەکانی بۆ ئەوەی تووشی سەر ئێشە و کردەوەی تیرۆرستی نەبێت شاری بەغدا جێ بهێڵێت و لە هەولێری پایتەختی کوردستان نیشتەجێ بێت، ئەمەش ئەوە دەسەڵمێنێت کە هەولێری پایتەخت لە ڕووی ئارامی و ئاسایشەوە بە پلەی یەکەم دێت، کەناڵ و دەزگا میدیاییەکان ئەم وەسفەیان خستەڕوو بەوەی کەسە نزیکەکانی (ئەلهاشمی)پێشتر ئاگاداریان کردبۆوە کە گرووپە توندڕەوەکان بەردەوام هەڕەشەی لە ناوبردنی لێ دەکەن و خۆی دەرباز بکات، خۆیشی ئەمەی نەشاردۆتەوە کە هەڕەشەی کوشتنی لەلایەن گرووپە توندڕەوەکان لێکراوە، بەڵام گوێی پێنەداوە. دوای 2003 هەولێر وەك پایتەختێکی بێ کێشە و ئارام هەمیشە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئازادیخوازان پێناسە کراوە، زۆر کەسایەتیی سیاسی و بازرگان و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و پیاوی کەسابەت بۆ ئەمانەتی ژیانی خۆیان هەولێریان بۆ ژیانی هەمیشەیی ئێستا و ئایندەیان هەڵبژاردووە، بەمەش توانراوە ژیانی ئاسایی خۆیان و خانەوادەکانیان لەسایەی حکوومەتی کوردستاندا پارێزراو بێت، کە ئەمە لەگەڵ شوێنەکانی ژێردەسەڵاتی بەغدا پێچەوانەیە !..

بۆ هەولێر لە ئارامیدا ناوی دێت؟ ئەمە پرسیارێکە پێویستە بوورووژێنرێت، حکوومەتی کوردستان زۆر ژیرانە لە ڕووی دابینکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ هاوڵاتیان کاردەکات، هەروەها نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی خەڵکی هەولێر وا دەکات خەڵك حەز و ئارەزووی ژیانی لەو شارەدا هەبێت، جگە لەمانەش هەولێر لەمێژوودا هەمیشە پەناگەیەك بووە بۆ لێقەوماوان، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە بێ پشت و پەنا بوونە، زۆربەی کەنەڵەکانی میدیای جیهانی بەئاشکرا ئاماژەیان بەوە کرد کە ناوبراو ئامۆژگاری کراوە بۆ ئەوەی هەرچی زووە شاری بەغدا جێبهێڵێت و ڕووبکاتە هەولێر بۆ زەمانەتی ژیانی خۆی و منداڵەکانی، بەمەش پایتەختی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە ئەوەی بۆ جیهان سەلماند کە تاکە شوێنە لە ناوچەکەدا شانازی بوونی ئارامی و ئاسایشی لێبکرێت.

بواری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بەغدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە خەراپی بەرەو خراپتر هەنگاو دەنێت، کردەوەکانی کوشتن و تیرۆر وەك کارێکی هەمیشەیی لێی دەڕوانرێت، جێگایەکی پرمەترسییە بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی ئەم بەناو دەوڵەتە، لەبەرانبەردا بۆ کورد جێگای شانازییە ئەم گەلە هەمیشە دوور بووە لە کردەوەی ناتەندروست و تیرۆرستی، بەردەوام هیوای بە ژیانی فرەیی و پێکەوە ژیان و تەبایی هەیە .

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (١) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٧٨٣٤٣٧ بەرواری ٢٠٢٠/٢/١٦ بەبڕی ٣٠٠٠٠٠ بەناوی هیمداد احمد محمد وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد /٤٧٣/ت.د/٢٠٢٠

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة /٤٧٣/ت.د/٢٠٢٠ المتضمن بيع العقار المرقم ٤٦ مقاطعة ٩٣ جوار عقرة في حصة المدين المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة /٤٧٣/ت.د/٢٠٢٠

الموقع ئاكرى/ جوار عقره المساحة ٤٤٠ م٢

الجنس بستان /تسقى سيحا القيمة المقدرة (٢٥,٤٠٠,٠٠٠) خمسة وعشرون مليون واربعمائة الف دينار عيراقي

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی یاسایی و گرێبەستەکان/ هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بەپێنی یاسایی فرۆشتن و بەکرێدانی مولکی دەوڵەت ژمارە (٣٢) لە (١٩٨٦) لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی رۆژی سێ شەممە ریکەوتی ٢٠٢٠/٨/١١ لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەمەبەستی بەکرێدانی کۆشکەکانی (دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ن. فریاکەوتنی ناوەند، ن. هەولێری فێرکاری، ن. فریاکەوتنی رۆژهەلات، ن. رزگاری، ن. ئافرەتان و لەدایک بوونی فێرکاری، سەنتەری لەدایک بوون و مردوان ن. ئاشتی لە سۆران، ن. لەدایک بوون لە سۆران، بنکەی تەندروستی سەروەران، ن. دەروونی، ن. نانەکەلی، ن. فریاکەوتنی رۆژئاوا، بنکەی تەندروستی نازدار بامەرنی، بنکەی تەندروستی مەلافەندی، بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی، ن. شەقلاوە، ن. پیرمام، بنکەی تەندروستی خانزاد، بنکەی تەندروستی سلێمان لە هرێر، سەنتەری تالاسیما) کەسی بەشداربوو پێویستە لەماوەی سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات بۆ هێنانی ئەستۆ پاکی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجی دەرامەت و دانانی بارمتەی یاسایی و هێنانی بایۆمەتری، هەر کەسێک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە ئامادەبێت لەشۆن و کاتی ئامژە پێکراو لەسەرەوە بەئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی.

دکتۆر/ دلۆڤان محمد فاتح جلال

بەڕێوەبەری گشتی

***

دادگەها بەرایی/ زاخو

ژمارە /١٠٣/ب/٢٠٢٠

مێژوو/ ٢٠٢٠/٧/١٩

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو (نجیب داود بطرس) جهێ ئاکنجیبینا تە یا بەرێ زاخو -- صلاح الدین ، جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە.

ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٧/١٣) ل داوا ژمارە (١٠٣/ب/٢٠٢٠) بریاردا ب مولک کرنا خانووبەرێ ژمارە (١٥٠٨/٥ کەرتێ ١٤ عباسیە) (عەرد وئاڤاهی) بناڤێ (نعمت محو دربـاس) ودگـەل خەرجی خستنە ئەستوو ماندیبوونی پارێزەر بـو بریکارێ داواکاری پارێزەر (سلیم حاجی علو) ب کوژمێ (١٤٠٠) دینار ، و ژبـەر دیارنەبینا جهێ ئاکنجیبینا تـە لدیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێت زاخو ژمارە (١٥٠١) ل ریکەفتـی (٢٠٢٠/٧/١٥) وهەڤپێچ دگـەل پەسـەندا هەلبـژارێ گـەرەکا صـلاح الدیـن کـۆ تێدا هاتیـە دیارکـرن ((ناڤـێ وی د دتومـارا مـەدا یـا هـەی بەلـی نوکـە ئـەم نزانـن ئاکنجیـێ کیڤەیـە و جهـێ ئاکنجیبونـا وی نـە دیـارە)) ، دادگەهـێ بریـاردا ب بەلاڤکرنـا ڤـێ ئاگەهداریـێ د دوو ڕۆژنامـە یێـن نافخـوی وڕۆژانـە دا ، دا تـو بهێیـە ئاگەهدارکـرن ب بریـارێ ، و ئـەڤ بریـارە هەلاویستیە لسـەر سـەرنەهێنانەبـەر ژ سـێندخانێ لدەمـێ نکولـێ ونەرازیبونـێ وتـە مافـێ نەرازیبیـن وپێداچوونـێ هەیـە دمـاوێ یاسـاییدا و بەروڤـاژیا ڤـێ چەنـدێ بریـار پـلا بنـبرێ وەرگـرت ...

دادوەر

یوسف الیاس سدن

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٢٣٤ /ش/ ٢٠٢٠

ریکەوتی / ١٩ / ٧ / ٢٠٢٠

راگەهاندن

بو / داوالێکراوی : روندك شریف ابراهیم

ڤـێ دادگەهـێ بریـاردا ل کێشـا ژمـارە (٢٣٤ /ش/٢٠٢٠) ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٧/١٣) بکەتنـا تەلاقـا داواکاری (اسـماعیل حسـن نـاصر) ژتـە بەرامبـەری ڤـێ دادگەهـێ (٢٠٢٠/٧/١٣) و ژبـەر نەدیـار بوونـا جهـێ ئاکنجیبوونـا تـە ول دیـف دەقـی یاسـایی کـو پێتقیـە ئاگەهداریـا تـە دەمـێ دەرکەتنـا بریـاری ژی ئاگەهداریـا تـە بێتـە کـرن ب ریـکا دوو ڕۆژنامیـێت ڕۆژانـە و تـە مافـێ نـە رازیبونـێ وپێداچوونـی یـێ هەیـی دمـاوەی یاسـاییدا و بەروڤـاژیـا ڤـێ چەنـدێ بریـار پـلا بنەبـر وەرگـرت.

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٢٣٣ /ش/ ٢٠٢٠

ریکەوتی / ١٩ / ٧ / ٢٠٢٠

راگەهاندن

بو / داوالێکراو : سیار نظیف فتاح

ل دیف داخوازا داواکار(میدیا سعید اسماعیل) وکیشا ژمارە (٢٣٣ /ش/٢٠٢٠) کـو تێدا داخـوازا ژیکڤەبـون (التفریق) و ژبـەر نەدیار بونـا جهـێ ئاکنجیبونـا تـە بـو دادگەهـێ ل دیـف نڤیسـارا بنگەهـی پولیسـین (سـیالکا) یـا ژمـارە (١٨٦٨) ل (٢٠٢٠/٧/١٩) و نڤیسـارا هەلبـژارێ تاخـێ (اشـکفتە مـارا) ئەڤجـا بریـار هاتـە دان کـو ئاگەهدارایـا تـە بێتـە کـرن ب ریـکا دوو ڕۆژنامیێـت ڕۆژانـە دا ئامـادە بەرامبـەر ڤـێ دادگەهـێ ل ڕۆژا (١١ /٨/ ٢٠٢٠) ل دەمژمێـر ٩ سـپێدێ یـان بریکارەکـێ پێـش خـو ڤـە ئامەدەبکـی و بەروڤاژیـا ڤـێ چەنـدێ دێ دادگەهـا تـە پاشـەملی هێتـە کـرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

ئاگادارى

بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان

من پارێزەر (دارا محمود مجید) کە بەپێی کۆنوسی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای گردە گۆزینە بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار) کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٢ بڕیار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا . ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .

پاکتاوکاری کۆمپانیا/ پارێزەر دارا محمود مجید

٠٧٧٠١٤٤٠٥٨٨

***

فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی / ٢

ژمارە / ٦٤٥

بەروار: ٢٠٢٠/٧/١٩

ئاگادارى

لەسـەر داوای هاوڵاتـی (ئـازاد ڕشـید محمـد أمین و فرهـاد ڕشـید محمـد أمین) کـە داواکارە بـە گۆڕیـن بـۆ سـەر نـاوی کۆمپانیـای (شـاز – بـۆ دروسـتکردنی دەرگا و پەنجـەرەی(P.V.C) بـۆ سـەر نـاوی کارگەکەیـان (هـەژان) بـۆ (دروسـتکردنی دەرگا و پەنجـەرەی(P.V.C) کـە ئامێرەکانـی تۆمـارە لەلامـان بـە ژمـارە (٥/ئامێـر/٢٠٢٠) لەبـەروارى (٢٠٢٠/٢/١٦) تکایـە لـە ڕۆژنامەکەتانـدا بـۆ یەکجـار بـڵاوی بکەنـەوە لـە دوای دەرچونـی بـۆ مـاوەی (١٥) ڕۆژ، جـا هەرکـەس و لایەنێـك لاری هەیـە لـە گۆڕینـی نـاوی ئـەم کۆمپانیایـە ئاگادارمـان بکاتـەوە بـە پێچەوانـەوە ناچـار دەبیـن کاری یاسـایی بـۆ ئەنجـام بدەیـن

سۆران یادگار رشید/ دادنووسی یەکەمی

فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/ ٢

٢٠٢٠/٧/١٩

***

تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی عینکاوە

جاردانی داواکاری سەر لەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێـی ئـەو داواکاریـەی لـە ڕێکەوتـی ٢٠٢٠/٧/٢٠ پێشـکەش بـەم فەرمانگەیـە کـراوە بـۆ سـەر لەنـوێ تۆمارکردنـی تـەواو خانووبـەرەی زنجیـرە (٤٣٤ تسلسـل عینـکاوە) گـەرەك (عنـکاوە) بەنـاوی عیسـی تومـا بویـا) کـە لەژێـر دەسـتییەتی بۆمـاوەی یاسـایی وەك خاوەنـی وە بەمەبەسـتی چەسـپاندنی خاوەندارییەتەکـەی بـۆ ئـەوەی بەپێـی یاسـایی تۆمارکردنـی خانووبـەرە ژمـارە (٤٣) سـاڵی (١٩٧١) تۆماربکرێـت بڕیارمانـدا داواکاریەکـە بڵاوبکرێتـەوە جـا هەرکەسـێك پەیوەنـدی هەبـێ یـا مافێکـی دیـاری کـراوی هەبـێ لەمـاوەی (٣٠ سـی) ڕۆژ لـە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەکـە بەڵگـەو قەوالـەی خـۆی پێشـکەش بـە بەڕێوەبەرایەتیـە بـکات و، (١٠)ی بەیانـی ڕۆژی دوای کۆتایـی مـاوەی ئـەو بڵاوکردنەوەیـە لەشـوێنی خانووبەرەکـە ئامادەبێـت بـۆ سـەلماندنی مافەکانـی لەکاتـی ئەنجامدانـی ئـەو نۆرینـە کـە لـەو ڕۆژی بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئەنجـام دەدرێ.

دلێر فتح الله شفیق

تێبینەری تۆمارگای خانووبەرەی عینکاوە

***

تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی عینکاوە

جاردانی داواکاری سەر لەنوێ

تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێـی ئـەو داواکاریـەی لـە ڕێکەوتـی ٢٠٢٠/٧/٢٠ پێشـکەش بـەم فەرمانگەیـە کـراوە بـۆ سـەر لەنـوێ تۆمارکردنـی تـەواو خانووبـەرەی زنجیـرە (٢١٣ تسلسـل عینـکاوە) گـەرەك (عنـکاوە) بەنـاوی غریبـە یلـدا تومـا) کـە لەژێـر دەسـتییەتی بۆمـاوەی یاسـایی وەك خاوەنـی وە بەمەبەسـتی چەسـپاندنی خاوەندارییەتەکـەی بـۆ ئـەوەی بەپێـی یاسـایی تۆمارکردنـی خانووبـەرە ژمـارە (٤٣) سـاڵی (١٩٧١) تۆماربکرێـت بڕیارمانـدا داواکاریـەکـە بڵاوبکرێتـەوە جـا هەرکەسـێك پەیوەنـدی هەبـێ یـا مافێکـی دیـاری کـراوی هەبـێ لەمـاوەی (٣٠ سـی) ڕۆژ لـە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەکـە بەڵگـەو قەوالـەی خـۆی پێشـکەش بـە بەڕێوەبەرایەتیـە بـکات و، (١٠)ی بەیانـی ڕۆژی دوای کۆتایـی مـاوەی ئـەو بڵاوکردنەوەیـە لەشـوێنی خانووبەرەکـە ئامادەبێـت بـۆ سـەلماندنی مافەکانـی لەکاتـی ئەنجامدانـی ئـەو نۆرینـە کـە لـەو ڕۆژی بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئەنجـام دەدرێ.

دلێر فتح الله شفیق

تێبینەری تۆمارگای خانووبەرەی عینکاوە

***

دادگەی بەرایی هەولێر/٣

ژمارەك ٢٤٥٢/ب/٢٠١٩/٤

ریکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٠

جاردان

بۆ داوالێکراو: (المدیر المفوض لشرکه رنج) سەرەڕای کارەکەی

داواکار (سـمیر حسـن عبـود) داوای ژمـارە (٢٤٥٢/ب/٢٠١٩/٤) لـە ریکەوتـی ٢٠٢٠/٣/٩ بڕیـاری پاشـملەی دەرهەقـت دەرکـردووە بـە پابەندکردنـت بـە گەڕاندنـەوەی خانـووی ژمـارە (١٥٢) لـە کۆمەڵگـای وەریـن سـتی. لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری (هەولێر/گونـدی ئینگلیـزی) لـە ٢٠١٩/١٠/٢٧) بۆیـە ئـەم دادگایـە بڕیاریـدا بـە پێڕاگەیاندنـت لەڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی ناوخۆیـی وە ئێـوە مافـی تانـەی (اعـتراض) وتێهەڵچوونـەوە و پێداچوونەوەتـان هەیـە لـە بڕیـاری نەهاتـووی پاشـملەی دادگا لەمـاوەی یاسـایی.

دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ١٨٥ /ش/٢٠٢٠/٣

ریکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٠

جاردان

بۆ داوالێکراو: (سفین حسن قادر)

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار: (دەریـا مصطفـی علـی) داوای ژمـارە (١٨٥ /ش/٢٠٢٠/٣) ی لـەم دادگایـە لەسـەرت تۆمارکـردووە، تیایـدا داوای (تفریـق بسـبب الهجـرە) دەکات، لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بۆیـە دادگا بڕیاریـدا بـە پێڕاگەیاندنـت لـە ڕێگـەی دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ڕۆژانـە، بەمەبەسـتی ئامەدەبوونـت لـەم دادگایـە لـەڕۆژی دادبینـی (٢٠٢٠/٨/٢٣) بەپێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێ بەشـێوەی ئاشـکراو پاشـملە.

دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

دادگەها بەرایی دهوك

ژمارە/١٠٣/ب/٢٠٢٠

ریکەوت/٢٠٢٠/٧/١٥

ئاگەهداری

بۆ/داوالێکراو (بهیز سروت طاهر سعید) جهێ ئاکنجیبونـا وی نەدیـارە ژبـەر داوا ل دژی تـە هاتیـە تۆمارکـرن بەرامبـەر ڤـێ دادگەهـێ ژلایـێ داواکار (مصلح یاسین قادر /ریڤەبـەری ریپیدایـی کومپانیـا ئاڤـا وەلات- زیدەبـاری کاری وی) ئـەوا تێدا داوای قـەرزی خـۆ دکـەت ژ کوژمـێ پـارە (٩,٩٠٠,٠٠٠) نـەە ملیـون ونـەە سـەد هـەزار دینـار ژبـەر نەدانـا قسـتی یـەکا ژمـارە (٤٦٧) ئاڤاهیـا (D3) ل پـروژی لیـلاف سـتی وژبـەر جهـێ ئاکنجیبونـا تـە نەدیـارە ل دیـف نڤیسـارا ریڤەبـەریـا ڕاگەهاندنـا دادی لـی دهوکـی ژمـارە (٩٥٣) ڕێکەفتـی ٢٠٢٠/٧/١٦ وراپورتـا هەلبژێـری تاخـی لیـلاف سـتی ڕێکەفتـی ٢٠٢٠/٦/٩ بریـاردا تـو بهێیـە ئاگەهدارکـرن بڕێـکا دوو ڕۆژنامێـن نافخـویی لدویـف مـادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بـۆ ئامەدەبوونـێ بەرامبـەر ڤـێ دادگەهـێ ل دەم ژمێـر (٩,٠٠)ی سـپێدێ ژ ڕۆژا ٢٠٢٠/٨/٢٦ وئەگـەر ئامەدەنەبـن یـان بریکارەکـێ پێـش خوڤـە نەهنێریـن دێ ب پـا شـملە وئاشـکرایی داوا بڕیڤـە چیـت ولدیـڤ یاسـایێ

دادوەر / عزیز محمد سعید

***

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ

ژمارە/٢٤٦/ب/٢٠١٩

ریکەفت/٢٠٢٠/٧/١٥

ئاگەهداری

لدیـف فەرمانـا دەرچـووی ل ڤـێ دادگەهـێ ب ژمارە ٢٤٦/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٩/٩/١٩ یـا پێـك هاتی ب نەهێشـتنی کوبەشـی (ازالـە شـیوع) زەڤیـا ژمـارە(٥٩٩١/١) کەرتـێ ٤١ کـری بانـی) ئـەوا سـالوخەتین وێ ل خـواڕێ دیارکـری بـو سـەر زێدەکرنـا ئاشـکەرا بـو مـاوێ (١٥/پـازدەە) ڕۆژا هـەر ژ ڕۆژا پشـتی بەلاڤکرنـێ ڤـێ ئاگەهداریـێ وهـەر کەسـێ بڤێنـت بەشـداریێ بکـەت بـلا سـەردانا ڤـێ تێبینەریـێ بکـەت بـو مـاوێ ٣٠ ڕۆژان هـەر ژ ڕۆژا پشـتی هاتنـا خـارا ڤـێ ئاگەهداریـێ ل ڕۆژنامـێ و دگـەل خـو بارمتەیێـن یاسـایی (تامینـات نقدیـة او کفالـة مصرفیـة) بینیـت کـو کێمتـر نەبیـت ژ ١٠٪ ژبهایـێ فروتنـی (٥٢١٩٠٥٠٠٠) پێنـج سـەدو بیسـت و ئێـك ملیـون و نـەە سـەدو پێنـج هـزار دینـار دێ ل سـەر ئێـك زێدەکـرن هێتـە کـرن ل دەمژمێـر (١٢) نیڤـرو پشـتی ڕۆژا دومـاهیـێ یـا ئاگەهداریـێ.

مافپەروەر/ نزار علی حسن

تێبینەری تۆمارکرنا خانووبەرە ل شێخان

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/١٨٩٢

ریکەوت/٢٠٢٠/٧/١٩

جاردان

بەڕێوەبەرایەتـی جێبەجێکردنـی هەولێـر ژمـارە ٣٥٩/٣٥٣ کـە کەوتوەتـە کەرتـی ٤٥ وارش دەفرۆشـێت, خاوەنەکـەی قـەرزار ظاهـر انـور رشـید کـە گلدانـەوەی خراوتـەوە سـەر لەجیاتـی قـەرزی فریـاد هـادی نبـی بەبـڕی/ ١٣٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیـۆن دینـار هەرکەسـێ ئارەزووەمنـد ٣٠ سـی ڕۆژ لـە ڕۆژی دوای ئـەم بڵاوکردنەوەیـە لەگـەڵ بارمتـەی یاسـایی کـە ١٠٪ نرخـە قرسـاوەکەیەتی وڵاتنامـەی عێراقـی ئامـادە بێـت و پـارەی تۆمارکـردن و دەلالیـش لەسـەر کڕیـارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ ٣٥٩/٣٥٣ ك ٤٥ وارش

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سـنوورو ئـاگاداری/ هـەر وەك لەنەخشـەکەدا هاتـووە

٤ – پێکهاتەکـەی/ لـە دوو خانـوو پێـك هاتـووە یەکـەم لـە دوو ژوور حـمام و مرافـق مطبـخ/ دووەم لـە سـێ ژوور حـمام و مرافـق.

٥ – ڕووبەرەکەی/ ٣٤٥م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ قەرزار خودی خۆی

٨ – نرخـی قرسـاو/ ٢٠٤,٠٠٠,٠٠٠ دوو سـەدو چـوار ملیـۆن دینـار.

***

دادگەها کەتن سێمێل

ژمارە: ٢١٣/کەتن/٢٠٢٠

ریکەفتی: ٢٠٢٠/٧/٧

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتباری ڕەقی/ احمد شیخ موس علي

دەمـێ تـو یـێ تومەتبـار د کێشـا ژمـارە ١٩٣/اسـاس/٢٠١٩ ئـەوا هاتیـە تومارکـرن ل نڤیسـینگەها سـێمێل لدیـڤ بەندێ ٤٥٦ ژ یاسا سـزا ژبـەر کـو جهـێ ئاکنجـی بوونـا تـە نەیـێ نەدیـارە بریـار هاتـە دان تـو بهێیـە ئاگەهدارکـرن بریـکا بەلاڤکرنـێ ب دوو ڕۆژنامێـن نافخـویی دا ئامەدەبـی بەرامبـەری ڤـێ دادگەهـێ سـێیەمیا ڕۆژا ٢٠٢٠/٩/١٣ بەڕوڤـاژی ڤـێ چەنـدێ دێ دادگەهکرنـا تـە هێتـە کـرن ب پاشـملە (غیابـی) لدیـڤ یاسـایی.

دادوەر/ بیان ادیب رشید

دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١

ژمارە/ ٩٨٩/ش/٢٠١٩

ریکەوت/ ٢٠٢٠/٧/١٩

داواکار/ لیزان هێرش ابوبکر ناونیشان: سلێمانی

داواڵەسەرکراو/ عزام حازم الحیالی ناونیشان: نادیارە

داواکار لیـزان هێـرش ابوبکـر داوایەکـی بـە ژمـارە ٩٨٩/ش/٢٠١٩ لـە ٢٠٢٠/٢/١٨ بریاربـدا بـە جیابوونـەوە و لەبـەر نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێبوونت دادگا بریـاری دا ئاگادارتـان بکاتـەوە بەهـۆی دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ڕۆژانـەوە ئەگـەر لـە مـاوەی یاسـاییدا هەلنەسـتیت بـە تانـە لێدانـی پیاچونـەوەی بریارەکـە ئـەو بریـارە پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ کامل توفیق سعید

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە/ ١٦٩/ب/٢٠١٩/٤

ریکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو تاهیر ئاپێ/

بەڕێوەبەری کۆمپانیای IFC

داواکاران (نجـم الدیـن حمـد مصطفـی) (جوهـر مولـود عزیـز) داوای ژمـارە ١٦٩/ب/٢٠١٩/٤ی لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرتان بـە پابەندکردنـت بـە گەراندنـەوەی بـری پـارەی کرێـی مانگەکانـی ٨-٩-١٠-١١-١٢ی سـالی ٢٠١٩ مانگـی ١ی سـالی ٢٠٢٠ کـە دەکاتـە ٢٧,٠٠٠,٠٠٠ دینـار وە لەبـەر نـەوەی شـوێنی دانیشـتنی نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری هەولێـر/ گەرەکـی ماردیـن) بڕیـە ئـەم دادگایـە بریـاری دا بـە پێڕاگەیاندنـت لەڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ڕۆژانـەی بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە بـۆ ڕۆژی دادبینـی (٢٠٢٠/٨/١٧) کات (٩) ی بەیانـی بەپێچەوانـەوە دادبینـی بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت..

دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە/ ٢٠٢٠/٣٦١

ریکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٠

ئاگادارى

بۆ/ سامان برهان سعدی

لەبـەر نەزانیـن و نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێبوونت بڕیـە بەپێـی مـادەی ٢٧ لـە یاسـای جێبەجێکـردن بریـاردرا لـە ڕێـگای ڕۆژنامەیەکـی ناوخـۆوە پێـت ڕابگەیێنیـن تـا لەمـاوەی ١٥ ڕۆژ لـە ڕۆژی دوای بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە لەبـەردەم ئـەم بەڕێوەبەرایەتیـە ئامادەبێـت بـۆ ئەنجامدانـی ڕێکارەکانـی جێبەجـێ کردنـی دانـەوەی قـەرزی فرمـان کاکل ڕشـید کـە بـڕی ٣٦٦,٥٠٠ دۆڵار نەگەرنـا بەپێنـی یاسـا ناچـار دەکرێـت قەرزەکـە بدەیتـەوە.

جێبەجێکاری داد/ کالێ قادر پیرۆت

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/ ٢٠١٩/٣٧٠٩

ریکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٠

جاردان

بەڕێوەبەرایەتـی جێبەجێکردنـی هەولێـر بەشـی قـەرزار مولکـی ژمـارە ١/٣٦٥ کـە کەوتوەتـە خانقـاء دەفرۆشـێت, خاوەنەکـەی قـەرزار لقمـان بـلال عزیـز کـە گلدانـەوەی خراوتـەوە سـەر لەجیاتـی قـەرزی مـازن بـلال عزیـز بەبـڕی/ ٣٨١,٦٠٠,٠٠٠ ملیـۆن دینـار هەرکەسـێ ئارەزووەمنـد ٣٠ سـی ڕۆژ لـە ڕۆژی دوای ئـەم بڵاوکردنەوەیـە لەگـەڵ بارمتـەی یاسـایی کـە ١٠٪ نرخـە قرسـاوەکەیەتی وڵاتنامـەی عێراقـی ئامـادە بێـت و پـارەی تۆمارکـردن و دەلالیـش لەسـەر کڕیـارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه

١ – شـوێن و ژمـارەی/ هەولێـر ١/٣٦٥ خانقـاء بـازاری شـێخ اللـه

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سـنوورو ئـاگاداری/ هـەر وەك لەنەخشـەکەدا هاتـووە

٤ – پێکهاتەکـەی/ لـە یـەك بینـاء یـەك نهومـی (١٠٢) دووکان پێـك دێـت.

٥ – ڕووبەرەکەی/ ٥٨ ، ٦م٢ ، ١ دۆنم

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشـتەجێکەی/ سـەرجەم دووکان و بینـاء کرێچـی تێدایـە.

٨ – نرخـی قرسـاو/ ٩٥٣,٠٥٢,٦٧٢ ملیـۆن دینـار بەشـی قـەرزار

***





فەرشی دەستچنی هەریر پێناسی شار



کاروان کەریمخان *

نـاوی هەریر (هەریـر) کـە عەرەبیەکەی، هەوریشـم یان ئاوریشـمە هـەر لە بۆ پیشەسـازیی قومـاش و پارچەی هەریـر نالّەی دێت. بـە جۆرێک کـە دەکرێ ئەم ناوە لـە ڕوالّەتێکی ڕووت بمێتـە ناوەرۆکێکـی پڕبەرهەم و ببێتـە ئەنگیزەی کار و ببێتە هۆی فەرهەنگی دارهەڵواسـینی تەون و فەرشـی دەسـتچن لـە کونجی دوکان و مالّەکانـی ئەم شـارە. جگە لە دانـی پێناسـی فەرهەنگی و ڕاخسـتنی بەڕێک بۆ کۆکردنەوەی پارە، دەکرێ هەر بە بڕەودانی کەلتووری فەرشـی دەسـتچن شـاری هەریر ببێتە شـوێنێکی گەشـتیاریی کەلتووری و بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ بازاڕ ڕەونەق بگرێ و دوکانەکانی شـار گـەڕ بگرن و بەرهەمەکانی دیکەی ئەم شـارەی پێ سـاغ بکرێنەوە.

بـۆ ئەم مەبەسـتە پێویسـتیمان بە تێگەیشـتنی پـتری ڕووناکبیـران و هاوکاریی خەڵکی خودایێداو و خەڵکی شـار و پشـتگیری وەزارەتی پەیوەندیـداری حکوومەت و بەڕێزانـی کارگـەی فەرشـی هەریر هەیـە. ئەوەی جێـگای دڵخۆشـیە ئەوەیە کە زەمینە و بەسـتێنی کارکردی و پێداویسـتی کارگەی فەرشـی خۆماڵی و دەستچن لە هەریـر هەیە و بەشـێکی خەڵکەکـە لە گەڵ هونـەری فەڕش و تەون¬چنین ئاشـنان و ئەزموونـی کاریان هەیە. خۆشـبەختانە لایەنـی پەیوەندیداریش شـوێن و کارگە و پێداویسـتی بۆ دابین کردوە. بـەڵام ئەوەی جێی پرسـیارە ئەوەیە بۆچـی بەم حاڵەش کوالیتـی کار وەک پێویسـت نیە و ڕەواجی لە ئاسـتی چاوەڕوان¬کـراودا نیە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسـیارە پێویسـتە بابەتەکە زیاتر بکەینەوە و سـەرەتا بە شـێوەیەکی گشـتی چاوێک بە هوونەری فەرشی دەسـتچندا بخشێنینەوە.

هونـەری قالی و فـەڕش جگە لە ڕەهەنـدی ئابووری، بـە تایبەتی بـۆ چینی بێبەش و کۆچەر و گوندنشـین، وەک زۆر نەتەوەی دیکە بەشـێکە لە هونەری نیشـتیمانی و کەلتـووری نەتەوەیی و لەو نـاوەدا ڕێچکەی تایبەتی هەیە و نەقشـی فەرشـی ئیلام و بیجـار و سـنە و شـێوە و ناسـنامەی تایبەتی خۆی لە نـاو نەتەوەکانـی دیکەی ناوچەکەدا هەیە. بۆیە پێویسـتە بە چاوی نەتەوەمەندانە سـەیر بکرێـت و بەرنامەی بـۆ دابنرێت بۆ ئـەوەی بڕەوی زیاتـری پێببڕێت.

نەتـەوەی کورد بە هـۆی زۆربوونی ناوچـە عەشـایێرییەکان و زار و زاراوەی جیاجیا، شـێوە و نەقشـی فراوانیان بۆ چنینی فەڕش هەیە. ئەڵبەتە بەشـێکی بـە هۆی ژیانی کۆچ¬نشـینی، کاریگەری لە نەتەوەکانی دیکەش وەرگرتووە. بە گشـتی نەقشـەکانی فەرشـی کوردی بریتین لە: نەقشـی حەوزی، نەقشـی گوڵی هەشـت پەڕ، نەقشـی خوراسـانی، دەسـکە گوڵی سـێ پەڕ و... . لـەو ناوە فەرشـی بیجار کـە جۆرەکانی بریتین لە ڕاوگە و مینیاتۆر و... ناوبەدەرن و فەرشـی سـنە و ئیـلام زۆر بە ناوبانگن و لێرەدا ناماندوێ باسـەکەی پـێ درێژتر بکەین.

هەرێمـی کوردسـتانیش وەک زۆربـەی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان بە هۆی پیشـەی مـەڕداری و زۆربوونـی خووری، تـەون و قالی و فەرشـی لـە کۆنەوە لێ چنراوە و نەقشـی خـۆی هەبوە. بـەڵام زیاتر بە مەبەسـتی ڕایەخ و فرۆشـتن کەلکی لێوەرگیـراوە و کەمتر بیـر لە ڕەهەنـدە هونـەری و نەتەوەییەکەی کراوەتـەوە. دوای ئەوەی فەرش لـە ڕایەخ و سـەرئەنداز ڕا بوە شـتێکی فاخر و بە شـێوەی تابلّۆفەرش کەوتـە بـازاڕی دەوڵەمەندان دیسـان ڕوانینـەکان ڕوانینـی پارەمـەداری بوو نەک هونـەری نیشـتیمانی. بەڵگەش ئەوەیە تا ئێسـتا بیر لـەوە نەکراوەتەوە ئـەم توانا و کەرەسـتەیە بۆ نیشـاندانی سـیمبولە نەتەوەییەکانمان بەکار بێنین. لێرەدا دەمانەوێ بەم دیـدگا ئابووری، هوونەری و نەتەوەییە سـەیری ئەم پیشـە بکەیـن و بیپارێزین و بـەرەوی پێببەین.


پێویسـتە ئەوە بزانین کە فەرشـی دەسـتچن کرێـاری تایبەتی خۆی هەیە و ئێسـتا بۆتـە کاڵایەکـی گرانترخی لاکچـەری و زۆربـەی وڵاتانـی دونیا دەیکـڕن. ئەگەر کارگەیەکـی وەک کارگەی فەرشـی هەریر بتوانێ نـاو دەربکات و نەقشـی تایبەتی خۆی هەبێـت و ڕەنگی پێناسـی خـۆی هەبێت کەمێک ئینسـیجامی پـێ بدرێت دەناسرێـت و هـەوادارى لە بۆ پەیـدا دەبێ.

بۆ ئەم مەبەسـتە جگـە لەوەی سـەردانی کارگـەی هەریرمان کرد و کارناسـی ژیر لێپان ڕوانی و دوای ڕاوێژ بە کارناسـان گەیشـتینە ئەوەی کە ئەم کارە لە ئاسـتێکی بـاڵادا نیە و بە ئاسـانی دەکرێ بـە پێی ئەم توانایانـەی خوارەوە پـەرەی پێببڕێت.

1ـ بوونی کارگەکە و سوولەی تایبەت و کەرەستە پێویستەکان؛
2ـ بوونی هونەرخوازان و ئەزموونی کارییان و بەرهەمدان؛
3ـ بەشێکە لە وەزارەتی ڕۆشەنبیری و هونەرخوازان موچە وەردەگرن؛
4ـ توانای ئەوەی هەیە ببێتە پیشەی ناو ماڵان؛
5ـ ناوی حەریر لە فەرش جوانە و دەبێتە ناوێکی سەرنج ڕاکێش لە ناوخۆ و دەرەوە؛
6ـ دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی داهاتی خەڵکی ئەم شارە و گوندەکانی دەوروبەری؛
7ـ خانمانی وڵات دەتوانن ببنە خاوەن داهاتی سەربەخۆ؛
8ـ دەکرێ ببێتە پێناسەی شار و هەریر بە هۆی فەرشەوە بدرەوشێتەوە.


بە پێـی ئەم توانایانە و ئـاڕەزووی دروسـتکردنی پێناسـەیەکی بەناوبانگی دیکە بۆ شـاری هەریر و ئومێدی سـەرکەوتن سـەرنجەکانمان بوونەتـە ئامانجگەلێک کە لە خوارەوە ئاماژەیـان پێدەکەین:

1ـ لە ڕووی ئابووری ببێتە سەرچاوەی داهاتی شارۆچکەی هەریر؛
2ـ کاری فەرش لە کارگە پەرەبستێنێ بۆ ناو ماڵەکان؛
3ـ خواستی کڕین لە ناوخۆ و لە دەرەوەی وڵات بەرز بکرێتەوە؛



وێنەی 1 نەقشەی دیجیتاڵی





وێنەی 2 وێنەی ڕاست نەقشەی دەستی، وێنەی چەپ نەقشەی دیجیتاڵی



وێنەی 3 وێنەی دیجیتاڵی

4ـ فشاری داواکاری کارمەندیی لە سەر حکوومەت سووک بکرێت؛
5ـ هونەری فەرش بە ئامانجی نەتەوەیی و نیشتیمانی وەکار بخرێت؛
6ـ فەرشی هەریر بکرێتە پێناسە و شوناسی شارۆچکەی هەریر و دەوروبەری.

دوای لـە چاوکردنی چاویلکـەی کارناسـانە وەک بەڕێوەبەرایەتی ناحیـەی هەریر بۆ گەیشـتن بەم ئامانجانە پێویسـتە ئەم بەرنامانـە بگیرێنە بەر؛

1ـ دەورەیەکی تایبەتی یەک هەفتەیی بۆخۆڕایی بۆ هوونەرخوازان بکرێتەوە؛
2ـ نەقشەی دەستی بکرێتە نەقشەی دیجیتاڵی؛
3ـ گۆڕینی کوالێتی جۆر و ڕەنگی بەن بە شێوەی دیجیتاڵی؛
4ـ دیـاری کردنـی نەقـش بە پێـی سـیمبول و نیشـانەکانی ژیـار و فەرهەنگی کو ر د ستا ن ؛
5ـ لە ڕووی تەندروستی گرینگی بە هونەرخوازان بدرێت؛
6ـ خێرایی و میتراژی کار بچێتە سەر؛
7ـ هونەرخوازی زیاتر پێببگەیێندرێت؛
8ـ بانگهێشـتی دڵسـۆزانی شـار و توانمەندان بۆ ئەوەی لە ڕووی مادەی دەسـت بۆ بەرکە بەرن.

ئەگەر بە چاو کارناسـانە سـەیری کاری ئێسـتای ئەم کارگەیە بکرێـت دەبینین کە خێرایـی کار لەم کارگەدا کەمـە (مانگانە 12 مەتـر) و کوالێتی بەنەکان لە ئاسـتی زۆرباشـدا نیە و تەرح و نەقشـی تابلـۆکان لـە ڕووی نەتەوەیی زۆر مەبەسـتدار نین و پـەرش و بلّاون و هەروەها نەقشـەی فەرشـەکان بە شـێوەیەکی کلاسـیکی دەکێشرێتـەوە و دەخرێتە ناو خشـتە و خاڵبەندیـی دەکرێت.

ئەم جۆرە کارە ئێسـتا باوی نەمـاوە؛ چوونکە نەقشـەی کۆنی دەسـکرد خێرایی کار دەهێنێتـە خـوارێ و هەڵـە و پەڵەی زۆرتـری تێـدا ڕوودەدات و لە نـەزم دەردەچێ. هۆکاری ئەم کێشاسـیانە ئـەم خاڵانەن:

1ـ لە کۆڵکردنەوەی ئەرک بۆتە هۆی دابەزینی حەز و ئەنگیزەی کار؛
2ـ بوونی تەنها یەک دیدگای ئابووری دەوڵەتی؛
3ـ دیـدگای کاری کارمەنـدی هاتۆتـە جێی هونەرێکـی ناب و نایابـی وەک فەرش چنین ؛
4ـ بێ ناوبانگی و لاوازی ریکلام بە هۆی نزمی کوالێت؛
5ـ لاوازی بەرنامە و شێوازی بەڕێوەبردن و پەراوێزخستنی شاری هەریر؛
6ـ کەلک وەرنەگرتن لە نەقەشەی دیجیتاڵی؛
7ـ پلە یەک نەبوونی ماددە سەرەتاییەکان.

ئـەوەی کە لە هەموو شـت زیاتر جێی سـەرنجی کارناسـانە ئەوەیەکە کە فەرشـی دەسـتچنی هەریر هەر بە شـێوازی نەقشەی کۆن و دەسـتی ئەنجام دەدرێت. نەقشەی کۆن بە دەسـت لە سەر بەرگێکی شـەترەنجی بە شـێوەیەکی موتەقارن دەکێشرێتەوە و بە دەسـت ڕەنگ و پڕخاڵ دەکرێت. سـی سـاڵ دەبێت ئەم جۆرە نەقشـە کێشـانەوە بـاوی نەماوە و نەقشـەی دیجیتاڵـی هاتۆتە شـوێنی کۆنەکە. نەقشـەی دیجیتاڵی کارێکی ئاسـانە تەنهـا وێنەی مەبەسـت دەدرێتـە بەرنامەیەکـی کۆمپیۆتەری و بەرنامەکـە لە جیاتی نەقشـە، ژمارە و کـۆدی ڕەنگەکان بە پێی سـتاندەرە ناسراوەکان دیاریی دەکات، بـە پێی کۆدەکان و فەڕشـەکە بەن و ڕەنگـی ورد داوا دەکرێت.

ئێـتر هونەرخواز پێویسـت ناکات سـەیری وێنـە بـکات، تەنها بەنـە کۆدکراو و ژمـارەدارەکان گرێ دەدات لە کۆتاییدا فەڕشـێکی وێنەئاسـای وەک وێنـەی کامیرا دەردەچێت. لـە بەرامبەردا نەقەشـەی کـۆن ئەم خرابیانـەی هەن:

1ـ هەڵە و پەڵە بەدوای خۆیدا دێنێت و کوالێتی کار دادەبەزێنێت؛
2ـ نەقشەی دەستی دەبێتە هۆی داکشانی خێرایی کار؛
3ـ نەقشەی دەستی دەبێتە هۆی تێکدانی چاوی هونەرخوازان؛
4ـ نەقشەی دەستی ماندووکەرە و هونەرخوازان درەنگتر لێی فێر دەبن؛
5ـ نەقشەی دەستی دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی میتراژ؛
6ـ نەقشەی کۆن خواست لە سەر فەڕشی دەستچن دێنێتە خوارێ.

کارکردن بە نەقشـەی دیجیتاڵـی کلیلی سـەرکەوتنی کارگەی فەڕشـە و ئەم لایەنە ئەرێنیانەی هەیە:

1ـ نەقشـەکە بە چەنـد چرکەیـەک ئامادە دەبێـت، تەنیا پێویسـتە وێنـە بدرێتە بەرنامـەی کۆمپیۆتەر؛
2ـ نەقشەکە زۆر ورد و ڕوونە؛
3ـ خێرایی کار دەباتە ئاستێکی سێ ئەوەندە؛
4ـ بەرهەمی کار بە بێ ماندووبونی پێشوو چەند ئەوەندە زیاد دەکات؛
5ـ تەندروستی چاوی هونەرخواز دەپارێزێت؛
6ـ خواستی بازاڕ وەگەڕ دەکەوێت؛
7ـ هەر وێنەیەک بە ئاسانی دەبێتە نەقشە؛
8ـ بەنـەکان کۆدبەنـدی دەکرێن و کۆدەکان ژمارەی ئیسـتاندارد و بەشـێوەی دەفتەر دەدرێنە هونەرخواز؛
9ـ کـۆدی بەنـەکان بەپێی ڕەنگی وێنە دیـاری دەکرێن بۆ وێنە ڕەنگی سـوورێکی بەر



وێنەی 4 تابلّۆفەرشی کچی کورد، وێنەکێش کاتوزیان (نەقشەی دیجیتاڵی)

سـێبەر لە گەڵ ڕەنگی سـورێکی بەر هەتاو کـۆدی جیایان دەبێت؛
10ـ هەر کەسێک ئاستی خوێندەواری سەرەتایی هەبێت بە ئاسانی فێر دەبێت.

بە مەبەسـتی گەیشـتن بـەو ئامانجانەی لە سـەرەوە ئاماژەیـان پێدرا بـە تەماین جولەیەکی دیکە وەبـەر ئەم کارگەدا بێنیـن. میکانیزمی کارمان بەم شـێوەیە دەبێت؛

1ـ هەوڵ دەدەین ڕاسـتەوخۆ ناحیە ببێتـە چاودێری کارگەی فەڕشـی هەریر بۆ ماوەی ساڵێکی کاری؛
2ـ لـە لایەن هونەرمەندانی پسـپۆڕ دەورەیەکـی فێرکاریی بۆ هونەرخـوازان بۆ ماوەی یەک هەفتە بە خۆڕایـی دادەنێین؛
3ـ ئەگـەر هونەرخـواز توانی زیاتر لـە داواکاری حکوومەت فـەڕش بچنێ زیادەکەی بۆ خـۆی دەبێت؛
4ـ یارمەتی ئەو هونەرخوازانە دەدەین کە داری فەڕش لە ماڵەوە هەڵ بخەن؛
5ـ چەندین نەقشەی دیجیتاڵی بە خۆڕایی دەدەینە کارگە؛
6ـ ئامادەکردن و وەرگێڕانـی بەرنامەی فێرکاریی وەک کەتەلـۆک و بەرنامەی ڤیدیۆیی بۆ کارگە و هاوڵاتیانـی ئاوەزوومەند؛
7ـ هونەرخـوازی نوێ هـان دەدەین تاکوو لە تابلّۆفەرشـی 20 س.م دەسـت پێبکات بۆ ئەوەی تێچـووی زۆر نەبێت.

پێویسـتە هونەروەرانی کارگە زیاتـر بە کاری نوێی ڕۆژ ئاشـنا بکرێن و ئەوان خۆیان هەندێک بابەت لە سـەر چۆنیەتی فەرشـی دەسـتچن بەپێی پێشـکەوتنی نوێ فێر بـن. داوا لە هونەرخـوازان دەکەین لـە ڕێگەی ئەنتەرنێـت بەرنامـە فێرکارییەکانی هونـەری فەڕش سـەیر بکـەن. هیـوادارم ئـەم بیرۆکـە وەک پڕۆژەیەک لـە لایەن وەزارەتی ڕۆشـەنبیری بە هەنـد وەربگیرێت.

هەروەهـا داوا لە خەڵکی پێوەسـتاو و دارا دەکەیـن هاوکاریمان بکـەن تاکوو بتوانین فەرشـی دەسـتچنی ئەم شـارە بکەینـە شوناسـی هەریـر و هۆکارێکـی دیکەی گشـەکردنی ئابووری شار.

*** بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر.**

ڕۆمانی سەربوورەی دایک

سەدیق سەعید ڕواندزی

لە ژیانی مرۆڤدا، هیچ ڕووداوێك وەكو شەڕ، مایەی ترس و نائومێدی و نەهامەتی نییە. لە هەر شوێنێك جەنگ هەڵگیرسا، دەبێ چاوەڕوانی هەموو كارەساتێكیش ببین. مێژووی مرۆڤایەتی، هێندەی مێژوویەكە لە شەڕ و كوشتن، هێندە مێژووی داهێنان و جوانترکردنی ژیان نییە. هەمیشە خوێن، شەڕ و ئاشووب، بەشێك بوونە لەو مێژووە. دەشێ ئەوەی بە دەیان و سەدان ساڵ بینای دەكەین، لە چەند خولەكێكدا، شەڕ وێرانی بكات و هەزاران ساڵ بیگێڕێتەوە دواوە. لە شەڕدا، هەر تەنها مرۆڤەكان نا، بەڵكو سروشت و ژینگە و نیشتمانیش وێران دەبن و سیمای ڕاستەقینەی خۆیان نامێنێت. دایكان و ژنان بەگشتی، قوربانی و سووتەمەنی هەمیشەیی شەڕن، ئەگەر لە بەرەی شەڕیش نەبن. چونكە ئەوەی دواجار بە هۆی شەڕەوە دەسووتێت، ناخ و دڵ و دەروونی ئەوانە.



ڕۆمانی (سەربوورەی دایك) ی ڕۆمانووسی بە ناو بانگی جیهانی جەنگیزی ئیتماتۆف، باس لە نەهامەتییەكانی دایكێك دەكات، كە چۆن شەڕ لە هاوسەر و كورەكانی دەكات و ئەوەی بۆی دەمێنێتەوە، تەنها یادگاریەكانن. ئەم ڕۆمانە، چیرۆكی دایكێك بە ناوی تالنگای دەگێڕێتەوە، كە چۆن خۆی و هاوسەرەكەی، لە گوندێكی ساده و دواكەوتوو، بەڵام ئاسووده و بە ختەوەر دەژین. ڕووداوەكان پەیوەستن بە جەنگی جیهانی دووەمەوە. تالنگای و سۆڤانۆكۆلی هاوسەری، وەك دوو هاوسەر، هاوكات وەك دوو جوتیاری نموونەیی، لە گوندەكەیان بە كشتوكاڵكردن و كاری كۆڵخوازییەوە سەرقاڵن. ئەوان ژیانێكی ساده و ئاسایی دەژین، بەڵام بەختەوەریشن و ئەو ژیانەی خۆیان بەلاوە جوانە. ئەم دوو هاوسەرە، سەرەنجام سێ منداڵیان، كە هەر سێكییان كوڕدەبن بە ناوی (قاسم و جایناك و ماسك)دەبێت و گەورەیان دەكەن و وەك هەر دایك و باوكێكی دیكەی ئەم دنیایە خەونییان ئەوەیە، منداڵەكانییان بگەنە دوا ڕۆژێكی بەختەوەر. ئەو خێزانە لە گوندە بچووكەكەی خۆیانەوە، بە ژیانی جوتیاری و كشتوكاڵكردنەوە، ژیانییان دەبەنە سەرووە، پەیوەندییەكی ڕوحییان بە خاك و زەوییەكانیانەوە هەیە. ئەو ژیانە ساده و بەختەوەری ئەوان، لە پڕ دەشێوێت، كاتێ هەواڵێ ئەوە لە گوندەكەدا بڵاو دەبێتەوە، كە جەنگ هەڵگیرسا. هەواڵێكی بچووك، بەڵام گەورەترین نەهامەتی و ناخۆشی لە دوایە. نازییەكان پەلاماری سۆڤییەت دەدەن و پیاوەكان پۆل پۆل بەرەو بەرەكانی شەڕ بەڕێ دەكەون. سۆڤانكۆلی باوك و هەرسێ كوڕەكەشی، وەك هەر گەنج و لاوێكی دیكەی وڵات، كە سووتەمەنی بەردەوامی و بەلاداخستنی شەڕن، دەچنە بەرەكانی جەنگ و تالنگای دایك و ئالیانی بووكەكەی، مانڵاوایی لە هاوسەرەكانییان دەكەن. دوای ڕۆیشتنی ئەوان و بگرە پیاوانی هەموو گوندەكەش، ئەو دوو ژنە شان دەدەنە بەر سەختی ژیان و ناچارن بە زەوی كێڵان وكشتوكاڵكردن، ژیانی خۆیان ببەنە سەر. لە پڕ هەواڵێكی دڵتەزێنییان پێ دەگات، كە سۆڤانكۆڵ و قاسمی كوڕی بە یەكەوە لە پێشەوەی بەرەی شەڕ، لە بەرگریكردن لە مۆسكۆ و دژی سوپای نازی كوژراون. بەمەش تالینگایی و بووكەكەی بەیەكەوە بێوەژن دەبن و ئەم خەمە دەیانهەژێنێت. ئەمە لە كاتێكدا پێشتریش جایناكی كوڕە بچووكەكەشی هەر لە جەنگدا، بێ سەرو شوێن ببوو. ئەم دوو ژنە، كە كۆست كەوتووی شەڕن و بێ چاودێریی و بێ سەرپەرشتی ماڵ ماونەتەوە، هەواڵدەدەن ئەو كۆست و خەمە لە بیر بكەن و خۆیان لەگەڵ ئەو ژیانە سەختەی جەنگ و نەمانی هاوسەرەكانییان ڕابێنن. بۆیە دیسانەوە دەست بەكاری كشتوكاڵكردن لە گوندەكەیان دەكەنەوە. ئەوان هەواڵدەدەن زەویەكانییان بكێڵن و بنەتۆی چاندن پەیدا بكەن، وەلێ چونكە جەنگ هەموو بارودۆخێك دێنێتە ئاراوە، ئیدی لە گوندەكەیان دز و ڕێگر پەیدا دەبن و بنەتۆ و ئەسپ و كەرستەكانی دیكەی كاری كشتوكاڵكردنیان لێ دەدزن. بە تایبەتیش كە لە گوندەكەیان تەنها ژنان و منداڵان ماون و پیاوەكان لە بەرەی جەنگن، ئیدی دز و ڕێگرەگان، ئەمە بەدەرفەت دەزانن و سەرمایەی ئەو دووژنە بە دیختە كە سێ سەر ئەسپ و چەند كیلۆ گەنمێكە كە بۆ چاندن ئامادەیان كردووە دەدزن، بەڵام تالنگای و ئالیانی بووكەكەی، دیسانەوە بە گوڕ و تینەوە بەگشت ئەو نەهامەتییەش دادێنەوە و هەرچۆنێك بێت، زەوییەكەیان دائەچێنن و بەربوومەكەی بۆ زستانێكی سەخت ئامادە دەكەن، كە تیایدا جگە لە زستان، هەواڵ و نەهامەتییەكانی شەڕیش تەنگی پێ هەڵچنیون. ژیانی ئەوان لە نێو نەهامەتییەكانی شەڕ و نەبوونیدا بەردەوام دەبێت و چوارساڵی سەختی جەنگ، بە ئازارەوە تێ دەپەڕێنن. ئیدی وردە وردە ژیان و هەموو شتێك ئاسایی دەبێتەوە و ڕابردووی تاڵی جەنگ كاڵ دەبێتەوە. ئەوەی لە یادەوەری ئەوان دەمێنێتەوە، تەنها یادگاریی پیاوەكانییانە، كە بوونە سووتەمەنی جەنگی دووەمی جیهانی. دواجاریش تەنها تالینگای دایك بە تەنها خۆی و خەمەكانی دەمێننەوە و ئالیانی بووكیشی دەمرێت. ئەم ڕۆمانە، چیرۆكی دایك وەك ڕەمزی میهرەبانی و خۆشەویست و نیشتمان دەگێڕێتەوە. دایكێك هاوسەر و هەرسێ كوڕەكەی، لە جەنگدا لە دەست دەدات و خۆی بە تەنها دەمێنێتەوە. ئەوان خاك و نیشتمانی خۆیان بە خوێنی خۆیان پاراست لە دەست نازییەكاندا.

من كاتێ لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە بوومەوە، دایكە عائشەم هاتەبەرچاو، ئەویش وەك دایكێكی قارەمان، لە شەڕی تیرۆرستانی داعشدا، سێ كوڕی كردە قوربانی ئازادی كوردستان. دایكانی كورد، لە زۆربەی دایكانی جیهان خۆڕاگرتوو و ئازاترن. سیمبولی قوربانیدان و خۆڕاگریی وخاك پەروەرین. دواجار دەڵێم ڕۆمانی سەربوورەی دایك، وەك هەر ڕۆمانێكی دیكەی جەنگیزی ئیتماتۆف، ڕۆمانێكی جوان و سەرنج ڕاكێشە، بە تایبەتی كە وەرگێڕەكەی بە زمانێكی كوردییانەی جوان و پەتی ڕۆمانەكەی وەرگێڕاوە.

***پەراوێز: سەربوورەی دایك، ڕۆمان، نووسینی: جەنگیزی ئیتماتۆف، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: كاوە فاتیحی، بڵاوكراوەی كتێبخانەی فێربوون - هەولێر ٢٠١٩**

نیكۆڵای گۆگۆل هەڵكەوتەیەكی بێهاوتا

بۆتان جەلال

نیكۆڵای گۆگۆل خاوەنی ڕۆمانی (پاڵتۆ) كە بە یەكێك لە شاكارە هەر ناوداراەكانی ڕۆمان لە جیهاندا دەژمێردرێت، سەبارەت بەم ڕۆمانە، نووسەری ناسراوی ڕووسی ((دیستۆڤسكی) دەڵێت (ئێمە هەموومان لەنێو (پاڵتۆ)ەكەی گۆگۆلەوە دەرهاتووین) واتە ئەو مامۆستای هەموومانە، لەسەر دەستی ئەودا هونەری ئەدەبی چیرۆكنووسین گەیشتە پۆپكە و پاش ئەو بە دەیان گەورە نووسەری دیكەی بواری ڕۆمان لەسەر ڕێچكەی ئەودا ڕۆیشتوون.



گۆگۆل لە ساڵی ١٨٠٩ لە ئۆكراین لە دایكبووە، ئەگەر چی لە هەڕەتی منداڵیدا لە نازی سۆز و میهرەبانی باوكی بێبەش دەبێت، وەلێ دایكی قەرەبووی سۆزدارییەكەی بۆ دەكاتەوە، بایەخێكی ڕادەبەدەری پێدەدات، دوودڵی و ژاكاوی و بێهودەیی سەركێشی و جەربەزەیی هەر لە زووەوە لە كەسایەتی ئەم منداڵە دیاربوون. لە قوتابخانە زۆر بە شێوەیەكی سەرسوڕهێنەرانە بلیمەت بوو، لە چەندین بواردا توانا و بەهرەی لێ دەركەوتبوو، بەڵام بە دەستی خۆی ئازاری دەروون و جەستەی دەدا، دڵڕەقانە دەكەوتە ئازاردانی خۆی، شێتییەكی ڕادەبەدەر لە نێو مێشكی ئەو بلیمەتە تێكەڵ بە زیرەكی عەبقەریەتییەكەی ببوو، لە تەمەنێكی ناسك چەند شیعرێكی نووسی، لە كتێبێكدا بە چاپی گەیاند، بەڵام تووشی ڕەخنەیەكی شەڕانگێزانەی خوێنەر و ڕەخنەگرەكانی بۆوە، لە داخان هەموو دانەكانی لە بازاڕ بردەوە، پاشان ئاگری تێبەردان. بەو كارەی هێندەی دیكە ئامێزی بۆ بێهودەی و دڵەڕاوكێ گرتەوە، سەرەڕای ئەو شكستە، وەری دانەبەزی و لە كۆشش و هەوڵدان بەردەوام بوو، ڕۆمانی (ڕۆحە مردووەكان)ی دەستپێكرد و پاشان بە چاپی گەیاند، بازدانێكی یەكجار زۆر بوو لە وەرگرتنی شورەت و ناساندنی لە نێو خەڵكیدا، تا ئەمڕۆشی لە گەڵدا بێت، بەو ڕۆمانە دەناسرێتەوە، ئەگەرچی خاوەنی (پاڵتۆ)ی شاكارە، بەر لەو ڕۆمانەش، چیرۆكی (جەنابی موفەتیش)ی لە ساڵی ١٨٣٦ بڵاوكردەوە، كە هەمووی ڕەخنەگرتن بوو لە دام و دەزگا و دەسەڵاتی وڵاتەكە كە بە شێوازی تەنز ئامێز نووسیبووی، سزای نووسینی ئەم بەرهەمەی، (١٢) ساڵ دوورخرانەوەی بوو بۆ وڵاتانی غەریبی.

گۆگۆل بە نووسەرێكی ریالیزمی ناسراوە، بەڵام لە بەرهەمەكانیدا ڕۆمانتیك دەبیندرێ، زۆر جاریش نا عاقلانەیەتیش لە بابەتەكانی هەن، توانیویەتی لە هەموو چەشنە ڕێبازە ئەدەبییەكانی سەردەمی خۆی سوود ببینێ، بەرهەمی نایاب بە خەیاڵە فراوانەكەی دروست بكات.

پرۆفیسۆر دیمتری باك مامۆستا و پسپۆڕ لە ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمی ڕووسی دەڵێت: پێویستە هەمیشە تۆژەران بە دوای مەتەاڵ و لوغزەكانی كەسایەتی گۆگۆڵاڵ بگەڕێن و دیراسە لەسەر ئەدەبە نەمرەكەی بكەن، چونكە خەزینەیەكی دەوڵەمەندە و چەندی لێبكۆڵیتەوە، شتی تازە ئاشكرا دەبن. هەروەها دەڵێت: نهێنییەكی زۆر پەنهان ماوە، دەبێ هەموو لایەك بە دوای شرۆڤەی نهێنی و مەتەڵەكانی ژیانی ئەو نووسەرە بن.

لەوانەش نهێنی سووتاندنی بەشی دووەمی ڕۆمانەكەی (ڕۆحە مردووەكان) كە تەنیا چەند پارچەیەكی پێشەوەی ڕۆمانەكە ماوە، بەشی دووەم تەواو لەگەڵاڵ بەشی یەكەم جیاوازە، لە بەشی دووەم ڕووە گەشەكەی ڕووسیا پیشان دەدات، وە ڕەنگبێ ڕۆژێ دابێت پارچەی دیكەی لە ئەرشیفە تایبەتییەكەی بدۆزرێتەوە.

گۆگۆل نیازی واببوو (ڕۆحە مردووەكان) چەشنی (كۆمیدیای خوداوەند) ی دانتی بنووسێ، بەشی یەكەم كەسایەتییە كاریكاتێرییەكان بخاتە دۆزەخ، لە بەشی دووەم پاقژیان بكاتەوە.

شێتی و مەستی و بێهوودەییەكەی لە ڕۆژی ٢١ی شوباتی ساڵی ١٨٥٢ گەیشتە ئاستی لە هۆش چوون و پاشان مردنی، گۆگۆل تەنیا نووسەرێكی سەیر و بلیمەت نەبوو، كەسایەتیەكی دەگمەن و لوغزێكی سەیر و دەروونێكی پڕ لە نهێنی پەنگخواردوو بوو، بۆیە هێشتا زوە تەواو لە كەسایەتییەكەی بدوێن تا زۆرێك لە ژیانی ئەم كەڵە ڕۆمانووسەمان بۆ ئاشكرا نەبێت.

لەبەرچی ڕۆمان دەخوێنینەوە؟

ن: ئەبوبەكر ئەلعیادی
و: ڕەمزی میرەكانی

كتێبەكانی ڕۆمان زۆرترین فرۆشیان هەیە لە جیهاندا، ئەو خەڵاتانەی پێشیان دەدرێت، زۆر لەوانە بە نرختر كە بە ژانرەكانی دیكەی ئەدەبی دەدرێت، نووسەرەكانیشی لە بیرمەند، هزرڤان، زاناكانی كۆمەڵناسی و مێژوونووسان بەناوبانگترن، تەنیا ئەوانە نەبن، كە لە بواری خۆیاندا ناوبانگیان پەیدا كردووە، ئەوەش زۆر دەگمەنە. كەواتە لەبەرچی خەڵكی زیاتر ڕوو لە خوێندنەوەی ڕۆمان دەكەن؟ لەبەرچی بەپەرۆشی پاڵەوانەكانی دەبن و تا ڕادەی گریان بە چارەنووسیان كاریگەر دەبن.



هەرچەندە دەزانن ئەو پاڵەوانانە ڕاستی نین و تەنیا لە ئەندێشەی داهێنەرانانیدا بوونیان هەیە؟ لە ڕۆمانەكان بەدوای چیدا دەگەڕێن، كە لە كتێبی دیكەدا نایدۆزنەوە؟ ئەو مەسەلەیە هەرچەندە بە ڕووكەشی سادەیە، بەڵام لەكن ڕووناكبیران چەندین ڕاقەی بۆ كراوە، وەكو ڕۆناڵد شوستەرمان، كە پێیوایە ڕۆمان چەمكەكان ئاشكرا ناكات و بیرۆكەكانیش پوخت ناكاتەوە، بەڵكو بەڕامبەر تۆندوتۆڵی زانستدا، پێشنیاری ئەو شتانە دەكات، كە بەرێكەوت و چاوەڕوانەكراوی دێن، بۆیە ناتوانین بیخەینە چوارچێوەی زانستی مەعریفەدا. كەچی كەسانی دیكەی وەكو، تۆدۆرۆف و جنیت تاكو دەگاتە جان ماری شارڤەر و ڕاینەر ڕۆچیلدز، دووپات لەسەر وزەی مەعریفی ڕۆمان دەكەنەوە، واشی بۆ دەچن، ئەوەی لە ڕۆمانەكان بە دوایدا دەگەڕێین، ناسینی مرۆڤ، جیهان و ژیانە بە شێوەیەكی باشتر، بەڵكو هەندێ مێژوونووس و زانای كۆمەڵناسیش لە كارە ئەدەبییەكاندا، بە دوای ڕاستی مێژوویی و كۆمەڵایەتیدا دەگەڕێن، ئەگەر چی تایبەتمەندیش نییە، كەواتە دەبێت جیاكاری لە نێوان ناوەڕۆكی مەعریفە، ئەوەی لە دەقێكدا هەیە، لەگەڵ ئەو خەیاڵەدا بكرێت، كە خۆی پێوە شۆڕ كردووەتەوە. بۆ نموونە (نامۆ)یەكەی كامۆ، لە هەندێ ڕووید ئاكامی سیاكانی فەلسەفەی بوونگەرایی پێكدەهێنێت، وەكو تەنیایی، مردن، خۆنەویستی و زیندوو بوونەوە، بەڵام ئەوە وایكردووە ببێتە كارێكی ئەدەبی، نەوەكو تیۆرێكی فەلسەفی، ئەوەی مرۆڤ تێیدا خاوەن ئاكار و ئاوەزە، وەكو بارت باسی دەكات.

تیمی سێیەم لە گۆشەیەكی دیكەوە سەیری مەسەلەكە دەكەن، ئەمبرتۆ ئیكۆ، خوێندنەوەی ڕۆمان بە یاری شەترەنج دەچووێنێت، میشێل بیكار، باسی نموونەیی دەكات، لە ڕێگەی تاقیكردنەوەی ژینواریكی(واقیع) خەیاڵكراوا، واتە خوێنەر ئەو گۆشانە تاقی دەكاتەوە، كە ناتوانێت بە ژینواریی تێیاندا بژی، هەرچی ڤینسان جۆڤە، پێیوایە خوێندنەوەی ڕۆمان تێكەڵاوكردنی دوو توخمی بەرچاوە، ئەویش یارییەك و یاریكردنیەتی، یەكەمیان ڕۆ دەچێتە مێشك، بانگی زیرەكی خوێنەر، توانای لەسەر خۆگونجاندن و ركابەری دەكات، دووەمیشیان لەسەر هاوشێوەی كەسایەتی خەیاڵكراو بەڕپا دەبێت، بۆ كۆێ بچێت لەگەڵی دەڕوات، گرینانی ئەگەرەكانی كۆتاییەكەشی دەكات، لەگەڵ پارێزگاریكردن لە هەستە ڕەخنەگرییەكەیدا. بە بۆچوونی خۆم، ئەو هەڵچوونانەی لە كاتی خوێندنەوە بەسەر خوێنەردا دێت، كاریگەریی خۆی هەیە، نەوەكو تەنیا لەسەر ئەو لێكدانەوەیەی بۆی دەكات، بەڵكو بەسەر بوونی خۆیشی، لەوانەیە وێنەی هەندێ پاڵەوانیش بەرۆكی بەرنەدەن، وەكو ئەوەی لە نزیكەوە لەگەڵیاندا ژیا بێت. ڤارگاس یۆسا دەڵێ:»كەسایەتی ئەدەبی خەیاڵكراو ئەوەندە كاریان لە ژیانم كردووە، زۆر لەو مرۆڤانە زیاتر، كە لە نزیكەوە ناسیوومن».

سەرچاوە: www.alarab.co.uk



پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی سەدەی 21دا ژمارەی دانیشتوانی 23 وڵات دابەزێت بۆ نیوە

لە توێژینەوەیەکدا کە لە لایەن زانایانی زانکۆی واشنتۆنەوە ئەنجام دراوە، پێشبینی دەکرێت ریژەی لەدایکبوون لە جیهاندا تا ساڵی 2100 دابەزێت بۆ خوار 7.1و، بەو هۆیەشەوە ژمارەی دانیشتوانی هەموو وڵاتێک کەم بکات و ژمارەی دانیشتوانی 23وڵات کەم بێتەوە بۆ نیوە.لە توێژینەوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە ساڵی 2017دا ریژەی لەدایکبوون لە جیهاندا دابەزیوە بۆ 4.2و، ئەگەر ئەو ریژەیە بگاتە خوار 1.2ئەوا ژمارەی دانیشتوانی جیهان و وڵاتان روو لە کەمی دەکات.هەروەها لە توێژینەوەکەدا باس لەوە کراوە کە چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی 2064دا ژمارەی دانیشتوانی جیهان بگاتە نۆ ملیار و 700ملیۆن کەس و بگاتە لووتکە، لە ساڵی 2100یشدا دابەزێت بۆ هەشت ملیار و 800ملیۆن کەس.

لە توێژینەوەکەدا پێشبینی کراوە کە ژمارەی دانیشتوانی ژاپۆن لە کۆتایی سەدەدا لە 126ملیۆنەوە بگاتە خوار 53ملیۆن و، ژمارەی دانیشتوانی ئیتاڵیا-ش لە 61 ملیۆنەوە بگاتە خوار 28ملیۆن و، ژمارەی دانیشتوانی 23وڵاتی دیکە کە ئیسپانیا، پورتوگال، تایلاند و کۆریای باشوور-یان لەنێودایە بگاتە خوار نیوەهەروەها لە توێژینەوەکەدا پێشبینی کراوە ژمارەی دانیشتوانی چین کە لە ئێستادا قەرەباڵغترین وڵاتە لە جیهاندا لە ساڵی 2100دا دابەزێت بۆ نزیکەی 732ملیۆن کەس.هەر بە پێی توێژینەوەکە، شەش وڵاتی بیابانی ئەفریقا تا 2100ژمارەی دانیشتوانیان سێ هێندە زیاد دەکات.لە توێژینەوەکەدا پێشبینی کراوە ژمارەی دانیشتوانی نێجیریا کە وڵاتێکی ناوچەکەیە بگاتە 791ملیۆن و، ببێتە دووەم قەرەباڵغترین وڵات لە جیهاندا.پرۆفیسۆر کریستۆفەر مورای کە یەکێکە لە توێژەرانی توێژینەوەکە،هۆشداری دا لەبارەی ئەوەی کە لە سەدەی نوێدا ژمارەی کەسانی بەتەمەن لە ژمارەی کەسانی گەنج زیاتر دەبێت و، ئەو دۆخە کاریگەری نەرێنیی زۆری دەبێت.

ڤایرۆس و بەکتریاکان زیانبەخشن بەڵام زلهێزەکان ناڕووخێنن!



مدوح المهینی
لە عەرەبییەوە: ئومێد بۆتانی

لەگەڵ خێرا بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا پێشبینی سیاسی نائۆژیکی کران کە میحوەری هێز روو لە رۆژهەڵات دەکات و رۆژئاوا جێ دەهێڵێت ،کاتێک بە دەست زۆری حاڵەتەکانی توشبوون و مردنەوە دەینااڵند، هاوکات لەگەڵ دیمەنی خەمناکی زۆری تەرمەکان و گواستنەوەیان بە ئۆتۆمبێڵە زرێپۆشەکان، ئەو پێشبینیە تۆزێک میسداقیەتی بەدەست هێنا بەڵام هەر چەند مانگێکی دیاریکراو بەردەوام بوو.جیهان هەمووی هیلاک و ماندووە، ئەو پێشبینیانە نابابەتی و رەشبینانە بوون،هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی ژمارەی مردن نیستا ژیان قۆناخ بە قۆناخ دەگەڕێتەوە.

ئابووری ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان چاک دەبنەوە لەگەڵ زیادبوونی هەلی کار(ئەمەریکا لە مانگی رابردوودا 8.4 ملیۆن هەلی کاری نوێی راگەیاند)، تەنانەت دیوەکەی دیکەش کە هێرشیان دەکردە سەر چین گوایە بە قەیرانێکی خنکێنەردا تێدەپەڕێت هۆکارەکەی سیاسی بوو، یاخود نوقمی بیردۆزی رەشبینانە ببوون، لە رووی ئابوورییەوە چین رۆژە سەختەکانی ئەو پەتایەی تێپەڕاندووە، ئەوەی ئێستا بە زۆری هەیە حکومەت هەندێک گەڕەکی پەکیێ بۆ ماوەی چەند رۆژێک دادەخات.هەروەسهێنانی سیستەمی جیهانی و گوازرانەوەی بۆ هێزێکی دیکە بۆ سەرلەنوێ دانانەوەی شێوەی جیهان بابەتێکی ئاسان نیە، پێویستی بە بارودۆخی بابەتی و لۆژیکی هەیە کە لە ئێستادا بەردەست نین، بۆ ئەوەی ئەمە بزانین گرنگە باس لە هۆکارە بابەتییەکان بکەین کە بوونە هۆی داڕووخانی سیستەمی جیهانی کۆن بە سەرکردایەتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی پێش سەرکەوتنی هێزی ئەمەریکی لە چلەکانی سەدەی رابردوو و دامەزراندنی سیستەمێکی جیهانی تایبەت بە خۆی.هەروەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بە چەندین دەیەی درێژ تێپەڕی و هۆکارەکانی ریشەیی بوون، پشکی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی جیهانی ساڵی 1870لە بەرزترین ئاستی بوو کە 30% بەرهەمهێنانی جیهانی پێکدەهێنا بەڵام لە ساڵی 1910دابەزی بۆ لە 15%لە کاتێکدا بەرهەمهێنانی ئەمەریکا زیادی کرد و گەیشتە 25%ساڵی 1883هێزە دەریاییە وێرانکەرەکەی کە گەورەی زەریاکان بوو گەیشتە ترۆپکی شکۆمەندی و بە کەشتیە دەریاییەکانی هەرچی پێشی لێ گرتبا وێرانی دەکرد،



بەڵام لە 1897لە بەرامبەر کەشتیگەلی دەریایی ئەمەریکی لە رۆژئاوا و ژاپۆن لە رۆژهەڵات پاشەکشەی کرد. بە دڵنیاییەوە ئەو پێشبینیە بەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان کە گەورەترین هێزی ئابووریە لە جیهاندا جێبەجێ نابێت، ریژەی بەرهەمهێنانی ئابووریەکەی نزیکەی لە 4.23% بەرهەمهێنانی کۆی جیهان پێکدەهێنێت و لە شەستەکانەوە تا ئەمڕۆ پاشەکشەی نەکردووە، سوپاکەی بە هێزترینە لە نێو هەموو هێزە سەربازیەکانی جیهان و سااڵنە زیاتر لە 700 ملیار دۆلاری بۆ تەرخان دەکات (لە ساڵی 2019 نزیکەی 718 ملیار دۆلاری لە سوپاکەی خەرج کرد لە بەرامبەردا چین 2.178 ملیار دۆلاری بۆ سوپاکەی تەرخان کرد).لە غیابی هێزێکی سەربازی جیهانی سەردەست جەنگ و مللانێی زۆر هەڵگیرسان و بوونە هۆکاری هەرەسهێنانی سیستەمی جیهانی ئەوکات، لە دوای جەنگی جیهادووەمی جیهان کە کۆتا بەشی زنجیرە جەنگێکی خوێناوی بوو، لە نێوان سااڵنکانی 1850و1945 ئەڵمانیا و فەرەنسا کەوتنە نێو سێ جەنگەوە:1870و 1914 و 1940؟ دوو شەڕی دژوار لە نێوان ڕووسیا و ئەڵمانیا ڕووياندا، فەرەنسا و بەریتانیا لەگەڵ ئەڵمانیا کەوتنە ناو شەڕ، تەنگژە و پێکدادانەکان باڵی بەسەر ئەو سەردەمەدا کێشابوو، هەرەشەی ڕووبەڕووبوونەوە بە هۆی هێزە تەماحکارە دراوسێکان و لێکچووە سەربازییەکان لە ئارادابوو، ئەو نیشانانە لەو کاتە یەک شتی دەرخست کە سیستەمی جیهانی دروستکراوی ئەورووپا خەریک بوو لەناو دەچوو، بە دیاریکراوی لە بەر ئەو هۆکارە و بە هۆی بوونی هێزێکی سەربازی سەردەست و شکستپێهێنانی دوو دووژمنی گرنگ (ئەڵمانیا و ژاپۆن) و بە دیوکراتیزەکردنیان و تێکەڵکردنیان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی 70ساڵە هیچ جەنگێکی جیهانی ڕووینەداوە و ئیستیقرار بۆ جیهان گەرێندراوەتەوە. بە داڕووخانی ئابووری و سەربازی ئەمەریکا هەروەک پێشووتر بە سەر ئیمپراتۆریەتی بەریتانیادا هات هۆکارگەلی بابەتی بەردەست دەبێت تاوەکو بڵێین سیستەمەکەی لاواز دەبێت و لەناو دەچێت و لە شوێنیدا هێزی چینی یان ڕووسی جێگەی دەگرێتەوە، بەڵام لە ئێستادا ژمارە باوەڕپێکراوەکان ئەوەمان پێ ناڵێن بە تایبەتتر لە سەردەمی ئیدارەیەکی کۆماری باوەڕدار بە پاراستنی شکۆمەندی و گەورەیی ئەمەریکا، بۆیە پەتای کۆرۆنا شتی زۆر ناگۆڕێت، میکرۆب و ڤایرۆس و بەکتریاکان زیانبەخشن بەڵام زلهێزەکان دابەشناکەن و نایانکەوێنن، ئەوە پارە و سوپاکانن زلهێزەکان دەکەوێنن.

*** بەڕێوبەری گشتی هەردوو کەناڵی ئەلمەڕبیە و حەدەس**

مانشێت

سکای نیوز:
وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا تا ئێستا دەربارەی ڕاگەیاندنی پلانێکی گشتگیر سەبارەت بە باری ئابووری یەکێتیەکە لە قۆناغی دوای کۆرۆنا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن.

یۆرۆ نیوز:
لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا پۆلیس 39کەسی دەستگیر کرد کە لە کاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندان پەنایان بردبووە بە تونددتیژیی.

ئەی ئێف پی:
لە گوندێکی باکوری رۆژئاوای نایجیریا ژمارەیەک چەکدار 23 سەربازیان کوشت و چارەنووسی ژمارەیەکی دیکەش تا ئێستا نادیارە.

سی ئێن ئێن:
سەرۆکی دەستەی جێبەجێکار لە هۆنگ کۆنگ داوای لە خەڵک کرد پابەندی ڕێنماییە تەندروستیەکان بن چونکە خەریکە بڵاوبوونەوەی کورۆنا لە کۆنترۆل دەردەچێ.

رۆیتەرز:
حکومەتی چوار ویلایەتی ئەڵمانی (باڤاریا ، هسە ، بادن ، بالاتینیت) داواکاریەکیان ئاراستەی کۆنگرێسی ئەمەریکا کرد سەبارەت بە وەستاندنی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکەیان.

کەناڵی ئار تی:
هێلیکۆپتەرێکی سەر بە سوپای هۆلەندا لە ناوچەی کاریبی کەوتە نێو دەریا و لە ئەنجامدا دوو کەس گیانیان لەدەست دا.



دیزاینی کەپرێکی گەشتیاریی بە شێوەی سەردەمی، بە سوود وەرگرتن لە کولتووری ناوچەکە.



دروستکردنی کەپری هەڕەمەکی کە زیان بە ئایندەی گەشتوگوزار دەگەیەنێت)

خواستی گەشتیار و دیزاینی پڕۆژەکانی کاریگەری زۆریان بەسەر راکێشانی گەشتیاران هەیە



نادر روستی

خاوەن پڕۆژە و شوێنەکانی گەشتیاری یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانیان بریتیە لە گەڕان بە دوای ویست و داخوازی گەشتیاراں، یاخود بڵێین ویست و داخوازی کڕیار، بۆ ئەوەی لە کارکردن و چالاکی و دروستکردنی پڕۆژە لەبەرچاو بگرن و خواستی گەشتیار جێبەجێ بکەن، کە دواجار دەبێتە هۆی رازیکردن و راکێشانی گەشتیاری و زیادکردنی ژمارەیان، ئەمەش رەنگدانەوەی بەسەر زیادکردنی قازانج و پێشوەبردنی پڕۆژە و گۆڕانکاری چۆنایەتی و چەندایەتی پڕۆژە و چالاکییەکان هەیە.

ئەوەندەی ئێمە لێی شارەزاین و ئاگاداریین، گەشتیاران بەردەوام بە دوای شوێنی نوێ، دیمەنی نوێ، خزمەتگوزاری نوێ، خزمەتگوزاری باشتر و زیاتر، چالاکی نوێ و جیاوازتر دەگەڕێن، هەموو ئەمانەش پێویستی بە بیرۆکەی نوێ و دیزاین و رووکاری نوێ و کاری نوێ و گۆڕانکاری بەردەوام هەیە، ئەم تێڕوانینە بۆ هەموو جۆرەکانی پڕۆژەی گەشتیاری راستە، بە تایبەت ئوتێل، مۆتێل، چێشتخانە، هاوینەهەوار، گۆمەڵگا و گوندی گەشتیاری، پڕۆژەی یاری و هەرجۆرە چالاکییەك.

گرنگە کە پڕۆژەکان لە کاتی دیزاینکردن رەچاوی تایبەتمەندی سروشت و کولتووری ناوچەکە و نەتەوەکە بکەن، هەروەها رەچاوی گۆڕانکاری و کاری نوێ بکەن و خۆیان لە دووبارە و تەقلید بەدوور بگرن، راچاوی سومبلی ناسینەوە و پێناسەی پڕۆژەکە بکەن، واتە رەچاوی داهێنانێك بکەن کە بێت بە برانڈی پڕۆژەکە و لە هەموو شوێنێك پێی بناسرێتەوە، بۆنمونە پاریس بە بورجی ئیفل دەناسرێتەوە، سلێمانی بە ئوتێل شاری جوان، هەولێر بە قەڵا و منارە، هەندێك پڕۆژە بە پەیکەرێك یان دیزاینێکی جوانی دەروازەی پڕۆژەکە، یان نافورەیەکی بەرز، یان تاقگەیەکی بەرز، یان جۆرێکی یاری سەرنج راکێشن وەك شەنگلبانەی رواندز، جۆلانەکانی وەرتێ، یاری سکای کۆڕەك، ئەمانە چەند نمونەیەکن، بەڵام نمونەی دیکە لە شارەکان و لە پڕۆژەکان زۆرە.

لێرەوە کەمێك باسی کەپرەکانی گەشتیاری هەرێمی کوردستان دەکەین، وەك رەمز و برانێکی خراپ و دووبارە کراوە و چاولێکەرەوە بۆ شوێنەکانی گەشتیاری هەرێمی کوردستان، کەپری گەشتیاری لە سەیرانگە و هاوینگە و هاوینەهەوارەکان لە سااڵنی رابردوو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە قوماش و پەڕۆ و حەسیر و جەمەلۆن و گەڵای دار دروست کرابوون، هەندێکیان دووربوون لە بنەمای گەشتیاری و سیمایەکی ناشارستانی و نارێکیان هەبوو، تەنانەت مەترسیان بۆ سەر گەشتیاران هەبووە و نەبوونەتە شوێنێك کە گەشتیار بە ئاسوودەی لەناویدا پشوو بدات، بەڵام لە هەندێك شوێن و ناوچە کەپری زۆر رێك و سەردەمیانە دروست کراون. سەرەڕای نارێکی و خراپی کەپری هەندێك شوێن و پڕۆژە، نرخی زیاد لە گەشتیاران وەردەگرن، واتە نەخزمەتگوزارییەکە و نە جوانی و دیزاینی شوێنەکەش بەرامبەر نرخەکە نین، ئەمەش پێچەوانەی ستراتیژییەتی هەموو پڕۆژەیەکی سەرکەوتوو و هەموو سیستەمێکی پێشکەوتن.

خراپی پڕۆژەکان و رەچاونەکردنی خواستی گەشتیاران بۆتە هۆکار بۆ گلەی و نارەزای بەشێك لەو گەشتیارانی سەردانی شوێنەکانیان کردووە، ئەمەش پێچەوانەی سیستەمی جیهانییە لە پێشخستنی کەرتی گەشتیاری ، گەشتیاران و هاوواڵتییان بە چەندان شێوە رەخنە لە بەرزی نرخ و لە شێوازی دروستکردنی بەشی زۆری کەپرەکان و لە جۆری خزمەتگوزاری ناوچەکانی گەشتیاری بەگشتی و کەپرەکانی گەشتیاری بەتایبەت دەگرن.

لێواری رووباری بەشێکی زۆر لە ناوچە شاخاوییەکان کراون بە کەپری گەشتیاری، لە وەرزی هاوین پڕ دەبن لە گەشتیار، لە هەندێك ناوچە و شوێن زۆر بەخراپ زۆر بەنارێکی و بەکەم شارەزایی و بەکوالێتی زۆر نزم کەپرەکان دروست بکەن، سەرەڕای ئەوەی کە خزمەتگوزاری و کوالێتی کارەکانیان زۆر نزم و خراپن، لە هەندێك شوێنیش بەبێ مۆڵەت و بەبێ پرسی بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشتوگوزار کارەکانیان بە هەڕەمەکی کردووە، بۆیە زۆربەیان لە ڕووی دیزاین و شێواز و کوالێتی و ڕێکخستنەوە زۆر نارێکن، لە هەمانکاتدا لە ڕووی نرخ و خزمەتگوزارییەوە خراپن، تەنانەت لە ڕووی پێشوازی و میوانداری و مامەڵەکردن لەگەڵ گەشتیاران لە هەندێك شوێن توند و نارێك و خراپ و بێ باکن. بۆیە دەکرێ بڵێین بەردەوام بوون بەم شێوازە، پێویستە هەموو لایەك دڵنیابین کەرتی گەشتیاری بەرەو دواوە دەبات، بۆیە پێویستە سوود لە ئەزموونی کارە جوانەکان و پڕۆژە جوانەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی بیانی وەربگرین و ناوچەکانی گەشتیاریی و پڕۆژەکان بە چەندین چالاکی و خزمەتگوزاری جۆراوجۆر دەوڵەمەند بکەین، ئەمەش وادەکات کەرتی گەشتیاری بەرەوپێشەوە بڕوات، خاوەن پڕۆژەکانیش قازانجی زۆرتر بکەن، پڕۆژەکانیان فراوان تر و گەورەتر بکەن، خواست و دڵی گەشتیرانیش رازی بکەن.



تاقگە و ئاوپڕژەی کانییەڕەش

لە هەرێمی کوردستان شوێنی سروشتی گەشتیاری زۆر هەیە، هەریەکە بە جۆرێك خۆی نمایش دەکات و سەرنجی گەشتیاران رادەکێشێت، یەکێك لەو دیمەنە جوانانەی گەشتیاران دڵخۆش دەکات و سەرنجیان رادەکێشێت تاقگە و پڕژە و سولی و قەڵبەزەکانی ئاون، کانییەڕەش یەکێکە لە تاقگە و ئاوپڕژە جوان و سەرنج راکێشەکان.

تاقگە و ئاوپڕژەی کانییەڕەش لە زنجیرە چیای سەکران لە دەڤەری باڵەکایەتی هەڵەبجەوە، ٣کاتژمێر بە پیادە لە ئاوپڕژەی پڕژێ دووەوە، دەکەوێتە سەر ڕێگای گۆمی بیکۆدیان کە بەردەوام شاخەوان و گەشتیاران ڕووی تێدەکەن، شاخەوانەکان لە گەشتەکانیاندا بەردەوام کانییەڕەش دەکەنە وێزگەی پشودان، تەنانەت شەومانەوە، ئەمەش بۆ هۆکاری فێنکی ناوچەکە و جوانی دیمەنی سروشتی ناوچەکە و تاقگە و ئاوپڕژەکە دەگەڕێتەوە. ئاوی کانییەڕەش لە بەرزایی دێتەوە کە دێتە خوارەوە بەشێکی لە شێوەی تاقگەیە، بەشێکیشی پەرت دەبێت و دەپڕژێتە خوارەوە، بۆیە لە یەك کاتدا تاقگە و پڕژەیە.

ئا: لاپەڕەی کەشتوگوزار
وێنە: وەلی قادر

هاوواڵتییان داوای شوێنی نوێی گەشتیاری دەکەن

دواتریش وێرانی دەکەن



زۆرن ئەو شوێنانەی سروشت جوانن و هاوواڵتی و گەشتیاران نەیان بینیوون و دەستیان پێنەگەیشتووە، لەرووی خزمەتگوزاریشەوە سروشتین و ماددەی خاون و هیچ خزمەتگوزارییەکیان پێ نەگەیەنراوە، تەنانەت هەندێك شوێن زۆر دوورن لە ڕێگای ترومبێل و هاتووچۆ، شوێنە نوێکان لە زوومی کامیرای وێنەگران و شاخەوانەکان زیاتر ئاشکرا دەکرێن، ئەمەش وادەکات هاوواڵتییان ئارەزوو بکەن، گەشتی بۆ بکەن، هاوواڵتییان مافی خۆیانە، کە شوێنەکانی گەشتیاری هەرێمی کوردستان بگەڕێن و ببینن و کاتە خۆشەکانیان لێ بەسەر بەرن، ئەم وڵاتەش بۆ خزمەتی ئەوانە و پێویستە چیژی لێوەربگرن، بەڵام پێویستە هاوواڵتیش ڕێزی ئەو وڵاتە و ئەو سروشتە بگرێ و تێکی نەدەن.

جێگەی نیگەرانییە لە ماوەی ڕابردوو چەند شوێنێك بوونە جێگەی سەرنجی هاوواڵتییان و بە شەپۆل ڕوویان تێکرد و هەزاران وێنە بڵاوکرایەوە، ئەوەی جێگەی نیگەرانی ئێمە و زۆربەی هاوواڵتییانیشە، بەشێك لەو هاوواڵتییانەی سەردانی شوێنەکانیان کردووە، بە ڕەفتاری نەشیا و بە فڕیدانی زبڵ و پاشماوەی خواردنەکانیان شوێنەکانیان وێران کردووە، یاخود تا ئەندازەیەك دەیشێوێنن، بەجۆرێك تێکیدەدەن کە بۆ دوو ساڵی داهاتوو، هیچ هاوواڵتیی و گەشتیارێك نەتوانێ سەردانی ئەو زبڵخانەیە بکات، وەك گۆمی فێاڵو و گەلی خرێ و چەندان شوێنی تر، بۆیە ئێستا گەیشتینە ئەو باوەڕەی سروشتی جوانی ئەم وڵاتە، لە جیاتی ناساندن، هەولەدین نەیناسین و ناوی شوێنەکان ناشکرا نەکەین.

گۆڕینەوەیەک لە کەتەلۆنیاوە بۆ لەندەن

ماوەیەکە یانەی بەرشلۆنە لە هەوڵی ئەوەدایە فلیپ کۆتینهۆی یاریزانی یانەکەی بفرۆشێت بە یانەکەیەکی دیکە، بەڵام زۆری نرخی ئەو یاریزانە بووەتە ڕێگر.

ماڵپەڕی مێرکاتۆ بڵاویکردووە یانە کەتەلۆنییەکە بیری لەوە کردووەتەوە گۆڕینەوەیەك لەگەڵ یانەی ئارسنال بکات و بەرامبەر یاریزانی بەڕازیلی یانەکەیان کە بە شێوەیەکی کاتی یاریی بۆ بایرن میونشنی ئەڵمانیا دەکات، ماتیۆ گۆندوزی ناوەڕاستکاری فەڕەنسی ئەرسناڵ بگوازنەوە ریزەکانیان و چاوەڕێ دەکرێت کارگێری گەنەرز بەم پرۆسەیە رازی بن.

کۆتینهۆ دوو وەرزە بە شێوەی خواستن یاریی بۆ بایرن میونشن دەکات و دوای کۆتایی هاتنی چامپیۆنزلیگ ئەو یانەیە جێدێڵێت و دەگەڕێتەوە بەرشلۆنە.

چێڵسی گەیشتە فاینانڵی جامی یەکێتی ئینگلتەرا

لە قۆناغی پێش کۆتایی جامی یەکێتی ئینگلتەرا یانەی چێڵسی ڕووبەڕوی یانەی مانچستەر یونایتد بۆوە و یاریپەکەشی بە ئەنجامی سێ گۆڵی بەرامبەر بە گۆڵێك لێبردەوە.

لە نیوەی یەکەمی یاریەکەدا یانەی چێڵسی بە گۆڵێکی ئۆلیڤیە جیرۆ پێشکەوت کە لە کۆتایی نیوەی یەکەم تۆماریکرد، لە نیوەی دووەمیشدا یاریزانانی یانەی چێڵسی بە هەمان ئاستی نیوەی یەکەم دەرکەوتن و لە خولەکی ٤٦ی یاریپەکەدا ماسۆن مۆنت گۆڵی دووەمی بۆ بلوز تۆمارکرد، لە خولەکی ٧٤ی یاریپەکەدا هاری ماگوایەر بە هەڵە گۆڵێکی لە خۆیان تۆمارکرد، کە گۆڵی سێیەمی یانەی چێڵسی بو، لە بەرامبەردا لە خولەکی ٨١ ی یاریپەکەدا برۆنۆ فێرناندێز تاکە گۆڵی یانەی مانچستەر یونایتدی تۆمارکرد.

سەرئەنجام یاریپەکە لە بەرژەوەندی یانەی چێڵسی کۆتایهات بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێك و لامپارد توانی لەگەڵ تیمەکەی بۆ یاریی کۆتایی جامی یەکێتی ئینگلتەرا سەربکەون و لە یاریی کۆتایش بەرامبەر ئارسنال یاریی دەکەن.







بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی شەترەنجی عێراق



یانەی خانزاد پاڵەوانێتی ئۆنلاینی کەمال جەلالەدینی ڕێکخست

هاوار مورتکەیی

یانەی شەترەنجی خانزاد بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی ناوەندی شەترەنجی عێراق، لە ساڵیادی خوالێخۆشبوو کەمال جەلالەدین سەرۆکی پێشووی لقی دهۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق، خولێکی ئۆنلاینی شەترەنجی لە شاری دهۆك کردەوە.

لەم پاڵەوانێتییەدا کە ١٤٠ شەترەنجزان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەشداریان تێداکردبوو، دیاری و خەڵاتەکان لەلەیەن زافر عەبدولئەمیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراقەوە دابینکرابوو.

جێی باسە ساڵانە یانەی شەترەنجی خانزاد لە ساڵیادی خوالێخۆشبوو کەمال جەلالەدین ئەندامی فەخری یانەی ناوبراو و باوکی کارینی خانمە پاڵەوانی عێراق، ریکدەخات وەك ریزلینانێك لە خزمەتەکانی ئەو کەسایەتییە شەترەنج دۆستەی کوردستان و عێراق ڕێکدەخات، و ئەنجامی کۆتاییەکەش بەمشێوەیەی خوارەوەبوو:

شاە مورادی پلەی یەکەم لە ئێران

زۆزگ محەمەد پلەی دووەم لە کوردستان

ڕەوەند حامید پلەی سێیەم لە کوردستان

بەکۆی دەنگ کلۆپێرتی هۆڵەندیان دەوێ



لەگەڵ زیادبوونی دەنگۆیەکانی دوورخستنەوەی کیکی سیتین، ناوی ڕاهێنەری داهاتووی بارسا زیاتر دێتە بەرباس.

بە گوێرەی ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ، لە ئێستادا جۆرێك لە کۆدەنگی لە ژووری جل گۆڕین لە نێو ئەستێرەکانی بلۆگرانا هەیە کە پاڵپشتی لەبیرۆکەی دەستنیشانکردنی پاتریك کلوۆێرت دەکەن وەك شوێنگرەوەی کیکی سیتین. ئەوە لە کاتێکدایە پێشتریش ناوی لۆران بلان وەك پاڵێوراو بۆ وەرگرتنی ئەو ئەرکە بڵاو بۆوە.

ئەفسانە هۆڵەندیەکەی بەرشلۆنە، لە ساڵی ٢٠١٨ وەك یاریدەری ڕاهێنەری سیدۆرفی هاونیشتیمانی لەگەڵ هەڵبژاردەی کامیرۆن دەست بە کار بوون. ساڵی دواتر دوورخرانەوە. پاشان گەڕایەوە بەرشلۆنە و پۆستی بەڕێوبەری ئەکادیمیای یانەکەی وەرگرت.

پێرێز: هیچ گرێبەستێک لە وەرزی ئایندە ئەنجام نادەین

گواستنەوەی ئێمباپێ لە پلانەکانی وەرزی داهاتوومان نییە

فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید هەڵوێستی یانەکەی لەبارەی گواستنەوەی کیلیان ئێمباپێ، ئەستێرەی یانەی پاریس سانجێرمان ئاشکراکرد.

پێرێز دوای بردنەوەی لالیگا، لە ڕێورەسمی ئاهەنگگێڕانی یانەکەیدا کە لەبارەی ریال مەدرید بەڕێوەچوو گوتی، بیرۆکەی گواستنەوەی ئێمباپێ لە گواستنەوەی ئەم هاوینەدا لە پلانەکانی ئەواندا نییە.

سەرۆکی ریال مەدرید گوتیشی، بارودۆخەکە سەیرە، بەم هۆیەوە لە گواستنەوەی ئەم هاوینەدا ناتوانین گرێبەستی گەورە ئەنجامبدەین.

پێرێز لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا رایگەیاند، شتێکی گونجاو نییە داوا لە یاریزانەکانمان بکەین مووچەکانیان کەمبکەینەوە، لەلایەکی دیکەشەوە گرێبەستی گەورە بکەین. سەرۆکی پاڵەوانی لالیگا گوتی، کاتێك بارودۆخەکە باشبوو، ریال مەدرید بەهێزتر بۆ گواستنەوەی یاریزانان دەگەڕێتەوە.

ئەم قسانەی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید لەکاتێکدایە، لە ماوەی ڕابردوودا دەنگۆی زۆر لەبارەی گواستنەوەی ئێمباپێ بۆ ریال مەدرید بڵاوکراوەتەوە، کە گرێبەستەکەی لەگەڵ پاریسییەکان تاوەکو ٢٠٢٢ بەردەوامدەبێت.

لاوتارۆ بەرشلۆنە بێهیوا دەکات

لاوتارۆ مارتینێز، گۆڵکاری ئەرجەنتینی یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵیا ئەم وەرزە پەیوەندی بە بارسێلۆنا ناکات و لەگەڵ یانەکەی بەردەوام دەبێت. ماڵپەڕی لاگازێتادیلۆسپۆرتی ئیتاڵی بڵاویکردووە سەرەڕای ئەوەی کارگێری بەرشلۆنە ئەم هاوینە هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی گۆڵکارەکەی نێرازۆری بگوازێتەوە و یانەکەیان و ئامادەبوون بەرامبەر بەدەست هێنانی تواناکانی ئەو یاریزانە ٧٠ ملیۆن یۆرۆ خەرج بکەن، بەڵام یاریزانەکە رازی بووە وەرزی داهاتووش لەگەڵ یانەکەی بەردەوام بێت و کۆتایی وەرزی داهاتوو ئەگەر بلوگرانا لەسەر ویستەکانی مایەوە پەیوەندیان پێوە بکات.

لاوتارۆ هاوینی ساڵی ٢٠٢٣ گرێبەستەکەی لەگەڵ ئینتەر میلان کۆتایی دێت و یانەکەشی رایگەیاندووە کەمتر لە ١١١ ملیۆن یۆرۆ ئامادەنین دەستبەرداری ئەو یاریزانە بن.

پابەند دەبین

خەبات XEBAT

Tue.21 Jul. 2020 No.:(5977)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595
یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



یادی (39) ساڵەی هونەرمەند (قادر زیرەک)

ڕێبوار هەورامی ـ خەبات

دەنگێك پراوپڕ لە هەناسەكانی زیرەك و پڕ لە سۆزی پاكی ئاوازی كوردی ، هونەرمەندی ڕەوانشاد مامۆستا (قادر زیرەك) ، ناوی تەواوی (قادر ئەحمەد مستەفا) یە لەساڵی 1964 لە گوندی بێركۆتی شاری هەولێر لەدایكبووە، لە قوتابخانەی سەرەتایەوە ئەم بەهرەیەی تێدا بەدی كراوەو دەنگی مامۆستای گەورە "حەسەن زیرەك"كاریگەری تەواوی كردوەتە سەر توانا هونەریەكەی ، ئازناوی زیرەكیش هەر بۆ ئەو كاریگەرییە هونەرییە دەگەڕێتەوە ، مامۆستا (قادر زیرەك) یەكەم گۆرانی لەساڵی 1977دا لە ئێزگەی كوردی لەبەغدا تۆمار كردووە بەناوی (دوورم لە یاران) ، ئەم گۆرانییە دەنگدانەوەیەكی باشی هونەرمەند بوو لەو كات و ساتەدا و بووە میژوویەك بۆ ئەرشیفی هونەری كوردی، لە ئاواز و تێكستی مامۆستا (ڕزگار خۆشناو) ە .. دواتر لەساڵی 1980دا توانی چەند بەرهەمێكی دیكە تۆمار بكات لەوانە (دوگمەی سینە، ئەمان ساتی، لەبنەوار، بازی كوێستان) ، لە ڕێكەوتی 17_7_1981 لەگەڵ چەند برادەرێكی لەگەڕانەوەی گەشتێك لە بێخاڵ و گەلی عەلی بەگ بەرەو هەولێر لەڕێگای "خەلیفان-هەریر" ئۆتۆمبیلەكەیان وەردەگەڕێ و قادر زیرەك و هاوڕێیەكی گیان لەدەست دەدەن ، بەڵام دەنگ و ئاوازەكانی هەمیشە ساماێكی نەمرو زیندووی خەرمانی كوردی كوردیەن .




بورهان محەمەد گۆرانی بۆ شاری سلێمانی دەڵێت

بەرهەم شێخ عزەدین

دەربارەی ئەو گۆرانییەی لەم ماوەیەدا بۆ شاری سلێمانی گوتووەتی، هونەرمەند بورهان محەمەد بەخەباتی گوت: گۆرانی سلێمانی لە هۆنراوەی ئیسماعیل محەمەد و بەستەی گۆرانی دەرۆیش عەبدوڵڵایە، ئامادەو دابەشکردن و تۆمارکردنی دەنگ نزار زێوێی، بە هاوکاری گرووپی موزیکی لوڕ کردوویەتی و دەرهێنانی دیار مەهدییە.

بورهان محەمەد گوتیشی: ئەمکارە ئەم کارە لەکاتی کەرەنتینەدا تۆمارکراوەو زۆر زەحمەتیمان بەدەستییەوە کێشاوە، کە لەماوەی سێ مانگدا بەئەنجام گەیشتووە، بەڕاستی زۆر پێیەوە ماندووبووم، تا توانیم کارێکی جوان پێشکەش بکەم، زۆربەی کارەکانیش لەسەرگیرفانی خۆم بووەو لەهەر کۆمپانیاو شوێنێك باسی سپۆنسەرم دەکرد، دەیانگوت لە ئێستادا داوای لێبووردن دەکەین.



ئەڵمانیا.. شاعیری کورد یووسف مەنتک بە کۆڕی شیعری بەشداری لە ڤیستیڤاڵی هاوینە دەکات

خەبات:کوردۆ تاقانە

ڤیستیڤاڵ کولتووری هاوینە بەدرووشمی کردنەوەی ڕۆژی هاوین لە لایەن مالی کولتووری شاری لودڤیگس هافن ئەم ڕاین ئامادە دەکرێت سالانە، ئەم ساڵ لە ڕێککەوتی 15 تا25ی مانگی7 2020 ڕۆژانە سێ پرۆگرام پێشکەش دەکرێت، بە هۆی پەتای کرۆناوە چالاکییەکان لە پارکی کراوە دەبێت لە کاتژمێرەکانی : 12 و 15 و18 ی ئێوارە، لەم ڤیستیڤاڵەدا بابەتاکانی هونەری ئەدەبی وەك کۆنسێرت، خوێندنەوەی دەق، ڕەك شۆپ، کۆمیدیا، نمایشی جادوویی - سیحر.....هتد

شاعیری کورد لە ڕێککەوتی 23.07.2020 ڕۆژی پێنجشەممە کاتژمێر 18 ی ئێوارە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە پێشکەش دەکات بە زمانەکانی: کوردی ، عەرەبی ، ئەڵمانی. دوابەدوای ئەم کۆڕە گروپی موزیکی کوردی کۆمەڵ کۆنسێرتێك پێشکەش دەکات .لەپڕۆگرامی ڤیستیڤاڵدا نووسەری کورد وا ناسێنراوە: یووسف مەنتك ، نووسەر لە ئێستادا لە بواری کولتووری و سیاسی لە ئەڵمانیا وکوردستان دەنووسێت ، بابەتەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاو دەکاتەوە، ئەو لە شاری لودڤیگیس هافن لە شانۆی پڤالتز باو کاری نواندن دەکات. وەك ڕۆژنامەنووس و نووسەرو هونەر مەند خەبات دەکات.

ئەوەی شایانی گووتنە لە ساڵی 2019 دا بە پێشانگەی فۆتۆگرافی قەڵای دێرینی هەولێر بەشداری 29 هەمینی ئەم ڤیستیڤاڵە بوو، بۆ ماوەی دوو هەفتە بەردەوام بوو جێی بایەخی میدیای کوردی و ئەڵمانی و بینەران بوو، هونەر مەند لەلایەن شارەوانی بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشرا.

شوێنی شانۆ Vorplatz
Kulturzentrum dasHaus

هونەرمەندی شێوەکار ناریمان یوسف:

لەرووی هزری و فیزیکی هیچ جیاوازییەک لە نێوان کچ و کوڕ نابینم، بەڵام ئاستەنگی زۆر لەبەردەم کچان دەبینم

دیمانە ـ مسلم دۆلەمەری



ناریمان یوسف کچە هونەرمەندێکی کوردەو لەدایکبووی ساڵی 1995 ـەو دانیشتووی شاری دهۆکە، لە تەمەنی 12 ساڵیدا بوو کە وای کردووە بچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و بە شێوەیەکی زانستی وهونەری تێکەڵبوونی ڕەنگەکان ببێت.



کۆمەڵگای ئێمە دەکەن و ئێش و ئازاری ئافرەتانمان لە نێو کۆمەڵگا وێنا دەکات و بۆ بینەر دەخاتەڕوو.

ناریمان یوسف لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: تا ئێستا هیچ کەس ولایەنێکم نەبینیووە کە هاوکاری هونەرمەندان بکەن، بەتایبەتی هونەرمەندانی شێوەکار، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن زیاتر پەرە بە هونەری خۆیان بدەن و ئێش و ئازاری گەلەکەمان بۆ جیهان بە شێوەی هونەریی خۆمانە بخەنەڕوو. هێشتا گرنگی بە هونەری شێوەکاری نەدراوە لەلای خۆمان بۆ ئەوەی هونەرمەندە شێوەکارەکانمان بتوانن بە هونەری خۆیان بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاو تێکەڵنەبوونیان بە هونەری شێوەکاری بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشتی مادی بۆ هونەرمەندان و ئەوانیش بتوانن سەرچاوەی ژیانیان دابین بکەن و زیاتریش پەرە بە هونەرەکەیان بدەن، بەڵام من گلەیی زۆرم لە خەڵکەکەم نییە، چونکە پێویستە لە سەر لایەنی پەیوەندیدار، کە ڕێکاری باش بگرێتەبەر بۆ ئەوەی زیاتر خەڵکەکەمان بۆ لای هونەر بکێشێت و زیاتر هونەری ئێمەیان پێبداتە ناساندن.

ئەو کچە شێوەکارە دەشڵێت: ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەم کە بتوانم بەهونەرەکەم وابکەم هەست و سۆزی هاووڵاتیان بۆ هونەری شێوەکاری رابکێشم و تێکەڵ بەجیهانی هونەری شێوەکاریان بکەم .

سەبارەت بە جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ لەئازادی و بواری هونەریدا ناریمان یوسف گوتی: لەلایەنی شیان وهەزری و فیزیکی من هیچ جیاوازییەك لە نێوان کچ و کوڕ نابینم، بەڵام وەك ئاستەنگ و بەربەست، ئاستەنگی زۆر دەبینم لەبەردەم کچان، چونکە تاکو ئێستا هەندێ دابونەریت وکلتووری نێو کۆمەڵگاکەمان ئاستەنگن لەبەردەمیان وناهێلن بەئازادی خواستی خۆمان کارەکانمان وەك پێویست ئەنجام بدەین .

سەبارەت بە بەرنامە و کاری داهاتووی گوتی: لەبەرنامەم دایە زیاتر پەرە بەخوێندنم بدەم لە بواری هونەری خۆمدا بۆ بڕوانامەی بەرزتر، تا بتوانم زیاتر تێکەڵ بە هونەرەکەم بە شێوەیەکی زانستی تەواو بکەم، ئومێدیشم هەیە کە گرنگی بە هونەری شێوەکاری بدرێت، بۆ ئەوەی خەڵکی ئێمەش زیاتر گرنگی بە هونەری ئێمە بدەن.



ناریمان یوسف لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: دوای تەواوبوونی پەیمانگا دەرفەتم بۆ ڕەخسا بچمە کۆلیژو بەشی شێوەکاری تەواو بکەم و زیاتر هونەرەکەم پێشبخەم و بەشێوەیەکی ئەکادیمی بچمە نێو جیهانی هونەری شێوەکاری .

سەبارەت بە کردنەوەی پیشانگای تابلۆکانی ئەو کچە شێوەکارە گوتی: من لەبەر زیاتر سەرقاڵبوونم بە خوێندن دەرفەتم نەبووە بۆ کردنەوەی پیشانگای تایبەت بە خۆم، بەڵام بەشداری دەیان پیشانگای شێوەکاری بوومە، بەتایبەت لەگەڵ پیشانگاکانی ڕێکخراوی یونسێف و سەرکەوتنی باشیشم بەدەست هێناوە، بەڵام ئێستا لە بەرنامەشمدایە لەئایندەیەکی نزیکدا پیشانگایەکی تایبەت بە خۆم و بە ژمارەیەك تابلۆی جوان و پڕ لە واتا بکەمەوە.

لەبارەی جۆری تابلۆکانی ناریمان یوسف دەڵێت: تابلۆکانی من زیاتر باس لە ژیانی ئافرەتانی نێو